# لە "تیۆریی پیاوە شێتەکە"ی نیکسۆنەوە تا جەنگی ترەمپ لەگەڵ ئێران؛ ئایا چارەنووسی جەنگی ڤێتنام دووبارە دەبێتەوە؟

جەنگی ئەمریکا و ئیسرائیل دژی ئێران ئەگەری زۆرە هاوشێوەی جەنگی ڤێتنام لە ساڵی ١٩٧٣دا کۆتایی بێت؛ واتە بە ڕێککەوتنێکی ناسەقامگیر کە بەشێک لە کێشەکان چارەسەر دەکات بەڵام زۆرێک لە پرسە گرنگەکان بەهەڵپەسێردراوی دەهێڵێتەوە. هەروەک چۆن چارەنووسی کۆتاییی ڤێتنامی باشوور بۆ داهاتوو دوا خرا، چارەنووسی کۆماری ئیسلامی و بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێرانیش بۆ کاتێکی دیکە دوا دەخرێت.

گۆڤاری 'فارین ئەفێرز' ('Foreign Affairs') لە وتارێکی شیکاریدا بە بەراوردکردنی جەنگی ئەمریکا و ئیسرائیل دژی ئێران لەگەڵ جەنگی ڤێتنام، ئەو ئارگیومێنتە دەخاتە ڕوو کە ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ تەنیا لە چەند مانگێکدا ئەو ڕێڕەوەی بڕیوە کە ئەمریکا لە ڤێتنامدا بە چەند ساڵێک بڕیبووی؛ لە چوونەناو جەنگ و پەرەپێدانی ململانێکانەوە تا گەیشتن بە چەقبەستوویی و هەوڵدان بۆ چوونەدەرەوە لە ڕێگەی دانوستانەوە. نووسەری وتارەکە پێی وایە جەنگی ئێران، هاوشێوەی ڤێتنام، ئەگەری زۆرە نەک بە سەرکەوتنی تەواوەتیی لایەنێک، بەڵکوو بە ڕێککەوتنێکی ناسەقامگیر و یەکلایینەکراوە کۆتایی بێت.

گۆڤارەکە لە درێژەی وتارەکەدا کە بە قەڵەمی گیدئۆن ڕۆز (Gideon Rose) ئەندامی باڵای ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا (Council on Foreign Relations) و نووسەری کتێبی "چۆن جەنگەکان کۆتاییان دێت ('How Wars End')"ە، دەنووسێت: ئێستا ئیدارەی ترەمپ پێی ناوەتە قۆناغێکەوە کە زیاتر لە سەردەمی ڕیچارد نیکسۆن دەچێت: سەرەتا هەڕەشەوگوڕەشە و، پاشان تێگەیشتنی پلەبەپلە لەو ڕاستییەی کە دەبێت لە جەنگەکە بێتە دەرەوە، ئەویش لە ڕێگەی ڕێککەوتنێکی نەک زۆر جێی ڕەزامەندییەوە. ئەگەر ئەم ڕەوتە بەم خێراییە بەردەوام بێت، دەستوەردان لە ئێران ئەگەری هەیە لە چەند مانگی داهاتوودا کۆتایی بێت؛ کاتێک کە تا ئەو دەمە، شەپۆلی لۆمەکردن و تاوانبارکردنی یەکتریش دەستی پێ کردووە.

بێ گومان هیچ لێکچوونێکی مێژوویی بەتەواوی ورد نییە و جیاوازیی ئاشکرا لەنێوان جەنگی ئێران و ڤێتنامدا هەیە؛ لە جیاوازیی ناوچەکە و ئایدیۆلۆژیاکانەوە بگرە تا کورتتربوونی بڕگەی زەمەنی، نەبوونی هێزی زەمینی و سەربازیی زۆرەملێی ئەمریکا، نەگۆڕانی ئیدارە لە واشنتۆن و، هەروەها کاریگەریی تەکنەلۆژیا پێشکەوتووە سەربازییەکان. لەگەڵ ئەوەیشدا، لێکچوونی گرنگ لە پێکهاتەی هەردوو جەنگەکەدا دەبینرێت. لەوێوە کە پێکهاتەی جەنگەکان بژاردەی سیاسەتمەداران سنووردار دەکات، تێگەیشتن لەم مۆدێلانە دەتوانێت سەرەداومان سەبارەت بە شێوازی کۆتاییهاتنی ئەم ململانێیانە پێ بدات.

جەنگی ئەمریکا و ئیسرائیل دژی ئێران ئەگەری زۆرە هاوشێوەی جەنگی ڤێتنام لە ساڵی ١٩٧٣دا کۆتایی بێت؛ واتە بە ڕێککەوتنێکی ناسەقامگیر کە بەشێک لە کێشەکان چارەسەر دەکات بەڵام زۆرێک لە پرسە

گرنگەکان بەهەڵپەسێردراوی دەهێڵێتەوە. هەروەک چۆن چارەنووسی کۆتاییی ڤێتنامی باشوور بۆ داهاتوو دوا خرا، چارەنووسی کۆماری ئیسلامی و بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێرانیش بۆ کاتێکی دیکە دوا دەخرێت.

**نیوەی ڕێگە لەگەڵ ليندۆن جۆنسۆن**

لە تشرینی دووەمی ١٩٦٣دا، سەرکردەکانی هەردوو وڵاتی ڤێتنامی باشوور و ئەمریکا تیرۆر کران و، لیندۆن جۆنسۆن لەناکاو بەڕێوەبردنی دوو وڵاتی قەیراناویی گرتە ئەستۆ. لە ڤێتنام، هێزە ڕێکخراو و خاوەن ئیرادەکانی باکوور، شانبەشانی هێزە گەریلاکانی هاوپەیمانیان لە باشوور، پلەبەپلە بەسەر حکوومەتە بێتواناکەی ڤێتنامی باشووردا پێشڕەوییان دەکرد. ئەگەر واشنتۆن هەنگاوێکی بۆ گۆڕینی ئەم ڕەوتە نەنابا، وا دەردەکەوت کە سایگۆن لە کۆتاییدا دەڕووخێت و وڵاتەکە لەژێر حوکمڕانیی کۆمۆنیستەکاندا یەک دەگرێتەوە.

جۆنسۆن و تیمەکەی زۆر گەشبین نەبوون بە سەرکەوتن لە جەنگەکەدا، بەڵام لە دەرەنجامە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی شکست دەترسان. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیش بڕیاریان دا پشتگیرییەکانیان بۆ حکوومەتی سایگۆن زیاد بکەن؛ بەو ئومێدەی نمایشکردنی هێز، "هانۆی" ناچار بە پاشەکشە بکات.

سەرەتا ئەم پشتگیرییە تەنیا ناردنی هاوکاریی ئابووری و ڕاوێژکاری سەربازیی لەخۆ دەگرت. دواتر نۆرەی بۆردوومان هات. پاشان هێزی زەمینی ڕەوانە کرا و دواتریش هەموو شتێک پەرەی سەند. لەگەڵ ئەوەیشدا، هانۆی لە ئامانجە سەرەکییەکانی پاشەکشەی نەکرد و خۆی بەدەستەوە نەدا. تا ساڵی ١٩٦٨، جەنگەکە هێندە تێچووی دارایی و گیانیی هەبوو و هێندە قەوارەی قەیرانی ناوخۆییی لە ئەمریکا گەورە کردبوو کە واشنتۆن بەدوای ڕێگەی چوونەدەرەوەدا دەگەڕا. خودی جۆنسۆن هەرگیز شکستی قبووڵ نەکرد، بەڵام ڕەوتی پەرەسەندنی جەنگەکەی ڕاگرت، بە شێوەیەکی تاکلایەنە کۆتاییی بە بۆردوومانەکان هێنا، لە سیاسەت کشایەوە و کێشەکەی بۆ جێگرەوەکەی جێ هێشت.

لە کۆتاییدا، ڕیچارد نیکسۆن بووە جێگرەوەی جۆنسۆن؛ ئەو کەسەی کە لەگەڵ هێنری کیسینجەری ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی، ئەرکی کۆتاییهێنان بە جەنگەکەیان بۆ مابووەوە، بەڵام سەرمایەی سیاسیی ئەوتۆیان بۆ سەرکێشییە نوێیەکان نەبوو. نە نیکسۆن و نە کیسینجەر هەرگیز بیریان لە وازهێنانی ئاسانی ڤێتنامی باشوور نەکردەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەدوای پێناسەکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان زلهێزەکاندا دەگەڕان و دەیانزانی ئەمریکا دەبێت تا ڕاددەیەک زوو ئەم جەنگە تێ پەڕێنێت؛ بێ گومان پێش هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆکایەتی.

ئەوان سەرەتا هەوڵیان دا ئامانجە کۆنەکان بە تێکەڵەیەکی نوێ لە بەکارهێنانی هێز و فێڵکردن (بلۆف) بەدی بهێنن. ئومێدیان ئەوە بوو ڤێتنامی باکوور بە بۆردوومانی قورس و هەڕەشەی توند پاشەکشە بکات، سۆڤیەت و چین بۆ یارمەتیدان بکەونە ژێر گوشارەوە و ڕای گشتیی ئەمریکاش بە کەمکردنەوەی سنووورداری ژمارەی هێزەکان هێور ببێتەوە؛ هەروەها کۆی ئەم هەنگاوانە ببنە هۆی ڕێککەوتنێک کە کشانەوەی ئەمریکا، مانەوەی ڤێتنامی باشوور و پاشەکشەی هێزەکانی باکوور دەستەبەر بکات.

ئەمە هەمان ئەو قۆناغە بوو کە ئێچ ئاڕ هاڵدمان (H. R. Haldeman) سەرۆکی دیوانی کۆشکی سپی، دواتر لە بیرەوەرییەکانیدا وتی: "نیکسۆن دڵنیا بوو کە لە کۆتاییدا دەتوانێت ڤێتنامی باکوور ناچار بە

دانوستانی ڕاستەقینەی ئاشتی بکات. هەڕەشەکردن، ڕەگەزە سەرەکییەکە بوو و ناوی بۆ تیۆرییەکەیشی هەڵبژاردبوو. ئەو گوتی: من ناوم ناوە تیۆریی پیاوە شێتەکە. دەمەوێت ڤێتنامی باکوور بڕوا بکات کە من گەیشتوومەتە قۆناغێک کە ڕەنگە بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگەکە هەر کارێک بکەم. تەنیا بەسە پێیان بگەیەنین لەبەر خودا، نیکسۆن بەرامبەر کۆمۆنیزم هەستیارە. کاتێک تووڕە دەبێت کەس ناتوانێت کۆنترۆڵی بکات و پەنجەیشی لەسەر دوگمە ئەتۆمییەکەیە؛ ئەوکات خودی هۆ شی مین (Ho Chi Minh) لە ماوەی دوو ڕۆژدا لە پاریس دەبێت و، بۆ ئاشتی دەپاڕێتەوە.”

بەڵام ئەم ستراتیژییە شکستی هێنا. سۆڤیەت نەیدەتوانی یان نەیدەویست گوشاری پێویست بخاتە سەر ڤێتنامی باکوور بۆ ئەوەی ڕێککەوتنەکە قبووڵ بکات، هێزە کۆمۆنیستەکانیش نە داڕمان و نە پاشەکشەیان کرد و جەنگەکەیش بەردەوام بوو. تا پاییزی ١٩٦٩، حکوومەتی ئەمریکا تا ڕاددەیەک گەڕابووەوە هەمان خاڵی سەرەتا، بەو جیاوازییەی کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەستی پێ کردبوو؛ پرسێک کە هەم ئارەزووی ڕای گشتیی ئەمریکای بۆ کشانەوەی زیاتر بەرزتر دەکردەوە و هەم پاڵنەری دەدا بە هانۆی تا چاوەڕێی بێهێزبوونی واشنتۆن بکات.

بێئومێدی لە کۆشکی سپیدا زیاتر بوو. کیسینجەر فەرمانی بە تیمەکەی دا پلانێک بۆ وەشاندنی “گورزێکی دڕندانە و سزادەرانە” لە دوژمن ئامادە بکەن. ئەو پێی گوتن: “ناتوانم بڕوا بکەم وڵاتێکی پلەچواری وەک ڤێتنامی باکوور خاڵی داڕمانی نەبێت.”

پێش هێرشەکە، بەرپرسانی حکوومەتی ئەمریکا مۆڵەتی کۆتایی (ئۆڵتیماتۆم)یان بە سۆڤیەت و ڤێتنامی باکوور دا کە سازش بکەن؛ ئەگەرنا ڕووبەڕووی دەرەنجامەکان دەبنەوە. بەڵام کاتێک لایەنی بەرامبەر گوێی بەم ئۆڵتیماتۆمە نەدا، واشنتۆنیش هەڕەشەکانی جێبەجێ نەکرد. لە کۆتاییدا، نیکسۆن و کیسینجەر گەیشتنە ستراتیژیی دووەم بۆ چوونەدەرەوە لە جەنگ؛ تێکەڵەیەک لە کشانەوەی پلەبەپلەی هێزەکانی ئەمریکا، زیادکردنی هاوکارییەکان بۆ حکوومەتی نگوین ڤان تیو (Nguyen Van Thieu) لە سایگۆن و بەدواداچوونی چڕوپڕی دانوستانەکان.

ئەم ڕەوتە لە ساڵی ١٩٧٣دا بووە هۆی ڕێککەوتنێک کە ئەو دەرفەتەی بە ئەمریکا دا تا جەنگەکە ڕابگرێت و دیلەکانی بگەڕێنێتەوە بۆ وڵات، بەبێ ئەوەی بەفەرمی خیانەتی لە هاوپەیمانەکەی کردبێت. بەڵام وردەکارییەکانی ڕێککەوتنەکە ڕێگەی بە هێزە کۆمۆنیستەکان دا لەو ناوچانەی باشووردا بمێننەوە کە لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا بوو؛ پرسێک کە دەرفەتی پێ دان دوای کشانەوەی ئەمریکا، ئۆپەراسیۆنەکانیان دەست پێ بکەنەوە. هەر ئەم کێشەیە، لەگەڵ ئەو کۆتوبەندانەی کۆنگرێسی ئەمریکا بۆ دەستوەردانی دووبارە سەپاندی، دوای دوو ساڵ بووە هۆی ڕووخانی ڤێتنامی باشوور.

**ترەمپ و دووبارەبوونەوەی مۆدێلی ڤێتنام لە ئێران**

هەروەک چۆن جۆنسۆن لە ڤێتنام مامەڵەی کرد، دۆناڵد ترەمپیش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕەوتانەی جێگەی نیگەرانی بوون، چووە ناو جەنگ لەگەڵ ئێران. هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە حوزەیرانی ٢٠٢٥دا زیانێکی قورسیان بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران گەیاندبوو. بەڵام دوای ئەوە، تاران دەستی بە دروستکردنەوەی توانای سەربازیی تەقلیدیی خۆی کرد و ئیسرائیل و ئەمریکا نیگەران بوون لەوەی ئەم ڕەوتە لە کۆتاییدا قەڵغانێکی بەهێز دروست بکات کە تاران بتوانێت لە سێبەریدا درێژە بە

بەرنامە ئەتۆمییەکەی بدات.

ترەمپ گەرەنتییەکانی ئیسرائیلی قبووڵ کرد؛ بەوەی کە هێرشێکی قورس بۆ لەناوبردنی سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی دەتوانێت حکوومەتی ئێران بڕووخێنێت و کێشەکە بۆ یەکجارەکی چارەسەر بکات. هەر لەبەر ئەوەیش، لە کۆتاییی مانگی شوباتدا ڕەزامەندیی لەسەر هێرشی هاوبەشی ئەمریکا و ئیسرائیل دا. ئەم هێرشانە بەشێکی گەورەی توانای سەربازیی ئێرانیان وێران کرد و ژمارەیەکی زۆری بەرپرسانی ئێرانی کوشت، لەوانە عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی. بەڵام موجتەبا خامنەیی جێگەی باوکی گرتەوە و پێکهاتە ڕەگداکوتاوەکەی کۆماری ئیسلامییش بەردەوام بوو لە کارەکانی. لەوەیش خراپتر، ئێران هێرشی کردە سەر وڵاتانی دراوسێ لە کەنداوی فارس و بە سنووردارکردنی تێپەڕبوونی کەشتییەکان لە گەرووی هورمز، قەیرانێکی وزەی جیهانیی دروست کرد.

لە مانگی نیساندا، ترەمپ کە لە هەنگاوەکانی هاوشێوەی جۆنسۆن نائومێد ببوو، ڕووی لە مۆدێلەکەی نیکسۆن کرد و ستراتیژییەکی نوێی لەسەر بنەمای گوشاری زیاتر، مۆڵەتی کۆتایی (ئۆڵتیماتۆم)، هەڕەشە و پێشنیازی دانوستان گرتە بەر.

زیندووکردنەوەی "تیۆریی پیاوە شێتەکە" بووە هۆی ئاگربەستی هەشتی نیسان و دانوستانی ڕاستەوخۆی نێوان بەرپرسانی ئەمریکا و ئێران بە نێوەندگیریی پاکستان، بەڵام نەبووە هۆی بەدەستهێنانی ئەو سازشانەی کە واشنتۆن مەبەستی بوو. گەرووی هورمز هەر بەداخراوی مایەوە و داواکارییەکانی هەردوو لایەنیش مەودایەکی زۆریان لەنێواندا بوو.

ترەمپ کە هەرگیز پلانی بۆ جەنگێکی درێژخایەن دانەنابوو و ئێستا ڕووبەڕووی بەرزبوونەوەی تێچووەکان و دابەزینی پشتگیریی ناوخۆیی بووەتەوە، بەڕوونی بەدوای ڕێگەیەکی ئابڕوومەندانەدا دەگەڕێت بۆ چوونەدەرەوە؛ ڕێک هاوشێوەی نیکسۆن و کیسینجەر لە سەرەتای حەفتاکاندا. بەڵام ئێرانییەکانیش وەک ڤێتنامی باکوور، سەرسەختانە بەرگری دەکەن و بڕوایان وایە دەتوانن لە ململانێیەکی پڕووکێنەردا خۆڕاگر بن.

ئەوەی پێ دەچێت لە داهاتوودا ڕوو بدات، ڕێککەوتنێکە کە جەنگەکە دەوەستێنێت، هاتوچۆی کەشتییەکان دەست پێ دەکاتەوە و چارەسەرکردنی زۆرێک لە ناکۆکییەکانی دیکە بەناڕوونی دەهێڵێتەوە یان بۆ داهاتوو دوای دەخات. هەروەک چۆن چارەنووسی ڤێتنامی باشوور دواتر دیاری کرا، چارەنووسی کۆتاییی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران و تەنانەت خودی کۆماری ئیسلامییش ئەگەری زۆرە بۆ کاتێکی دیکە دوا بخرێت.

**یاریی پۆکەر**

لە هەمان کاتدا، ئەو هێزانەی کۆریای باکوور کە شانبەشانی ڕووسیا لە ئۆکراینا دەجەنگن، پێ دەچێت هەستی "دێژاڤو (Déjà vu)"یان هەبێت؛ وەک ئەوەی مۆتەکەی نەوەی پێش خۆیان دووبارە ئەزموون بکەنەوە و لە گۆماوێکی خوێنی پڕووکێنەردا بووبێتنە قوربانیی مرۆیی.

لە کۆتاییەکانی حوزەیرانی ١٩٥٠دا، هێزەکانی کۆریای باکوور لە هێرشێکی کتوپڕدا هێڵی پانیی ٣٨ پلەیان تێ پەڕاند؛ هێرشێک کە ئامانج لێی خستنەژێر کۆنترۆڵی تەواوی نیمچەدوورگەی کۆریا بوو بۆ ژێر

دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکان. ئیدارەی هاری ترومەن ئەم هەنگاوەی بە یەکێک لە گرنگترین هێرشەکان لە کاتی هەڵکشانەکانی جەنگی سارددا دانا و، ئەمریکای پابەند کرد بە بەرگریکردن لە کۆریای باشوور؛ هەنگاوێک کە بە پشتگیریی نەتەوە یەکگرتووەکان جێبەجێ کرا.

هێزەکانی کۆریای باکوور بە درێژاییی هاوین پێشڕەوییان کرد و لە کۆتاییدا هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیان لە ناوچەیەکی بچووکی دەوروبەری بەندەری بوسان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کۆریا گەمارۆ دا. بەڵام لە مانگی ئەیلوولدا، ئۆپەراسیۆنە ئاوی-وشکانییە سەرکەوتووەکەی جەنەڕاڵ دۆگلاس مەک ئارسەر (Douglas MacArthur) لە بەندەری ئینچۆن، لەپشت هێڵەکانی دوژمنەوە، ڕەوتی جەنگەکەی گۆڕی و ئەم جارە هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بوون کە کۆریای باکووریان پاشەکشە پێ دەکرد.

لە مانگی تشرینی یەکەمدا، سەرکردەکانی ئەمریکا کە بەهۆی سەرکەوتنەکەوە سەرمەست ببوون و دەرفەتێکی چاوەڕواننەکراویان بۆ یەکخستنەوەی نیمچەدوورگەکە لەژێر حوکمڕانیی کۆریای باشووردا دەبینی، مۆڵەتیان بە مەک ئارسەر دا تا ئۆپەراسیۆنەکە قووڵتر لەناو خاکی کۆریای باکووردا درێژە پێ بدات؛ دەسەڵاتێک کە تا پێی کرا، بەکاری هێنا. بەڵام هەرچەندە هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان زیاتر بەرەو باکوور پێشڕەوییان کرد، جەنگەکە جارێکی دیکە ئاراستەی خۆی گۆڕی. هێزەکانی چین بۆ یارمەتیدانی کۆریای باکوور چوونە ناو جەنگەکەوە و سوپای نەتەوە یەکگرتووەکانیان ناچار بە پاشەکشەی خێرا بەرەو باشوور کرد.

هیندستان و بریتانیا ئەمریکایان خستە ژێر گوشارەوە کە دانوستانەکان دەست پێ بکات؛ بۆ ڕێککەوتنێک کە دەستبەرداربوونی تایوان و قبووڵکردنی چین لە نەتەوە یەکگرتووەکانی لەخۆ دەگرت. بەڵام ئیدارەی ترومەن ئەم پێشنیازەی ڕەت کردەوە و بڕیاری دا جارێکی دیکە چانسی خۆی لە گۆڕەپانی جەنگدا تاقی بکاتەوە و، بەڕاستییش لەژێر فەرماندەیی نوێی ماتیۆ ڕیجوەی (Matthew Ridgway) هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان جارێکی دیکە ڕەوتی جەنگەکەیان گۆڕی و سەرەتای ساڵی ١٩٥١ دووبارە بەرەو باکووری نیمچەدوورگەکە پێشڕەوییان کرد.

لەم قۆناغەدا، هەردوو لایەنی جەنگەکە گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە تێپەڕاندنی چەقبەستوویی هەنووکەیی، لەڕاددەبەدەر قورس و تێچووی زۆر دەبێت. لەبەر ئەوەیش، وردە وردە بیریان لە کۆتاییهێنان بە جەنگەکە لە ڕێگەی دانوستان و لەسەر بنەمای پاراستنی دۆخی هەنووکەیی (Status quo) کردەوە. بەڵام جەنەڕاڵ دۆگلاس مەک ئارسەر دژی ئەم بڕیارە بوو و بەئەنقەست هەوڵی دا شکستی پێ بهێنێت. ئەو ئاشکرایە هەڵوێستی جەنگخوازانەی دەگرتە بەر و لە وتووێژ لەگەڵ کۆمارییەکانی کۆنگرێسدا ڕەخنەی لە حکوومەت دەگرت. لە کاردانەوەی ئەمەدا، هاری ترومەن، سەرۆککۆماری ئەمریکا، لە مانگی نیساندا مەک ئارسەری لە فەرماندەیی گشتی دوور خستەوە و "ماتیۆ ڕیجوەی"ی خستە شوێنی.

لە مانگی حوزەیراندا، دوای ئەوەی هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هێرشێکی بەرفراوانی چینیان تێک شکاند، نوێنەری سۆڤیەت لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە وتارێکی ڕادیۆییدا پێشنیازی کرد هەردوو لایەن لەسەر ئاگربەست لە هێڵی پانیی ٣٨ پلەدا ڕێک بکەون و لە مانگی تەمموزدا دانوستانی ڕاستەوخۆ بۆ ئاگربەست دەستی پێ کرد. چاودێرانی ئەو کاتە پێیان وا بوو ڕێککەوتنەکە لە چەند هەفتەیەکدا بەدەست

دێت. یەکەمین دانوستانکارانی ئەمریکا تەنانەت جلی فەرمیی ڕێوڕەسمی واژۆکردنەکەیان لەگەڵ خۆیاندا بردبوو و یەکەمین دانوستانکارانی چینیش تەنیا جلی هاوینەیان هێنابوو. بەڵام دانوستانەکان گەیشتنە چەقبەستوویی و، جەنگە خوێناوییەکە دوو ساڵی دیکەیش بەردەوام بوو. لە کۆتاییدا، ئاگربەست لە تەممووزی ١٩٥٣ و نزیکەی لەسەر هەمان ئەو هێڵانە واژۆ کرا کە هەردوو لایەن لە سەرەتای دانوستانەکاندا تێیدا جێگیر بووبوون.

لێکچوونەکانی جەنگی کۆریا و ئۆکراینا

لێکچوونەکانی نێوان جەنگی کۆریا و جەنگی ئۆکراینا بەرچاون. جەنگی ئێستای ئۆکراینا بە هێرشی کتوپڕی ڕووسیا لە کۆتاییی شوباتی ٢٠٢٢ دەستی پێ کرد. هەروەک چۆن کۆریای باکوور لە ساڵی ١٩٥٠ هەوڵی دەدا ئەو خاکەی بە هی خۆی دەزانی داگیری بکاتەوە، ڕووسیاش پێشڕەوییەکی بەرفراوانی بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو ناوچانە دەست پێ کرد کە بە بەشێک لە خاکی مێژوویی خۆی دەزانێت و دیسانیش هاوشێوەی جەنگی کۆریا، ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپی پابەندبوونی خۆیان دەربڕی بۆ پشتگیریکردن لەو وڵاتەی کراوەتە ئامانجی هێرشەکە.

هەروەک ئەوەی لە کۆریا ڕووی دا، ساڵی یەکەمی جەنگی ئۆکراینا گۆڕانکاریی گەورەی مەیدانی و جێگۆڕکێی بەرفراوانی هێڵەکانی شەڕی بەخۆیەوە بینی؛ بەڵام دوای ئەوە، جەنگەکە بۆ چەند ساڵێک پێی نایە ناو چەقبەستووییەکی قورس و پڕووکێنەر بە درێژاییی هێڵە تا ڕاددەیەک جێگیرەکان. کاتێک ترەمپ لە ساڵی ٢٠٢٥ دەسەڵاتی گرتە دەست، هەوڵی دا لایەنەکان ناچار بە ڕێککەوتن بکات؛ ئەو لە لایەکەوە بە ورووژاندنی ئەگەری پاراستنی دەستکەوتە زەمینییەکانی ڕووسیا، مۆسکۆی هان دەدا و لە لایەکی دیکەیشەوە بە کەمکردنەوەی پشتگیرییەکان بۆ ئۆکراینا، "کییێڤ"ی خستە ژێر گوشارەوە. بەڵام هیچ یەک لە دوو لایەنەکە ئامادە نەبوون ڕێککەوتنەکە قبووڵ بکەن و جەنگ بەردەوام بوو. لەگەڵ ئەوەیشدا، تا لایەنەکان زیاتر شەکەت و نائومێد ببن، ئەگەری ئەو ڕێککەوتنەی کە ئەم چەقبەستووییەی ئێستا بەفەرمی بناسێنێت، زیاتر دەبێت.

هاوشێوەی جەنگی کۆریا، جەنگی ئۆکرایناش لەڕاددەبەدەر خوێناوی بووە؛ بە سەدان هەزار کوژراوی سەربازی و ملیۆنان بریندار و قوربانیی مرۆیی. لە جەنگی کۆریاشدا ملیۆنان مەدەنی کوژران یان بریندار بوون. کاتێک تێچوویەکی هێندە زەبەلاح بۆ دەستکەوتگەلێکی تا ئەم ڕاددەیە سنووردار دەدرێت، کاریگەرییەکەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دەمێنێتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە، هەروەک چۆن دوای جەنگی کۆریا ململانێکان سەریان هەڵنەدایەوە، لە ئۆکرایناش ئەگەر جەنگەکە بوەستێت، دوورە بەم زووانە دووبارە بڵێسە بسەنێتەوە؛ بەتایبەتی لەبەر ئەوەی هێڵی سنووریی نوێ بەوردی و بەهەستیارییەکی توندەوە دەپارێزرێت.

**ئەم جارەیش جیاواز نییە**

هەر چوار جەنگەکە بە هەڕەشەی ئەتۆمییەوە ئاوێتە بوون. ئەم مۆدێلە یەکەم جار لە جەنگی کۆریا دەرکەوت؛ یەکەمین جەنگ کە تێیدا ئەگەری ڕوودانی جەنگێکی بەرفراوانی ئەتۆمی لەنێوان دوو بلۆکەکەدا هەبوو. زلهێزە ئەتۆمییەکان لەم جەنگانەدا چەندان جار هەڕەشەی بەکارهێنانی بۆمبی ئەتۆمییان کرد تا لایەنی بەرامبەر ناچار بە پاشەکشە بکەن، بەڵام هیچ کات بەکردەیی ئەو هەڕەشەیەیان جێبەجێ نەکرد.

ئەمریکا لە کۆریا و ڤێتنام چەکی ئەتۆمیی بەکار نەهێنا، ڕووسیا لە ئۆکراینا کارێکی لەو شێوەیەی نەکردووە و ئەمریکا و ئیسرائیلیش لە جەنگی ئێراندا، وێڕای هەر جۆرە لێدوانێکی ئاپۆکالیپتی (Apocalyptic) چەکی ئەتۆمی بەکار ناهێنن. بەڵام پاڵنەرەکان بۆ پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی بێ گومان زیاتر دەبن. بۆ هیچ وڵاتێک ئەو ڕاستییە شاراوە نابێت کە ئۆکراینا تەنیا دوای دەستبەرداربوون لە توانای ئەتۆمیی خۆی کرایە ئامانجی هێرش و، لە کاتێکدا کۆریای باکووری خاوەن چەکی ئەتۆمی لە ئاسایشدایە، ئێرانی بێ چەکی ئەتۆمی بووەتە وێرانە. هەروەها هەر چوار جەنگەکە نەک تەنیا کێشە و گرژیی نێوان دوژمنەکانیان تێدا بوو، بەڵکوو لەنێوان هاوپەیمانەکانیشدا؛ بابەتێک کە زۆر سەیر نییە، چونکە زلهێزە گەورە و بچووکەکان بەرژەوەندی و بەرپرسیارێتیی جیاوازیان هەیە.

دیسانیش ئەم مۆدێلە یەکەم جار لە جەنگی کۆریا بینرا. کاتێک زلهێزە گەورەکان بڕیاریان دا کاتی کۆتاییهاتنی جەنگەکە نزیک بووەتەوە، هاوبەشە بچووکەکانیشیان ناچار بە هاوڕایی کرد. دوای مردنی ستالین، سەرکردە نوێیەکانی سۆڤیەت بڕیاریان دا تێچووەکان کەم بکەنەوە و ڕێگە بدەن ئاگربەست بەرەوپێش بچێت، لە کاتێکدا واشنتۆنیش سیئۆلی ناچار کرد ڕێککەوتنێک قبووڵ بکات کە دژی بوو.

بیست ساڵ دواتر، ئەمریکا هەمان کاری لەگەڵ سایگۆن کرد. ئۆکراینا تا ئەمڕۆ لە بەرامبەر گوشارێکی لەو جۆرەدا خۆڕاگریی کردووە، بەڵام ئەگەر ڕووسیا ڕۆژێک ئامادە بێت ڕێککەوتنێکی قبووڵکراو پەسەند بکات، ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەورووپییەکانی ڕێگەیەک دەدۆزنەوە تا کیێڤ پێی ڕازی بکەن.

هەمان پرس سەبارەت بە ئێرانیش ڕاستە؛ کاتێک ئیدارەی ترەمپ و ئێران دەگەنە خاڵێکی هاوبەش، ئەمریکا داواکارییەکانی ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبیی کەنداو بۆ بەردەوامبوونی ئەوپەڕی گوشارەکان (Maximum pressure) وەلا دەنێت. لەم ڕۆژانەدا قسەوباسێکی زۆر لەسەر ئەوە دەکرێت کە شکستی واشنتۆن لە گەیشتن بە ئامانجەکانی لە ئێران، نیشانەی داکشانی حەتمیی هێزی ئەمریکایە.

بۆ نموونە، یەکێک لە مانشێتەکانی ئەم دواییەی ڕۆژنامەی "نیویۆرک تایمز ('New York Times')" نووسیبووی: "چین زیاتر لە جاران ئەمریکا لە سەردەمی ترەمپدا وەک ئیمپراتۆرییەتێکی لە دۆخی داڕماندا دەبینێت." زۆر کەس لە ناوخۆ و دەرەوەی ئەمریکاش هەمان بۆچوونیان هەیە. بەڵام هەمان ئەم قسانە دوای شکستی ئەمریکاش لە ڤێتنام دەکران؛ لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەمریکا تەنیا چەند ساڵێک دواتر دووبارە بەهێز بووەوە و بۆ چەندان دەیە هەژموونی جیهانیی ئەزموون کرد.

هیچ گەرەنتییەک نییە کە بووژانەوەیەکی جیۆپۆلیتیکیی لەم شێوەیە دووبارە ببێتەوە، بەڵام داینامیکی داهێنەرانەی سەرمایەداریی ئەمریکا و توانای خۆنوێکردنەوەی دیموکراسیی ئەمریکی بە درێژاییی سەدەکان چەندان جار هەلومەرجە مەحاڵەکانی گۆڕیوە و، دوورە ئێستا بوەستێت.

ڕەنگە گرنگترین لێکچوونی مێژوویی لە تەواوی ئەم جەنگانەدا، گەشبینیی ساویلکانەی سەرکردەکان بێت لە کاتی جەنگدا؛ ئەو سەرکردانەی کە پێیان وایە دەکرێت بەسادەیی بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی ئامانجە سیاسییەکان بەدەست بهێنرێن، دوژمن کاردانەوەی جددیی نابێت و هیچ پێویستییەک بە پلاندانانی ستراتیژیی ورد نییە.

لە جەنگیشدا، ڕێک وەک بازاڕ، ڕەنگە مەترسیدارترین ڕستە ئەمە بێت: "ئەم جارە جیاوازە."

سەرچاوە:

https://parsi.euronews.com/2026/05/21/from-nixons-mad-man-theory-to-trumps-war-with-iran-will-the-fate-of-the-vietnam-war-r

---

# دیپلۆماسییەتی پراگماتیکیی ئەکتەرێکی نادەوڵەتی: ڕەهەند و ئامانجەکانی سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ڕۆما و ڤاتیکان

پێنووس

لە کۆتاییەکانی شوباتی ٢٠٢٦ەوە، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازیی بەرفراوانی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران، هاوکێشە ئەمنییەکانی لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا داڕشتووەتەوە. عێراق — کە دەکەوێتە نێوان هێزە کێبڕکێکارەکان — بووەتە گۆڕەپانێکی لاوەکیی ئەم ململانێیە. لە هەمان کاتدا، هەرێمی کوردستان لە ناوخۆدا لەبەردەم پرۆسەی چەقبەستوویی سیاسی، پێکهێنانی حکوومەت و ڕێکخستنەوەی ناوماڵی خۆیدایە و، لەسەر ئاستی بەغدا و ناوچەکەیش ڕووبەڕووی چەندان ئاڵنگاریی سیاسی و ئابووری بووەتەوە.

هەر بۆیە سەردانی دوو ڕۆژەی (١٨ و ١٩ی ئایار)ی "نێچیرڤان بارزانی"، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ڕۆما و ڤاتیکان لە بۆشاییدا دروست نەبووە، بەڵکوو لەناو یەکێک لە ناجێگیرترین دۆخە هەرێمییەکانی ناوچەکە و لە کاتێکی هەستیاری ناوخۆییدا ئەنجام دەدرێت. کۆبوونەوەکانی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ ژمارەیەک لە بەرپرسانی باڵای حکوومەتی ئیتاڵی و دەوڵەتی ڤاتیکان (قەداسەتی پاپا لیۆی چواردە پاپای ڤاتیکان، هەروەها کاردیناڵ پیێترۆ پارۆلین، سەرۆکوەزیرانی ڤاتیکان، سێرجیۆ ماتارێلا، سەرۆککۆماری ئیتاڵیا و ئەنتۆنیۆ تایانی، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری دەرەوە، ویدۆ کرۆسێتۆ، وەزیری بەرگریی ئیتاڵیا و...)، ڕووداوێکی دیپلۆماسیی پڕبایەخە بۆ هەرێمێکی نادەوڵەتی، کە دەیەوێت لەم ژینگە سەختەی جیۆپۆلیتیکی و پڕ لە ململانێیەدا وەک قەوارەیەکی سەقامگیر و ناوچەیەکی ئارام بۆ پێکەوەژیانی

سیاسی و ئایینی لە عێراق و ناوچەکەدا دەربکەوێت.



لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە بۆچی ئێستا و بۆچی ئیتاڵیا؟

ڕەنگە نەخشە جوگرافییەکان پێمان بڵێن "ڕۆما" و "هەولێر" هەزاران کیلۆمەتر لێکەوە دوورن، لێ کاتێک پەردە لەسەر دۆسیەکانی ئاسایش، وزە، ئابووری و، پرسە کەلتوورییەکان لا دەدەین، دەبینین ئیتاڵیا یەکێکە لە هاوبەشە نزیکەکانی هەرێمی کوردستان لەنێو یەکێتیی ئەورووپادا. ڕۆما بەوردی لە برینە مێژوویییەکانی ناوچەکە تێ دەگات و کێشەی کوردی زۆر باش خوێندووەتەوە؛ تا ئەو ڕاددەیەی ئێستا بووەتە زمانحاڵ و پێشەنگی دیپلۆماسیی وڵاتانی باشووری ئەورووپا، کاتێک بابەتەکە دێتە سەر پرسی عێراق.

ئەم سەردانە سێ تەوەری سەرەکیی لەخۆ گرتووە کە تەواوی ڕەهەندەکانی پەیوەندییەکانی هەولێر و ڕۆما دادەپۆشن و مەبەستەکانی گەشتەکە ڕوون دەکەنەوە:

**یەکەم: ڕەهەندی ئەمنی و سەربازی (گۆڕانکارییە ستراتیژییەکان)**

مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٢٦ وەرچەرخانێکی ستراتیژیی گەورەی تۆمار کرد. بەهۆی ئاڵۆزبوونی دۆخی ئەمنیی ناوچەکەوە، هاوپەیمانیی ناتۆ بڕیاری دا سەرجەم ستافی ئەرکەکەی لە عێراق، لە بەغداوە بگوازێتەوە بۆ فەرماندەییی هێزی هاوبەشی هاوپەیمانان لە ناپۆلی (Allied Joint Force Command Naples) لە ئیتاڵیا. هەرچەندە پاڵنەری سەرەکیی ئەم هەنگاوە پاراستنی گیانی هێزەکان بوو، بەڵام لێکەوتەیەکی بونیادیی قووڵی بەدوای خۆیدا هێنا: لەمەودوا ئیتاڵیا چەقی بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆن و جووڵەکانی ناتۆیە لە عێراق.

لە لایەکی دیکەوە، ئیتاڵیا یەکێکە لە ئەندامە چالاکەکانی "هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش". دوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئیتاڵیا دووەم گەورەترین وڵاتە کە هێزی بۆ ئەرکی ناتۆ لە عێراق دابین کردووە (بە زیاتر لە ١,٢٦٠ سەرباز)، کە کرۆکی ئەم جێگیرکردنە لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ دەستی پێ کردووە و بارەگا سەرەکییەکەی لە هەولێرە. سەربازانی ئیتاڵی لەو سەردەمەی تارماییی داعش باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو، هاوکاریی پێشمەرگەیان کرد؛ کە ئەمە خۆی پردێکی ئەمنی و دیپلۆماسیی

بەهێزی دروست کردووە و، پەیوەندیی نێوان پێشمەرگە و ڕاوێژکارانی سەربازیی ئیتاڵیا مێژوویەکی سەرکەوتووی هەیە.

لەپاڵ ئەمانەدا، ئەگەری کشانەوەی ئەمریکا لە کۆتایی ئەمساڵدا (٢٠٢٦) هەمیشە لە ڕۆژەڤ و پلاندایە؛ بۆیە گرنگە هەرێمی کوردستان لەم بوارەدا هەوڵی خۆی بدات و هەموو هێلکەکانی لە یەک سەبەتەدا حەشار نەدات. کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری بەرگریی ئیتاڵیا، مەبەست لێی دڵنیابوونەوەیە لە بەردەوامیی پشتگیرییە سەربازی، ڕاوێژکاری و، مەشقەکانی سوپای ئیتاڵیا، بەتایبەت کە مەترسییەکانی تیرۆر هێشتا بەتەواوی کۆتاییان نەهاتووە. بەدەستهێنانی بەڵێنی نوێ لە وەزیری بەرگری بۆ بەردەوامیی مەشق و ڕاهێنانەکان، یارمەتیدەرێکی گەورە دەبێت بۆ پرۆسەی چاکسازی و یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لەژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگەدا؛ کە ئەمە هەمیشە لە ئەجێندا و کاری سەرەکیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بووە. ئامانجی سەردانەکەی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی تەنیا بەسەرکردنەوەیەکی ئاسایی نییە، بەڵکوو دانوستانە لەگەڵ ئەو دەوڵەتەی کە ئێستا لەسەر خاکەکەی خۆیەوە جڵەوی ئەو ئەرکە سەربازییەی گرتووەتە دەست کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و دانەبڕاوی بە داهاتووی ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە هەیە.

## دووەم: ڕەهەندی سیاسی و ئابووری-بازرگانی

لە کاتێکدا هەوڵێک هەیە بۆ لاوازکردنی قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان، پێشوازیکردنی سەرۆکی هەرێم لەلایەن لووتکەی دەسەڵاتی وڵاتێکی وەک ئیتاڵیا (کە ئەندامی کارای یەکێتیی ئەورووپا و کۆمەڵەی G7یە)، نامەیەکی ڕوونە بۆ بەغدا و وڵاتانی ناوچەکە، کە هەرێمی کوردستان هێشتا وەک ئەکتەرێکی سەرەکی، فەرمی و جێگەی متمانە لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دەیەوێت ئەو پەیامە بەگوێی دۆست و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بدات کە هەرێمی کوردستان سەرەڕای بوونی کێشەکان، ڕژدە لەسەر دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک.

لەپاڵ سیاسەتدا، پرسی نەوت و غاز و بەرژەوەندییە ئابوورییەکان قسەی یەکەم دەکەن. وڵاتێکی وەک ئیتاڵیا کە بەردەوام تینووی سەرچاوەی وزەیە، لە ڕێگەی زەبەلاحێکی وەک کۆمپانیای ENIیەوە زۆرترین سەرمایەی لەسەر خاکی عێراق و کوردستاندا خستووەتە گەڕ. بەگوێرەی ئامارەکانی پەیمانگەی ئیتاڵی بۆ لێکۆڵینەوە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان (ISPI) تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٢دا عێراق بڕی ١٣,٣٪ی کۆی خواستی نەوتی خاوی ئیتاڵیای دابین کردووە؛ ئەمەیش عێراق دەکاتە چوارەم گەورەترین دابینکەری نەوت بۆ ئەو وڵاتە. ئەم ژمارەیە دوای هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا و پێویستییە خێراکەی ئیتاڵیا بۆ هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی وزە، گرنگییەکی زۆری پەیدا کرد. بۆ ڕۆما، سەقامگیری و توانای بەرهەمهێنانی هەرێمی کوردستان چەمکێکی گریمانەیی نییە، بەڵکوو گۆڕاوێکی ڕاستەوخۆیە لە هاوکێشەی ئاسایشی نەتەوەیی وزەی ئیتاڵیادا.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر ژیرانە پرسەکانی بازرگانی و ئابووری دەخاتە پێش سیاسەتەوە، چونکە دەزانێت کاتێک بەرژەوەندیی ئابووریت لەگەڵ وڵاتێکدا گرێ دا، سیاسەتەکەیشیان خۆبەخۆ دەکەوێتە خزمەتتەوە. جێگەی ئاماژەیە لە ٢١ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٦، ئەنتۆنیۆ تایانی (Antonio Tajani) جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری دەرەوەی ئیتاڵیا، لە ڕۆما لەگەڵ سەرۆک "مەسعوود

بارزانی” کۆ بووەوە و جەختی لەسەر ئارەزووی کۆمپانیا ئیتاڵییەکان کردەوە بۆ فراوانکردنی هاوکارییەکان لە کەرتەکانی وزە، ژێرخان، دەرمانسازی و خۆراکی کشتوکاڵی. بەیاننامەکەی ئەوکات بەڕوونی ئاماژەی بە کۆڕبەندێکی پێشووتری کارسازیی ئیتاڵیا-کوردستان دا و هاوبەشییەکەی بە هاوبەشییەکی ئابووریی گەشەسەندوو و هاریکارییەکی بەرهەمداری بەرگری وەسف کرد.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئیتاڵیا لەسەر ئاستی جیهان ناوبانگی بە مۆدێلی پرۆژە بچووک و مامناوەندەکان (SMEs) دەرکردووە، ئەم سەردانەی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دەتوانێت ڕێگە خۆش بکات بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنەران و هێنانی تەکنەلۆژیای نوێی ئیتاڵی لە بوارەکانی شوێنەوارناسی، گەشتوگوزار، کشتوکاڵ و پیشەسازی بۆ هەرێمی کوردستان؛ کە ئامانج لێی هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهاتە لە دەرەوەی کەرتی نەوت.

### سێیەم: ڕەهەندی مرۆیی و ئایینی (پاپای ڤاتیکان)

دیدار لەگەڵ پاپای ڤاتیکان، مەبەستی سەرەکی لێی دووپاتکردنەوەی پابەندیی هەرێمی کوردستانە بە پاراستنی فرەییی ئایینی و نەتەوەیی، بەتایبەت پاراستنی کریستیانەکان لە عێراق و هەرێمدا؛ هەروەها نیشاندانی ڕۆڵی هەرێم وەک پەناگەیەکی ئارام بۆ ئاوارە و پەنابەرانی پێکهاتە جیاوازەکان دوای جەنگی داعش.

ڤاتیکان پەیوەندیی دیپلۆماسیی لەگەڵ ١٨٣ وڵاتدا هەیە و هێزێکی نەرمی کەموێنە وەک ناوبژیوانێکی ئەخلاقی لە ململانێ نێودەوڵەتییەکاندا بەکار دەهێنێت. بۆ هەرێمێک کە میوانداریی ئاشووری، کلدانی و سریانییەکان دەکات، سەرنجی ڤاتیکان جۆرێکە لە داکۆکیکردن کە هیچ دامەزراوەیەکی دیکە ناتوانێت هاوشێوەی بێت. سەرۆک نێچیرڤان بارزانی وەک دیپلۆماتکارێکی باڵای ناوچەکە زۆر باش لە کۆد و گرنگییەکانی ئەو پەیامە تێ گەیشتووە و دەزانێت پاپا کاریگەرییەکی ڕۆحی و مەعنەویی گەورەی بەسەر بڕیاری سیاسیی وڵاتانی ڕۆژاوادا هەیە.

ستایشکردنی هەرێمی کوردستان لەلایەن پاپاوە بەهۆی پاراستنی کەمینە ئایینییەکان، ناوبانگی جیهانیی هەرێم وەک ”پایتەختی پێکەوەژیانی ئاشتییانە” لە ناوچەیەکی پشێو و ئاڵۆزدا بەرز دەکاتەوە. لە ڕێگەی ئەمەیشەوە، بارزانی هەرێمی کوردستان بە تۆڕێکی جیهانیی وڵاتانی زۆرینە کاسۆلیکەوە دەبەستێتەوە؛ کە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی هاوسۆزیی نێودەوڵەتیی زیاتر بۆ بەربەست و کێشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا.

### دیپلۆماسیی پراگماتیکیی تۆڕی: دۆکترینی نێچیرڤان بارزانی

ئەگەر قووڵتر سەرنج بدەینە شێوازی کارکردنی دیپلۆماسیی نێچیرڤان بارزانی، ڕووبەڕووی ستایلێکی دیپلۆماسی دەبینەوە کە کەموێنەیە و لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا بە ”دیپلۆماسیی پراگماتیکیی تۆڕیی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان” پێناسە دەکرێت. نێچیرڤان بارزانی دەزانێت بۆ ئەکتەرێکی نادەوڵەتی چەندە ئەستەمە لەنێوان دەوڵەتانی خاوەن سەروەریدا بەرژەوەندی و ئاسایشی خۆی بپارێزێت؛ بۆیە زۆر واقعبینانە هەنگاو دەنێت. لەبری ئەوەی بە دروشمی گەورە داوای ناواقعی لە دەوڵەتان بکات و دراوسێ و زلهێزەکان هەستیار بکات، ئەو لە دەرگەی ئابووری، ئاسایشی هاوبەش و کەلتوورەوە دەچێتە ژوورەوە و بە زمانێکی دیپلۆماسیی نەرم و هێمنانە بە ئەورووپا دەڵێت: ”ئێمە هاوبەشێکی بەسوود و جێی متمانەین بۆ ئێوە”.

لە نێوەندی ئەم سەردانەدا، یەکێکی تر لە تایبەتمەندییە دیارەکانی دۆکترینی دیپلۆماسییەکەی دەرکەوت، ئەویش فراوانکردنی بازنەی دۆستەکانێتی. ئەو تەنیا لە دەرگەی کۆشکی سەرۆکوەزیران نادات، بەڵکوو دەچێتە ناو پەرلەمان، لەگەڵ گەورە بازرگانان دادەنیشێت و، تا دەگاتە ڤاتیکان. تەنانەت لەبەر ئەوەی ئیتاڵیا خۆی مێژوویەکی ئاڵۆزی لەگەڵ پرسی ناوچە ئۆتۆنۆمییەکانی وەک سیسیلیا (Sicily) و سەردینیا (Sardinia) هەیە، بارزانی بە زمانێک قسەیان لەگەڵ دەکات کە پرس و کێشە مێژووییەکانی خۆیانیان بیر دەهێنێتەوە. هەروەها کەسایەتیی تایبەتی نێچیرڤان بارزانی وا دەکات کە بۆ پرسە هەستیارەکانی وەک "مافی مرۆڤ" و "ئازادییەکان"یش لە پەرلەمانی ئەو وڵاتەدا، هەمیشە بە لۆژیک و سینگێکی فراوانەوە ئامادەیە بەرسڤیان بداتەوە.

لە ئێستادا کە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا بەدەست ئاگری جەنگ و ناسەقامگیرییەوە دەناڵێنن — لە قەیرانی ئۆکرانیاوە بگرە تا ئاڵۆزییەکانی ئێران — پەیامەکەی هەولێر زۆر سادە و کاریگەرە: ئێمە دوورگەیەکی ئارامین لەناو زەریایەک لە پشێویدا.



**کۆبەند**

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین لەم دۆخەدا — کشانەوەی هێزەکانی ئیتاڵیا، مەترسیی کشانەوەی ئەمریکا، پەرەسەندنی جەنگی هەرێمی و دروستبوونی گوشار لەسەر هاوبەشییە درێژخایەنەکان — پەیامی سەردانەکەی بارزانی بۆ ڕۆما دیپلۆماسی، خێرا و ستراتیژی بوو. ئامانجەکە دڵنیاییدان بوو بە ئیتاڵیا کە هەرێمی کوردستان هاوبەشێکی جێی متمانەیە، لەگەڵ مسۆگەرکردنی ئەوەی پەیوەندییە ئابووری، سەربازی و ئەمنییەکان لەژێر گوشاری کورتخایەندا دانەڕمێن.

ئیتاڵییەکان زۆر باش گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا، پشتیوانیکردنی هەرێمی کوردستان گەرەنتییەکی زۆر زیاتری تێدایە تا مامەڵەکردن لەگەڵ سیاسەتی هەڵبەز و دابەزی بەغدا. ئەم باوەڕەیش وای کردووە ئیتاڵی و ئەوروپییەکان سەرۆک نێچیرڤان بارزانی وەک سەردانیکەرێکی کاتی نەبینن، بەڵکوو وەک میواندار و هاوپەیمانێکی هەمیشەیی حیسابی بۆ بکەن؛ کە ئەمەیش مامەڵەکردنی لە ڕۆژە سەختەکاندا زۆر ئاسانتر کردووە.

ئەم سەردانە نیشانی دا کە هەرێمی کوردستان تەنیا لە بوارێکی جیۆپۆلیتیکیی ناوخۆیی عێراقیدا زنجیر نەکراوە، بەڵکوو دۆستێکی ستراتیژیی ڕۆژاوایە لە پاراستنی سەقامگیری، جەنگی دژی تیرۆر و، پاراستنی مافی مرۆڤ و کەمینەکاندا. گرنگیی گەورەی ئەم سەردانە لەوەدایە کە بەبێ ئەوەی تێچوویەکی سیاسیی گەورەی بوێت، قورساییی سیاسیی هەرێمی کوردستانی لەسەر ئاستی ئەورووپا دووپات کردەوە و هێزێکی نوێی دایە پێگەی دانوستانکاری هەولێر لە ناوخۆ و دەرەوەدا؛ سەرەڕای ئەو دۆخە سیاسییە ناوخۆیییەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە و مەترسییەکانی جەنگی ئێران و ئەمریکاش لە ناوچەکەدا.

بەکورتی، دیپلۆماسییەکەی نێچیرڤان بارزانی پشت بە هونەری "دروستکردنی پرد لە دوای پرد" دەبەستێت، کە هەر پردێکیان تەنیا دیدارێکی وشک نییە، بەڵکوو بە دروستکردنی پەیوەندیی دووقۆڵی و فرەقۆڵی، هەرێمی کوردستان ئاوێتەی تۆڕی بەرژەوەندی و ئاسایشیان دەکات و، شوێنپێی کورد لە کیشوەری ئەورووپادا قایمتر دەکات تا ببێتە سەرمایەیەک بۆ داهاتوو.

---

# حکوومەتی زەیدی؛ نەخشەڕێگەی نوێی شیعە لەنێوان مانۆڕی سیاسی و گرەوی مانەوەدا

د. یاسین تەها، پسپۆڕ لە مێژووی ئایینزا ئیسلامییەکان و شارەزا لە کاروباری عێراق

**دەسپێک**

پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق لەلایەن "عەلی زەیدی"یەوە، پێشهاتێکی نوێ و جێگەی سەرنجە لە پرۆسەی سیاسیی وڵاتدا. زەیدی وەک کاندیدێکی نائاسایی و لەدەرەوەی چوارچێوە و نەریتە کلاسیکییەکانی ناوماڵی شیعە دەرکەوتووە؛ ئەمەیش ئاماژەیە بۆ گۆڕانی شێوازی بیرکردنەوەی جەمسەرە سیاسییەکان. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەم پێشهاتە لایەنە شیعەکان دەخاتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەخت بۆ دروستکردنی هاوسەنگییەکی ورد لەنێوان "داخوازییە ناوخۆیییەکان" و "هاوکێشە ئاڵۆزە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکاندا". ئەم شرۆڤەیە تیشک دەخاتە سەر پاشخان و ڕەهەندە سیاسییەکانی دیاریکردنی "عەلی زەیدی" بۆ سەرۆکایەتیی وەزیران، میکانیزمی کاری ئێستای هێزە شیعەکان و ئەگەرەکانی سەرکەوتن یان شکستهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی فیدراڵ لە بەغدا.

# یەکەم: کابینەی خۆگونجاندن لەگەڵ ئەمریکا

پاش پێنج مانگ لە ناکۆکی و ململانێی ناوخۆیی دوای هەڵبژاردن و، لە سایەی جۆرێک لە "ئاگربەستی سارد"ی نێوان ئەمریکا و ئێراندا، عێراق چووە قۆناغی پێکهێنانی دەیەمین کابینەی حکوومەت لەدوای ٢٠٠٣. ئەم قۆناغە بە ڕاسپاردنی "عەلی زەیدی"، بازرگانێکی تەمەن ٤٠ ساڵان، دەستی پێ کرد؛ کاندیدێک کە وەک وەڵامێکی ناچاریی هێزە شیعەکان بۆ گۆڕانی هاوکێشە هەرێمایەتی و دەرەکییەکان دەبینرێت. ئەم هەنگاوە، کە دوای دوو مانگ لە پێشێلکردنی وادە دەستوورییەکان و بە دەنگدانێکی "نیوەچڵ" تێ پەڕی، دەشێت وەک وەرچەرخان لە ڕەفتاری سیاسیی شیعەدا تەماشا بکرێت؛ بەتایبەت لەپاش ئەزموونی ڕاسپاردنی "مستەفا کازمی" بۆ پێکهێنانی حکوومەت لەنێو گێژاوی لێکەوتەکانی تشرین و پەتای کۆرۆنادا (٢٠٢٠). تێپەڕاندنی حکوومەتی زەیدی، بەکردەیی "چەمانەوە بوو لەبەردەم گەردەلوولی گوشارەکانی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ"دا؛ کە ئەمەیش لەم ئاماژانەی‌خوارەوەدا بەڕوونی دیارە:

* ترەمپ بەئاشکرا و لە هەژماری‌خۆیەوە لە "تروس سۆشاڵ"دا، ڤیتۆی لەسەر "نووری مالیکی" هەبوو پاش ڕاسپاردنی بۆ پێکهێنانی حکوومەت لەلایەن چوارچێوەی شیعییەوە؛ هاوکات ئیدارەکەیشی لە زنجیرەیەک بەیاننامەی وەزارەتی دەرەوە و باڵیۆزخانەی بەغدادا، ناڕەزایەتییەکی قووڵی بەرامبەر "محەمەد شیاع سوودانی" نیشان دەدا. ئەم ناڕەزایەتییە بەتایبەت پاش ئەوە هات کە لە "جەنگی چل ڕۆژەی ئەمریکا-ئیسرائیل و ئێراندا"، سوودانی نەیتوانی جڵەوی گرووپە چەکدارە وەلائییەکان بگرێت؛ ئەمەیش وای کرد چانسی نوێکردنەوەی ویلایەتەکەی لای ئەمریکییەکان لەبار بچێت و بەڕاشکاوی بێهیوای بکەن و، ئەم پەیامەیش بە هێزە شیعەکان بگەیەنن (الشمري ، ٢٠٢٦). هەر ئەمەیش هێزە شیعەکانی ناچار کرد ناوی "عەلی زەیدی" وەک کاندید بۆ ئەمریکا پێشنیاز بکەن و ڕەزامەندیی پێشوەختەی بۆ وەرگرن.

* دیاریکردنی "عەلی زەیدی" وەک کاندیدێکی نائاسایی بۆ سەرۆکایەتیی وەزیران، لادان بوو لە بژاردە سیاسییە باوەکان. کاتێک ڕژێمی پێشوو لە ساڵی ٢٠٠٣دا ڕووخا و بناغەی عێراقی نوێ داڕێژرا، عەلی فالح زەیدی (تەمەن ٤١ ساڵ) تەنیا قوتابییەکی قۆناغی ئامادەیی بوو. ئەو بەشێک نییە لەو نەوە سیاسی و ڕێکخراوەیییەی کە خۆیان بە "باوکانی دامەزرێنەر"ی پرۆسەی سیاسیی عێراق دەزانن، بەڵام لە وەرچەرخانێکی مێژووییدا، خۆی لەنێو جەرگەی یەکێک لە ئاڵۆزترین قەیرانەکانی عێراقدا بینییەوە.

زەیدی، کە خەڵکی پارێزگای "زیقار"ە، پێشتر هیچ پۆستێکی فەرمیی نەبووە. کاندیدبوونی، بەرهەمی تەوافوقێکی ناچاریی ناوخۆیی و گوشاری واشنتۆن بووە بۆ تێپەڕاندنی کەسایەتییەکی "دوور لە تاران". زەیدی لە دەساڵی ڕابردوودا وەک یەکێک لە سەرمایەدارە هەرە دیارەکانی عێراق ناسراوە. ئەو خاوەنی تۆڕێکی دارایی و خزمەتگوزارییە کە بریتین لە: بانکی باشوور بۆ وەبەرهێنان، زانکۆی شەعب، کۆمپانیای نیشتمانیی هۆڵدینگ -سەرپەرشتیاری زنجیرە هایپەرمارکێتەکان-، چەندان ناوەندی پزیشکی و بازرگانی، لەگەڵ کەناڵی ئاسمانیی دیجلە (بڕوانە: الجزیرة نت، 2026). ئەم پاشخانەیشی بەتەواوی جیاوازە لە گوتاری باوی "شیعەی سیاسی" لە عێراقدا، کە هەمیشە سەرمایە ڕەمزی و سیاسییەکەی لەسەر چەمکەکانی وەک "جیهاد"، ئاوارەیی، بەرهەڵستکاریی ڕژێمی بەعس و جەنگی دژ بە قاعیدە و داعش بونیاد ناوە.

لەم چوارچێوەیەدا، یەکێک لە پەرلەمانتارە شیعەکان بەسەرسوڕمانەوە دەڵێت: "ڕەنگە زەیدی لە ژیانی سیاسییدا تەنانەت بەشداریی دەنگدانیشی نەکردبێت"، بەڵام پێی وایە چونکە ئەو "کوڕی بازاڕە"، دەشێت لەم قۆناغەدا سەرکەوتوو بێت (شبكة 964، 2026). پاشخانی زەیدی وەک بازرگان و خاوەنکارێک، وای کردووە هێنانەپێشەوەی وەک سەرۆکوەزیران زیاتر وەک "دیزاینکردنی وێنەیەکی نوێی دەسەڵات" تەماشا بکرێت. ئەمە هەوڵێکە بۆ نیشاندانی ڕوخسارێکی مۆدێرن و بێلایەن بە جیهان، بەبێ ئەوەی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە جەوهەری دەسەڵاتدا ڕوو بدات؛ چونکە هێشتا وەزارەتەکان لەسەر بنەمای "پشکپشکێنەی حزبی" دابەش دەکرێن و هێزە شیعە کلاسیکییەکان جومگە گرنگەکانی بڕیاریان بەدەستەوەیە.

لایەنە شیعەکان وەک "پردی پەیوەندی" و ئامرازێکی "پراگماتی" سەیری زەیدی دەکەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئیدارەی ترەمپ و وڵاتانی کەنداودا، کە لەم قۆناغەدا زیاتر گرنگی بە بازرگانی و دارایی دەدەن. بەهۆی ئەوەیشی زەیدی هیچ ئەزموونێکی ئەمنی و سەربازیی نییە، کۆنترۆڵکردنی بڕیاری ئاسایش لەلایەن هێزە شیعە چەکدارەکانەوە ئاسانتر دەبێت.

* بەپێی زانیارییە دزەپێکراوەکان، واشنتۆن مەرجی پێشوەختەی هەبووە کە نابێت شەش گرووپی سەرەکیی شیعە لە کابینەی زەیدیدا پشکیان هەبێت، کە بریتین لە: کەتائیبی حزبوڵڵا، بزووتنەوەی نوجەبا، کەتائیبی سەییدولشوهەدا، بزووتنەوەی عەسائیب، ئەنسارولڵای ئەوفیا و، کەتائیبی ئیمام عەلی. ئەمە لە کاتێکدا گرووپە چەکدارە شیعەکان خاوەنی ٨٠ کورسیی پەرلەمانین (الحرة، 2026)، لە کۆی دەوروبەری ١٨٧ کورسیی پێکهاتەی شیعە کە ١٦٣یان لەنێو "چوارچێوەی هەماهەنگی"دا خۆیان ڕێک خستووە. لە پێکهێنانی حکوومەتیشدا ئەم خواستەی ئەمریکا لەبەرچاو گیرا و لە قۆناغی یەکەمی حکوومەتدا ئەم گرووپانە بەشدارییان پێ نەکرا.

* بزووتنەوەی عەسائیب کە یەکێکە لە دیارترین گرووپە چەکدارەکانی شیعە، بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گوشارەکانی ئەمریکادا جۆرێک لە "نەرمیی پۆپۆلیستی" نیشان دەدات. سەرکردەکانی ئەم بزووتنەوەیە، لەوانەیش یاریدەدەری سیاسیی ئەمیندار، باس لە ئامادەییی خۆیان دەکەن بۆ "کۆکردنەوەی چەک لەدەستی دەوڵەتدا" و ڕووکردنە کاری سیاسیی پەتی (العبودي، 2026). ئەم گۆڕانکارییە تاکتیکییە، ئامانجەکەی بەدەستهێنانی پۆستی باڵایە؛ چونکە چاویان لەوەیە "لەیس خەزعەلی" (برای قەیس خەزعەلی)، پۆستی جێگری سەرۆکوەزیران وەرگرێت؛ ئەوەیش لە ڕێگەی ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانی ئەمریکاوە ئەنجام دەدرێت.

* سەرچاوە شیعەکان ئاشکرای دەکەن کە هۆکاری بەتاڵهێشتنەوەی ٨ پۆستی وەزاری لە کابینەی زەیدیدا، هەوڵێکی زەیدی بووە بۆ "خۆلادان لە پێکدادان لەگەڵ ترەمپدا". باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا، ڕاسپێردراوە بۆ "فلتەرکردنی" ناوی وەزیرەکان، تا دڵنیا بن لەوەی هیچ کەسایەتییەکی سەر بە ئێران تێ ناپەڕێت. تەنانەت باس لە کۆبوونەوەیەکی نهێنی دەکرێت چەند کاتژمێرێک پێش دانیشتنی پەرلەمان، کە تێیدا زەیدی لیستی کاندیدەکانی نیشانی تیمێکی دیپلۆماسیی ئەمریکی داوە بۆ وەرگرتنی "تیشکی سەوز" ( بڕوانە: شبكة 964، 2026).

* پێش ڕاسپاردنی زەیدی، ناوماڵی شیعە لە عێراقدا دابەش بووبوو بەسەر دوو جەمسەردا: یەکەمیان

جەختی لە پێکهێنانی حکوومەت لە وادە دەستوورییەکاندا دەکردەوە تا دەوڵەت لە پەککەوتن و بۆشاییی دەستووری و یاسایی ڕزگار بکات. دووەمیشیان، بە پاڵپشتیی تاران، داوای دواخستنی پرۆسەکەیان دەکرد تا کۆتاییهاتنی جەنگ. تاران دۆسیەی حکوومەتی عێراقی وەک "کارتێکی گوشار" بۆ سەر ئەمریکا دەبینی و، دەیویست لە ڕێگەی بۆشاییی سیاسییەوە دڵنیا بێتەوە کە بەغدا هیچ هەنگاوێکی دژبە بەرژەوەندییەکانی تاران نانێت (مركز الإمارات للسياسات، 2026).

لە کۆتاییدا، ئاراستەی پێکهێنانی حکوومەت سەرکەوتنی بەدەست هێنا و پێکهێنانی کابینەکە لەژێر سێبەری "عەلی زەیدی"دا، عێراقی بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە بارمتەگرتنی تاران دوور خستەوە و لە هاوکێشەی جەنگی ڕاستەوخۆی ئەمریکا و ئێرانیش دەرهێنا، یان لانی کەم توانیی عێراق لەو چەقە مەترسیدارە دەرباز بکات. هەر ئەمەیش دەشێت هۆکار بێت کە ئێران پاش وڵاتانی دیکە و تەنیا لە ڕێگەی پەیامێکی سۆشیاڵ میدیاییی "عەباس عێراقچی" وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەیەوە، پیرۆزباییی ڕاسپاردنی زەیدی بۆ پێکهێنانی حکوومەت بکات.

ئەم "خۆگونجاندنانەی" سەرەوە، ئاماژەیەکی ڕوونە کە هێزە شیعەکان لە ترسی سزا داراییيە توندەکان و بۆ پاراستنی مانەوەی خۆیان لە دەسەڵاتدا، ئامادەن یەک هەنگاو لە ئەجێنداکانی تاران دوور بکەونەوە و بەرەو واشنتۆن هەنگاو بنێن. ستایشی ئاشکرای ترەمپ بۆ دیاریکردنی زەیدی و بانگهێشتکردنی بۆ کۆشکی سپی، دەشێت ئاماژەیەکی ڕوون بێت کە ئەم کابینەیە، کابینەی "ئاشتی لەگەڵ ئەمریکا"یە لەسەر حیسابی "هەژموونی ئێران".

دووەم: دەرفەتەکانی سەرکەوتن و ئەگەرەکانی شکستی کابینەی زەیدی

ئەلف: دەرفەتەکانی سەرکەوتنی حکوومەت

جگە لە سازانی ناوخۆیی، حکوومەتی نوێی عێراق لەسەر ئاستێکی بەرفراوانی نێودەوڵەتی پێشوازیی لێ کرا؛ کە ئەمەیش یەکێکە لە ئەگەرە بەهێزەکانی گریمانەکردنی سەرکەوتنی "عەلی زەیدی". پاشخانی دارایی و بازرگانیی زەیدی، هیوای ئەوەی لای چاودێران دروست کردووە کە بتوانێت عێراق لە قەیرانێکی خنکێنەری دارایی دەرباز بکات؛ بەتایبەت دوای ئەوەی جەنگی چل ڕۆژە هەناردەی نەوتی عێراقی بۆ نزمترین ئاست دابەزاند و وڵاتی خستە بەردەم مەترسیی مایەپووچبوونی خەزێنە و پەنابردن بۆ قەرزی دەرەکیی قورس.

لە یەکەم ئاماژەی ئەرێنیی واشنتۆن بۆ ئەم کابینەیە، "تۆم باراک"، نێردەی تایبەتی ترەمپ بۆ کاروباری عێراق، پەیامێکی گەرمی ئاراستەی زەیدی کرد و ڕای گەیاند: "سەرۆک ترەمپ و مارکۆ ڕۆبیۆ و ویلایەتە یەکگرتووەکان ئامادەن لەنزیکەوە کار لەگەڵ ئێوە و حکوومەتەکەتان بکەن، بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکان، کە خۆشگوزەرانی بۆ گەلی عێراق و شکستی تیرۆر بەدی بهێنێت" (توم براک، 2026). ئەم پەیامە نیشانەی ئەوەیە کە واشنتۆن ئامادەیە "لاپەڕەیەکی نوێ" لەگەڵ بەغدا بکاتەوە، بەو مەرجەی زەیدی بتوانێت هاوسەنگییەکان بپارێزێت.

شان بە شانی ئەمەیش گرنگترین وەرچەرخان لە ڕەفتاری گرووپە وەلائییەکاندا دەردەکەوێت. ڕاوێژکارێک کە وەک نوێنەری سوودانی لە خولەکانی گفتوگۆدا لەگەڵ هێزە سیاسییەکان بەشدار بووە، بۆ کەناڵی

"الحرة" ئاشکرای کردووە کە "هەندێک لە گرووپە چەکدارەکان لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەکردەیی دەستیان کردووە بە گەڕان بەدوای ناوبژیوانی هەرێمی و ناوخۆیی بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان؛ بەو ئومێدەی بگەڕێنەوە بۆ بەشداریکردن لە حکوومەت یان بەدەستهێنانی پۆستی جێبەجێکردن لە قۆناغی داهاتوودا" (الحرة، 2026). ئەم گرووپانە درک بەوە دەکەن کە واشنتۆن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ چاودێریی پێکهاتەی حکوومەتە نوێیەکە دەکات، بەتایبەت ئەو پۆستانەی پەیوەندییان بە دۆسیە ئەمنی و ئابوورییەکانەوە هەیە.

سەرچاوە ئاگادارەکانی ناوخۆی شیعە باس لەوە دەکەن لای بەشێک لە هێزە چەکدارەکانی شیعە ئەو قەناعەتە دروست بووە کە بەرگریکردن لە بەرانبەر گوشارەکانی ئەمریکادا بووەتە کارێکی "سەخت". هەندێک لەو گرووپانەیش بەکردەوە دەستیان کردووە بە گەڕان بەدوای "دەرچەی سیاسیی واقعی"دا؛ بە جۆرێک ڕێگەیان پێ بدات بە شێوەیەکی قۆناغ بە قۆناغ لە هاوکێشەی "چەک و دەسەڵات" بکشێنەوە، لە بەرانبەر پاراستنی پێگە و هەژموونی پەرلەمانی و سیاسیی خۆیان (الشرق الأوسط، 2026).

ئەم ئاماژانەیش دەرفەت دەدەنە زەیدی تاوەکوو بە پاڵپشتیی نێودەوڵەتی، جڵەوی بڕیاری سیاسی و ئەمنی لە عێراقدا بگرێتەوە دەست و وڵات لە بازنەی ململانێیەکی بێهوودە دەرباز بکات.

با: لەمپەرەکانی بەردەم کابینەی زەیدی و ئەگەرەکانی شکست

سەرەڕای ئەو کەشە گەشبینانەی لە سەرەتای ڕاسپاردنیدا دروست بوو، بەڵام حکوومەتەکەی "عەلی زەیدی" ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاڵنگاری (نەحەددا)ی بنەڕەتی دەبێتەوە کە ڕەنگە تەمەنی کابینەکەی کورت بکەنەوە. ئەم بەربەستانە لە چەند ڕەهەندێکی جیاوازدا کورت دەبنەوە، لەوانەیش:

* تێپەڕاندنی وەزارەتەکان لەناو "چوارچێوەی هەماهەنگی"دا، زیاتر لە "ڕێککەوتنێکی ناچاریی کاتی" دەچێت نەک ستراتیژییەکی درێژخایەن. دابەشکردنی پۆستەکان نەخشەیەکی نوێی لە ململانێ و هاوسەنگیی هێز لە ناوماڵی شیعەدا کێشا؛ بە جۆرێک هەندێک لە هێزە شیعەکان توانییان پۆستەکانیان مسۆگەر بکەن (وەک ڕەوتی حیکمە، نەهجی نیشتمانی و ڕێکخراوی بەدر)، بەڵام ئیئتلافی دەوڵەتی یاسا، سەرەڕای قورسایی "نووری مالیکی"، نەیتوانی لە گەڕی یەکەمی پێکهێنانی حکوومەتدا دەستکەوتێکی ئەوتۆی هەبێت. تەنانەت سەرباری ئامادەبوونی مالیکی لە هۆڵی پەرلەماندا، هیچ وەزارەتێکی لە پشکی ئەو تێپەڕ نەکرا.

هەندێکی دیکەیش لە هێزە شیعەکانی وەک "عەسائیب"، بەهۆی ڤیتۆی ئەمریکاوە لە پەراوێزی چاوەڕوانیدان و هەندێکی تریش وەک هاوپەیمانییەکەی "موحسین مەندەلاوی" لە گەڕی یەکەمدا هیچ پۆستێکیان بەرنەکەوتووە. ئەم دۆخە وای کردووە ڕێک دوای دانیشتنی متمانەدان بە کابینەکەی عەلی زەیدی، سەرەتاکانی لێکترازان لەناو "چوارچێوەیهەماهەنگی"دا دەربکەون و ئەو درزانە قووڵتر بن کە پێش دەنگدانە پەرلەمانییەکە هەبوون. لە لایەکی دیکەیشەوە، متمانەدان بە ١٤ وەزیر و هێشتنەوەی ٩ وەزارەتی سیادی و گرنگ (وەک ناوخۆ، بەرگری و خوێندنی باڵا) بەهەڵپەسێردراوی، ئاماژەیەکی ڕوونە کە ناکۆکییە قووڵەکان هێشتا وەک خۆیان ماونەتەوە.

جگە لە ناکۆکییە ناوخۆییەکانی ناوماڵی شیعە، هەندێک لە هێزە سیاسییە شیعەکان چوونەتە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنەوە، لەوانەیش: "اشراقة كانون" و "حقوق"؛ ئەمەیش گوشارە پەرلەمانییەکان لەسەر زەیدی

زیاتر دەکات (شبكة 964، ٢٠٢٦)، بەتایبەت پاش ئەوەی پێشبینی دەکرێت بەهۆی بێبەشبوون لە پشکەکان، لە ڕۆژانی داهاتوودا لیستی سیاسیی دیکەیش بچێتە پاڵیان.

* دۆسیەی گرووپە چەکدارەکان گەورەترین بەربەستە لەبەردەم سەرکەوتنی کابینەی زەیدیدا. بەپێی هەندێک زانیاریی بەردەست، حکوومەتی نوێ ڕووبەڕووی پێنج مەرجی توندی ئەمریکا بووەتەوە بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندیی نێوان "دەوڵەت و چەک"؛ ئەوانیش بریتین لە: بەرتەسککردنەوەی بڵاوبوونەوەی چەکدارانی حەشد و چۆڵکردنی پێگەکانیان بۆ سوپا، ڕادەستکردنی چەکی قورس و درۆن بە سوپای عێراق، سنووردارکردنی چالاکییە ئابوورییەکانی "کۆمپانیای موهەندیس" (کە هی حەشدی شەعبییە)، دوورخستنەوەی گرووپە چەکدارەکان لە پۆستە ئەمنییەکان و دەرکردنی یاسا و ڕێنماییی قەدەغەکردنی چەکی نایاسایی (مرکز الإمارات للسياسات، 2026). یەکێک لە قورسترین مەرجەکانی واشنتۆنیش بۆ سڕینەوەی ناوی گرووپە چەکدارەکان لە لیستی تیرۆر، "ڕادەستکردنی چەکە قورسەکان"ە، بەتایبەت مووشەکی دوورهاوێژ و درۆنەکان. هەرچەندە لایەنەکانی "چوارچێوەی هەماهەنگی" داوای کاتیان کردووە، بەڵام ئەمریکا بە هەڕەشەی "بڕینی ناردنی دۆلار" و "ڕاگرتنی پاڵپشتیی تەکنیکی بۆ فڕۆکەکانی F-16" وەڵامی داونەتەوە (صحيح العراق، 2026). ئەمەیش بە واتای پەککەوتنی تەواوی هێزی ئاسمانی و داراییی عێراق دێت.

بەرپرسانی واشنتۆن چیتر بە لێدوانە دیپلۆماسییەکان ڕازی نین. بەپێی زانیارییەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، دامەزراوەکانیان لە عێراق ڕووبەڕووی زیاتر لە ٦٠٠ هێرش بوونەتەوە؛ ئەمەیش وای کردووە ئیدارەی نوێ گوشار بخاتەسەر زەیدی تاوەکوو بە هەنگاوی مەیدانی، "جیابوونەوەی دەوڵەت لە میلیشیا" بسەلمێنێت. داواکارییەکانی ئەمریکا ڕاشکاون: دەرکردنی گرووپە وەلائییەکان لە جومگەکانی حکوومەت، بڕینی بوودجە و مووچەی ئەو هێزانە و، ڕاگەیاندنی فەرمیی ئەوەی کە ئەم گرووپانە هیچ شەرعییەتێکیان لەناو دەوڵەتدا نییە (The National, 2026). لەم بەینەیشدا وتەبێژێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا جەختی کردووەتەوە کە واشنتۆن تەنیا چاوەڕێی "ئەنجامی بەرجەستە" دەکات. مامەڵەی داهاتووی ئەمریکا لەگەڵ بەغدادا، بەستراوەتەوە بە ئاستی بێبەشکردنی میلیشیاکان لە پارەی گشتی و دامەزراوەکانی دەوڵەت (الحرة، 2026).

لەم بەرانبەرەیشدا و لە لایەکی دیکەوە، تاران بەنیگەرانییەکی زۆرەوە سەیری "ستایشی ترەمپ بۆ زەیدی" دەکات. "ئیسماعیل قائانی" لە پەیامێکی بڕاوەدا بۆ لایەنە شیعەکان، هێڵە سوورەکانی دیاری کردووە: "هیچ جۆرە سازشێک لەسەر چەکی گرووپەکان و پەیکەری حەشدی شەعبی ناکرێت." قائانی هۆشداریی داوە بە حکوومەتەکەی زەیدی، کە نابێت بە هیچ شێوەیەک بەرەو داواکارییەکانی ئەمریکا بۆ حەسرکردنی چەک هەنگاو بنێت و پێویستە "هاوسەنگی" بپارێزێت (الحرة، 2026).

لە یەکەم تاقیکردنەوەی کردەییشدا بۆ حکوومەتی نوێ، "نازم سەعدی" سەرۆکی ئەنجومەنی جێبەجێکاری بزووتنەوەی "نوجەبا" ڕای گەیاند کە کۆکردنەوەی چەک لەدەستی دەوڵەتدا، تەنیا "چەکی بێسەروبەر و دەرچوولەیاسا" دەگرێتەوە، نەک "چەکی مقاوەمە". ناوبراو جەختی لەوە کردەوە کە چەکی ئەو هێزانەی بەرگرییان لە عێراق و پیرۆزییەکان کردووە، بە هیچ شێوەیەک ناخرێتە خانەی پشێوی و پاشاگەردانییەوە (الشرق الأوسط، 2026).

بەم جۆرەیش مانەوەی عێراق وەک گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ململانێی ئەمریکا و ئێران، سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی لە زەیدی زەوت دەکات. هەروەها لەبەرامبەر هەڕەشەی سزای ئابووریی سەر بانکی ناوەندی و کۆمپانیای "سۆمۆ"، هێزە شیعەکان کەوتوونەتە دۆخێکی شڵەژاوەوە. ئەوان بەکارهێنانی هێز دژی گرووپە چەکدارەکان بە "خۆکوژی" و سەرەتای جەنگی ناوخۆ دەبینن. لە کۆتاییشدا ڕەنگە زەیدی ناچار بێت پەنا بۆ "مەرجەعییەتی نەجەف" ببات؛ وەک تەنیا هێزێک کە بتوانێت بە فەتوایەک یان هەڵوێستێک، چارەسەری پرسی چەکی گرووپەکان بکات و دامەزراوە داراییەکانی عێراق لە تووڕەیی و سزاکانی واشنتۆن بپارێزێت.

* عێراق لەناو قەیرانێکی خنکێنەری ئابووریدایە؛ پشتبەستنی ڕەها بە نەوت و تەشەنەسەندنی گەندەڵی بوونەتە هۆی لاوازیی خزمەتگوزارییە گشتییەکان؛ ئەمەیش بووەتە هۆی ئەوەی زەیدی نەتوانێت لە ماوەیەکی کورتدا هیچ "موعجیزەیەک" پێشکەش بکات. یەکەم وتاری زەیدی وەک سەرۆکوەزیران، کورت و پڕ بوو لە پەیامی نیگەرانی و هۆشداری؛ تێیدا تیشکی خستە سەر کۆمەڵێک تەنگژەی بنەڕەتیی وەک: دۆخی شڵەژاوی دەوڵەت، قورسبوونی بارگرانییە داراییەکان، قەیرانی خزمەتگوزارییەکان، قووڵبوونەوەی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان و پاشەکشەی عێراق لە چوارچێوەی دەوروبەرە سروشتی و ناوچەییەکەیدا. هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە دامەزراوەکانی دەوڵەت بەدەست میراتی قورسی بیرۆکراسی، ئاڵۆزیی کارگێڕی و گەندەڵییەوە دەناڵێنن (بڕوانە: واع، 2026).

هاوکات لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی زەیدیدا، ئاژانسی "ڕۆیتەرز" ئاشکرای کردووە کە عێراق سەرقاڵی پەیوەندیکردنە بە سندووقی دراوی نێودەوڵەتییەوە بۆ ئەوەی قەرز بکات. بەپێی لێدوانی وەزیری نوێی نەوتیش، لە ماوەی یەک مانگدا عێراق تەنیا ١٠ ملیۆن بەرمیل نەوتی لە گەرووی هورمزەوە بۆ دەرباز کراوە؛ لە کاتێکدا پێشتر ڕۆژانە ملیۆنان بەرمیلی لەم گەرووە ئاوییەوە هەناردە دەکرد.

* لە دەرەوەی هۆڵەکانی پەرلەمان، "موقتەدا سەدر" وەک "هەڕەشەیەکی ئامادە" خۆی مەڵاس داوە. سەدر کە ئێستا ڕێبەرایەتیی "ڕەوتی نیشتمانیی شیعە" دەکات، بەتەواوی بنەمای "پشکپشکێنە" (خەڵتەی عەتار) ڕەت دەکاتەوە. ئەو مۆڵەتێکی ٩٠ ڕۆژەی بۆ چاکسازی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دیاری کردووە (الشرق، 2026). ئەم مۆڵەتە وەک "ژماردنی پێچەوانە" دەبینرێت؛ ئەگەر زەیدی نەتوانێت لەم ماوەیەدا گۆڕانکاریی ڕاستەقینە بکات، دەشێت سەدر شەقام بجووڵێنێت و کۆتایی بە تەمەنی حکوومەتەکەی بهێنێت، یان خۆی وەک جێگرەوە نمایش بکات.

## کۆبەند

حکوومەتی عەلی زەیدی (٢٠٢٦) گوزارشت لە قۆناغێکی نوێی "پراگماتیزمی ناچاری"ی هێزە شیعەکان دەکات لە عێراق. دوای ساڵانێک لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی مانەوە لە ناوچەی خۆڵەمێشی، ناوەندی سیاسیی شیعە گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کە پاراستنی "مانەوەی دەسەڵات" و "سەقامگیریی دارایی"، پێویستی بە گۆڕینی ڕوخسار و زمانەوانیی سیاسی هەیە. لێرەوە، عەلی زەیدی وەک "کاندیدێکی زەرووڕەت" و "پردێکی پەیوەندی" لەنێوان تاران و واشنتۆندا هاتە کایەوە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیاری و شیکارییانەی لەم پەیپەرەدا خرانە ڕوو، دەکرێت دەرەنجامەکان لەم سێ

خاڵەدا کۆ بکەینەوە:

1_ سەرکەوتنی سەپاندنی کاندیدێکی بازرگان و دەرەوەی بازنەی ٢٠٠٣ (عەلی زەیدی)، نیشانەی پاشەکشەی نەوەی کلاسیکی شیعە و سەرەتای قۆناغێکی نوێیە کە تێیدا "بایەخی ئابووری و سەقامگیریی دەوڵەت" پێش "بایەخی ئایدیۆلۆژی و مێژوویی" دەکەوێت.

2_ حکوومەتی زەیدی لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی قورسدایە. واشنتۆن لە ڕێگەی گوشارخستنە سەر بانکی ناوەندی و سۆمۆ و پەکخستنی تەکنیکیی فڕۆکەکانی F-16 حکوومەتی خستووەتە بەردەم بژاردەی یەکلایەنە: یان "دەوڵەتێکی بێمیلیشیا" یان "دەوڵەتێکی مایەپووچی گۆشەگیر". لە بەرامبەریشدا، هێڵە سوورەکانی تاران و هەڕەشەی گرووپە چەکدارە وەلائییەکان، مەودای مانۆڕی زەیدییان بۆ کەمترین ئاست کورت کردووەتەوە.

3_ مانەوەی موقتەدا سەدر لە دەرەوەی حکوومەت و دیاریکردنی مۆڵەتی "٩٠ ڕۆژ" بۆ چاکسازی، وەک "بۆمبێکی چێنراو" لەژێر پێی کابینەی زەیدیدا دەبینرێت. ئەم مۆڵەتە وا دەکات حکوومەت نەتوانێت تەنیا بە بەڵێن و لێدوانی دیپلۆماسی کات بکوژێت، بەڵکوو ناچارە لە ناوەڕاستی کێڵگەی مینی "ئەمریکا_ئێران"دا، ئەنجامی بەرجەستە بۆ شەقام و بۆ تاران و بۆ واشنتۆنیش پیشان بدات.

**لە کۆتاییدا** حکوومەتی عەلی زەیدی گەورەترین و ڕەنگە "دوایین گرەوی" ماڵی شیعە بێت بۆ پاراستنی سیستەمی سیاسیی عێراق لە داڕمانێکی گشتگیر. سەرکەوتنی ئەم حکوومەتە، بەندە بە توانای زەیدی لە گۆڕینی عێراق بۆ "وڵاتێکی هاوبەش"؛ بەڵام ئەگەر زەیدی نەتوانێت ململانێی "چەک و دەوڵەت" یەکلا بکاتەوە، ئەوا کابینەکەی تەنیا دەبێتە "پردێکی لەرزۆک" کە وڵات بەرەو قۆناغێکی نادیارتر و پڕ لە پێکدادان پەلکێش دەکات.

## سەرچاوەکان:

**براك، ت.** (2026). *منشور حول التنسيق مع حكومة علي الزيدي* [X] متاح على: https://2h.ae/GXsFZ تاريخ الاطلاع: 15 مايو 2026].

**الجزيرة نت.** (2026). *من هو علي الزيدي المكلف برئاسة الحكومة العراقية؟*. متاح على: https://2h.ae/qCmPN [تاريخ الاطلاع: 14 مايو 2026].

**الحرة.** (2026أ). *خاص بـ"الحرة".. قآني يطرح "ثلاثة شروط" على حكومة الزيدي*. متاح على: https://2h.ae/zSXgQ [تاريخ الاطلاع: 13 مايو 2026].

**الحرة.** (2026ب). *العراق.. الزيدي يبدأ ولايته من دون حلفاء إيران*. [على الإنترنت] متاح على: https://2h.ae/FmjNj [تاريخ الاطلاع: 15 مايو 2026].

**الحرة.** (2026ج). *حكومة جزئية في بغداد*. [على الإنترنت] متاح على: https://2h.ae/XaXqz [تاريخ الاطلاع: 14 مايو 2026].

**الحرة.** (2026د). *خاص: واشنطن تحدد مطالبها من الحكومة العراقية*. [على الإنترنت] متاح على: https://2h.ae/CnzkW تاريخ الاطلاع: 7 مايو 2026].

**شبكة 964 الإعلامية.** (2026أ). *الأميركان يدققون أسماء كابينة الزيدي.. زهراء لقمان متأكدة*. متاح على: https://2h.ae/tBOkH [تاريخ الاطلاع: 15 مايو 2026].

**شبكة 964 الإعلامية.** (2026ب). *كتلة حقوق تختار مقاعد المعارضة وتنتقد "الأعراف الخطيرة"*. [على الإنترنت] متاح على: https://2h.ae/oOdhB تاريخ الاطلاع: 15 مايو 2026].

**شبكة 964 الإعلامية.** (2026ج). *خبراتقرير إخباري حول تشكيل الحكومة*. [على الإنترنت] متاح على: https://2h.ae/AcPPi [تاريخ الاطلاع: 25 أبريل 2026].

**الشمري، ف.** (2026). *لقاء حول التطورات السياسية في العراق* [X] قناة العهد الفضائية، متاح على: https://2h.ae/sgAsX [تاريخ الاطلاع: 25 أبريل 2026].

**صحيح العراق.** (2026). *منشور حول شروط واشنطن لتسليح الطيران العراقي* [X] متاح على: https://2h.ae/rQuej [تاريخ الاطلاع: 14 مايو 2026].

**صحيفة الشرق الأوسط** (2026). بترايوس في بغداد... وضغط أميركي متزايد على الفصائل. متاح على الرابط: https://2h.ae/FUByt [تاريخ الاطلاع: 16 مايو 202 . (aawsat.com)]

**العالم الجديد.** (2026). *المنهاج الوزاري للزيدي: عقل الدولة أم عبء التسويات؟* متاح على: https://2h.ae/edYiG [تاريخ الاطلاع: 13 مايو 2026].

**العبودي، ن.** (2026). *لقاء حول حصر السلاح بيد الدولة والعمل السياسي* [X] قناة العهد الفضائية، متاح على: https://2h.ae/rQuej [تاريخ الاطلاع: 14 مايو 2026].

**العربي الجديد.** (2026). *خاص | شروط أميركية قاسية وولاءات بوجه حكومة علي الزيدي*. متاح على: https://2h.ae/IlIGY ، تاريخ الاطلاع: 13 مايو 2026].

**قناة الشرق.** (2026). *العراق.. الصدر يدعو لحل الفصائل المسلحة وإبعادها عن الحكومة*. متاح على: https://2h.ae/dwytP [تاريخ الاطلاع: 10 مايو 2026].

**المدن.** (2026). *تمرير حكومة ناقصة في العراق.. دققها ترامب اسماً اسماً*. متاح على: https://2h.ae/ZhcOy [تاريخ الاطلاع: 14 مايو 2026].

**مركز الإمارات للسياسات.** (2026). *التحديات أمام المرشح لرئاسة الحكومة العراقية الجديدة: علي الزيدي*. متاح على الرابط: https://2h.ae/CthjA [تاريخ الاطلاع: 25 أبريل 2026].

**مونت كارلو الدولية.** (2026). *العراق: اتفاق داخل الإطار الشيعي على خطة لنزع سلاح فصائل مسلحة*. متاح على: https://2h.ae/aAhmF [رابط التقرير] [تاريخ الاطلاع: 10 مايو 2026].

**وكالة الأنباء العراقية** (واع) (2026). *خبرابيان سياسي منشور على وكالة الأنباء العراقية*. متاح على الرابط:
https://2h.ae/szTQS ]تاريخ الاطلاع: 16 مايو 2026[.

**The National.** (2026). *US facilities in Iraq have been hit more than 600 times since war with Iran started*. [Online] Available at: [Link] [Accessed: 6 May 2026].

---

# دیدی یاسا سەبارەت بە هەڵەی پزیشکی

د. ئالان بەهائەددین عەبدوڵڵا، دکتۆرا لە یاسا – مامۆستا لە کۆلێژی یاسا/ زانکۆی سەلاحەددین

## پێشەکی

بواری پزیشکی و دەرمان و ڕێگەکانی چارەسەرکردن، یەکێکە لە هەستیارترین و گرنگترین بوارەکانی ژیانی مرۆڤ، چونکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە پاراستنی ژیان و تەندروستی و سەلامەتیی مرۆڤەکانەوە هەیە. لەگەڵ ئەوەیشدا، وەک هەر پیشەیەکی دیکە، کاری پزیشکی لە هەموو بارودۆخێکدا لە هەڵە بەدەر نییە، بەتایبەتی کاتێک کە بڕیارە پزیشکییەکان لەژێر گوشار، یان بەپەلە، یان لە ئەنجامی ناشارەزایی، یان بەهۆی کەمتەرخەمی، یان لە بارودۆخێکی ئاڵۆزی تەندروستیدا دەدرێن.

دەبێ دان بەوەدا بنێین کەوا بابەتی "هەڵەی پزیشکی" یەکێکە لە بابەتە هەستیار و ئاڵۆزەکانی یاسا و بواری تەندروستی، چونکە لە یەک کاتدا پەیوەندیی بە مافی نەخۆش لە پاراستنی تەندروستی و بەدەستهێنانی چارەسەری دادپەروەرانە هەیە و، لە هەمان کاتدا پەیوەندیی بە پاراستنی کارمەندانی تەندروستی (بەتایبەتی پزیشکەکان)ەوە هەیە لە بەرانبەر تاوانبارکردنیان بە شێوەیەکی نادروست لە کاتی پیادەکردنی پیشەکەیاندا؛ چونکە هەر زیانێک کە بە نەخۆش دەگات، بە مانای هەبوونی هەڵەی پزیشکی نییە، لەبەر ئەوەی هەندێک لە ئاڵۆزکانە نەخوازراوەکان (المضاعفات غير المرغوبة)، دەکرێت بەهۆی سروشتی جەستەی نەخۆش، یان کاریگەریی لاوەکیی چارەسەرکردن، یان مەترسییە پێشبینیکراوەکانی دەستێوەردانی کاری پزیشکی بێت.

بۆیە لێرەدا، زۆر گرنگە هەڵەی پزیشکی و ئاڵۆزکانە نەخوازراوەکان لەیەکتر جیا بکرێنەوە، چونکە

دیاریکردنی چەمکی "هەڵەی پزیشکی" و مەرج و پێوەرەکانی، یەکێکە لە گرنگترین بابەتەکان بۆ دڵنیابوون لە هەبوونی هاوسەنگی لەنێوان پاراستنی مافی نەخۆش و دابینکردنی ئاسایشی یاسایی بۆ پزیشک.

## یەکەم: دەرکردنی یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش

دەرکردنی یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان ژمارە 4 بۆ ساڵی 2020 (لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە 256 لە 15/10/2020 بڵاو کراوەتەوە) هەنگاوێکی یەکجار گرنگ بوو، چونکە یەکەمین یاسا بوو لە هەرێمی کوردستان، بگرە لە عێراقیش، کە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی نەخۆش و دەستەبەرکردنی مافەکانی لەنێو کەرتی تەندروستیدا بە هەرسێ جۆرەکەیەوە (کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی و کەرتی تێکەڵاو)، دەربچێت.

لە ماددە (2)ی یاساکە هاتووە، دەرکردنی ئەم یاسایە هەوڵێکە بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانجێک کە ئەمانەی خوارەوە گرنگترینیانن:

1. پاراستنی تەندروستیی گشتی لە ڕێگەی پاراستنی مافەکانی نەخۆش و دیاریکردنی ئەرکەکانی؛هەروەها پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیانی هەرێم لە سوودوەرگرتنیان لە باشترین خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان.
2. پاراستنی شکۆمەندی و سەلامەتی و نهێنییەکانی نەخۆش و بەرزکردنەوەی ئاستی سوودمەندبوون لە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە دامەزراوە تەندروستییەکان.
3. بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی نەخۆش دەربارەی ماف و ئەرکەکانی لە دامەزراوە تەندروستییەکان؛هەروەها کەمکردنەوەی ڕێژەی مردن و پەککەوتەیی و زیانە تەندروستییەکان.
4. پتەوکردنی متمانەی نێوان نەخۆش و کارمەندە تەندروستییەکان، کە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کەوا پیشەی پزیشکی و تەندروستی بەگوێرەی یاسا بەرکارەکان پیادە دەکەن.

لەدوای تێپەڕبوونی پتر لە ساڵ و نیوێک بەسەر دەرچوونی ئەم یاسایە، وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری ژمارە (9779) لە (07/06/2022) ڕێنماییی ژمارە 4 بۆ ساڵی 2022ی دەرکرد (لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە 287 لە 11/08/2022 بڵاو کراوەتەوە) کە تایبەتە بە ئاسانکردنی جێبەجێکردنی یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان.

یەکێک لەو بابەتە گرنگانەی کە لە یاسا و ڕێنماییی ئاماژەپێکراو بە چەند ماددەیەکی یاسایی ڕێک خراوە، بریتییە لە بابەتی "هەڵەی پزیشکی". لەم سۆنگەیەوە دەپرسین: لەدوای تێپەڕبوونی زیاتر لە پێنج ساڵ بەسەر یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان، ئایا ڕێژەی ڕوودانی حاڵەتەکانی هەڵەی پزیشکی لە هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟ ئایا لێژنەکانی لێکۆڵینەوە لە هەڵەی پزیشکی وەک پێویست ڕاستییەکان دەچەسپێنن؟ لە پێنج ساڵی ڕابردوودا چەند نەخۆش و بە چ شێوازێک قەرەبوو کراونەتەوە؟ ڕۆڵی دادگەکانی هەرێم لە چەسپاندنی هەڵەی پزیشکی و گێڕانەوەی ماف بۆ نەخۆشی زیانلێکەوتوو لە چ ئاستێکدایە؟

ئەم پرسیارانە، لەگەڵ چەندان پرسیاری تری هاوشێوە، پێویستیان بە وردبینی و توێژینەوەیەکی قووڵ هەیە،

تاکووو بگەین بە وێنەیەکی ڕاست و دروست لەو بارودۆخەی کە هەیە لەبارەی شێوازی مامەڵەی یاسا لەگەڵ هەڵەی پزیشکی. ئەمەیش لەبەر ئەوەیە کە زیادبوونی هەڵە پزیشکییەکان، لەگەڵ نەبوونی میکانیزمێکی کارا بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان، نەک تەنیا مافەکانی نەخۆش دەخاتە مەترسییەوە، بەڵکوو کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئاستی متمانەی هاووڵاتیان بە کەرتی تەندروستی، جێ دەهێڵێت.

## دووەم: کێشەی پێناسەکردنی چەمکی "هەڵەی پزیشکی"

بە شێوەیکی گشتی، هەڵەی پزیشکی بریتییە لەو هەڵانەی کە لەلایەن کارمەندانی تەندروستییەوە لە کاتی پیادەکردنی کاری پزیشکی و تەندروستییەوە ڕوو دەدەن و دەبنە هۆکارێک بۆ تێکچوونی زیاتری دۆخی تەندروستیی نەخۆش. لە باوترین هەڵە پزیشکییەکان کە لەلایەن کارمەندانی تەندروستییەوە ئەنجام دەدرێن بریتین لە: هەڵەکردن لە پێدانی دەرمان، هەڵەکردن لە دەستنیشانکردنی نەخۆشی یاخود درەنگ دەستنیشانکردنی، هەڵەکردن لە وەرگرتنی پێشینەی نەخۆشی یان رابردووی تەندروستیی نەخۆش- "التاريخ المرضي" یان "السيرة المَرَضية" -، هەڵەکانی پەیوەست بە نەشتەرگەری، وەک: ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ بەشێکی هەڵەی جەستە یاخود جێهێشتنی کەرەستەی نەشتەرگەری لەناو جەستەی نەخۆشەکە لەدوای تەواوبوونی نەشتەرگەری یاخود ئەنجامدانی نەشتەرگەری بە شێوەیەکی ناتەواو و نادروست یاخود پیسبوونی کەرەستەکانی نەشتەرگەری، تێکەڵکردنی نەخۆشەکان، گواستنەوەی ناپێویستی خوێن، پێدانی چارەسەری پزیشکی بەبێ ڕەزامەندیی نەخۆش یاخود بەبێ پێدانی زانیاریی تەواو و ورد لەسەر شێواز و جۆر و ماوەی چارەسەرییەکە بە نەخۆشەکە، هەروەها پێنەدانی زانیاریی تەواو بە نەخۆش بۆ چۆنێتیی مامەڵەکردن لەدوای وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی و هتد.

یاسادانەر لە هەرێمی کوردستان لە مادده (1/یازدەیەم) لە یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش، پێناسەی هەڵەی پزیشکیی کردووە، کە تێیدا هاتووە: "هەڵەی پزیشکی: ئەو ئاڵۆزکانە نەخوازراوانەیە کە لە ئەنجامی هەر کەمتەرخەمییەکی پیشەیی یان تەکنیکی یان ناشارەزایی یان پشتگوێخستن ڕوو دەدات و، لەگەڵ ڕێساکانی پیادەکردنی پیشەی پزیشکی و چارەسەری ناگونجێت و دەبێتە هۆکارێك بۆ زیانگەیاندن یان دروستبوونی پەککەوتەیی یان مردنی نەخۆش." هەمان ئەم پێناسەیە، بە هەندێک دەستکاریی سنووردار لە ڕووی داڕشتنەوە، لە مادده (1/یازدەیەم) لە ڕێنماییی ژمارە 4 بۆ ساڵی 2022دا دووبارە کراوەتەوە.

بەپێی ئەم پێناسەیە، دەتوانرێت بگوترێت هەڵەی پزیشکی بریتییە لەو ئاڵۆزکانە نەخوازراوانەی کە نەخۆش لە ئەنجامی وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی و بەهۆی بڕیار یان ڕەفتارێکی کارمەندی تەندروستییەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بە مەرجێک، ئەم دوو مەرجەی خوارەوە تێدا بێت:

1. پێویستە کارمەندی تەندروستی لە کاتی ئەنجامدانی کاری پزیشکی،لە ڕووی پیشەیی یان تەکنیکییەوە کەمتەرخەم بووبێت، یاخود بەناشارەزایی یان بەبێ گرنگیدان و بە پشتگوێخستن کارە پزیشکییەکانی ئەنجام دابێت.
2. پێویستە ئەو کارە پزیشکییەی کە لە مەرجی یەکەمدا ئاماژەی پێکراوە، لەگەڵ ڕێساکان و بنەماکانی پیادەکردنی پیشەی پزیشکی و چارەسەریدا نەگونجاو بێت. مەبەستیش لەم ڕێسایانە، هەروەک لە مادده (1/دوازدەیەم) لە هەمان یاسادا هاتووە، ئەو ڕێسایانەن کە بۆ پیادەکردنی کاری چارەسەری پزیشکی و تەندروستی لە هەرێمدا بەرکارن.

ئەم جۆرە داڕشتنە یاساییانەی کە بە شێوەیەکی لاستیکی و فراوان و ناڕوون داڕێژراون، هەمیشە لە ئاستی جێبەجێکردندا سەرچاوەی کێشە و ناهاوسەنگی بوون. لە بنەڕەتدا، کاتێک یاسادانەر دەیەوێت بابەتێک بە شێوەیەکی کارا ڕێک بخات و چارەسەری بکات، پێویستە دەقە یاساییەکە بە داڕشتنێکی ڕوون، دیاریکراو و دوور لە هەر جۆرە لێکدانەوەی جیاواز بنووسێت. بەپێچەوانەوە، ئەگەر یاسادانەر نەیەوێت خۆی بە چارەسەرکردنی وردی بابەتێکەوە پابەند بکات، یان بابەتەکە لە ڕوانگەی تەکنیکی یان پراکتیکییەوە ئاڵۆز بێت، زۆر جار پەنا بۆ بەکارهێنانی دەستەواژە گشتی و لاستیکی دەبات؛ دەستەواژەیەک کە توانای هەڵگرتنی زیاتر لە یەک مانا و لێکدانەوەیان هەبێت.

بە بۆچوونی ئێمە، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەردەوامبوونی دیاردەی هەڵەی پزیشکی و نەبوونی چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆی لە هەرێمی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو داڕشتنە یاساییەی کە بابەتی هەڵەی پزیشکیی پێ ڕێک خراوە، چونکە ناڕوونیی دەقەکان، لەبری ئەوەی سنوور و پێوەری ڕوون بۆ دیاریکردنی هەڵەی پزیشکی دابنێت، مەیدان بۆ لێکدانەوەی جیاواز و دژبەیەک خۆش دەکات.

لەم سۆنگەیەوە، ئەم پرسیارانە خۆیان دەسەپێنن بۆ ئەوەی بۆمان بسەلمێنن کە هۆکاری سەرەکیی بنبڕنەکردن یان سنووردارنەکردنی دیاردەی هەڵەی پزیشکی بریتییە لە شێوازی ڕێکخستنی یاسایی ئەم بابەتە لە یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش و ئەو یاسایانەی کە لەپێش ئەویشدا بەرکار بوون:

- مەبەست لە هەڵەی پیشەیی چییە؟ هەڵەی پیشەیی بە چ پێوەرێک لە هەڵەی ناپیشەیی جیا دەکرێتەوە؟
- مەبەست لە هەڵەی تەکنیکی چییە؟ هەڵەی تەکنیکی بە چ بنەمایەک لە هەڵەی ناتەکنیکی جیا دەکرێتەوە؟ بێگومان، ئەگەر هەڵەی پزیشکی لە ئەنجامی هەڵەیەکی تەکنیکی بووبێت، ئەوا مانای ئەوەیە کە پزیشک سەرپێچیی لەو کۆمەڵە ڕێسا، پێوەر و بنەما هونەری و زانستییانە کردووە کە تا ڕاددەیەکی زۆر لە زانستە پزیشکییەکاندا جێگیر بوون و وەک سەرچاوەیەکی بنەڕەتی بۆ جێبەجێکردنی کاری پزیشکی ناسراون. ئەم بنەمایانە پێویستە لە کاتی دەستنیشانکردنی نەخۆشی، دانانی پلانی چارەسەرکردن، یان هەر جۆرە دەستێوەردانێکی پزیشکیدا، وەک ئەنجامدانی نەشتەرگەی ڕەچاو بکرێن. سەرچاوەی ئەمانەیش بریتییە لە زانیارییە پزیشکییە باوەڕپێکراوەکان، ڕێنمایی و پرۆتۆکۆلە پیشەییەکان و، ئەو شێوازە چارەسەرییانەی کە لە ڕووی زانستییەوە قبووڵکراون.

ئەم ڕێسا و پێوەر و بنەما هونەری و زانستییانەیش دەقگەلێکی نەگۆڕ نین، بەڵکوو گەشەسەندوون کە لەگەڵ پێشکەوتنی زانیاری و کاری پزیشکی دەگۆڕدرێن. بۆیە، هەڵسەنگاندنی هەڵەی پزیشکی دەبێت بەگوێرەی ئاستی ئەو زانست و زانیارییە بکرێت کە لە کاتی ڕوودانی واقعەکەدا بەردەست بووە، نەک بەپێی ئەو پێشکەوتنانەی کە دواتر دێنە کایەوە.

- پزیشکی شارەزا و پزیشکی ناشارەزا کێن؟ پێوەری دیاریکردنی ناشارەزایی چییە؟ ئایا تەنیا ئەوەی کە بابەتی نەخۆشییەکە لە چوارچێوەی پسپۆڕیی پزیشکدا بێت، بەسە بۆ ئەوەی پزیشک بە شارەزا دابنرێت، یان پێویستە مەرج و پێوەری تریش هەبن؟
- مەبەست لە گرنگینەدان و پشتگوێخستن لە جێبەجێکردنی کاری پزیشکیدا چییە؟ پێوەری

دیـاریکردنی ئـەم دوو دۆخـە چییـە و، بـە کـام مـەرج دەتـوانرێت ڕەفتـارێکی پزیشـکـی وەک گرنگینەدان یان پشتگوێخستن هەژمار بکرێت؟

- پێوەری هەڵسەنگاندنی ڕەفتاری پزیشک چییە؟ ئایا یاسادانەر،پزیشک بەپێی ڕەفتاری پزیشکێکی ئاسایی هەڵدەسەنگێنێت، یان بەپێی ڕەفتاری پزیشکێکی زۆر وریا؟ ئەم بابەتە گرنگییەکی تایبەتی هەیـە، چـونکە هەڵـەی پزیشکـی تەنیـا هەڵەیەکـی ئاسـایی یـان مـامەڵەیەکی ڕۆتینـی نییـە، بەڵکوو ڕووداوەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ژیان و سەلامەتیی مرۆڤەکانەوە هەیە. بۆیە، دیـاریکردنی پێـوەری هەڵسـەنگاندن لـەم بابەتەدا، نـابێت بـە شێـوەیەکی نـاڕوون یـان گشتـی جێ بهێڵرێت، چونکە جیاوازیی نێوان ئەم دوو پێوەرە دەتوانێت کاریگەرییەکی گەورە لەسەر دیاریکردنی هەبوون یان نەبوونی هەڵەی پزیشکی هەبێت.
- هەروەک پێشـتر ئاماژەمان پێدا، ڕێساکانی پیشە بەوە پێناسە کراون کە ئەو ڕێسایانەن بۆ جێبەجێکردنی کاری چارەسەری پزیشکی و تەندروستی لە هەرێمدا بەرکارن و پەیڕەو دەکرێن. بەڵام کاتێک قسە لەسەر وشەی "ڕێسا" دەکرێت، لە ڕوانگەی یاساییەوە زۆر جار ئەو مانایە دەدات کە باس لە پێوەرێکی نووسراو، دیاریکراو و، بەردەست دەکرێت. لێرەوە ئەم پرسیارە بنەڕەتییـە خـۆی دەسـەپێنێت: ئایـا هەمـوو ڕێساکـانی کـاری و پیشـەی پـزیشکی نووسـراونەتەوە؟ ئەگەر وا بێت، لە کوێ بەردەستن تاکوو لێژنەکانی لێکۆڵینەوە و دادگەکان بۆی بگەڕێنەوە و پشتی پێ ببەستن بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی بڕیارە پزیشکییەکان؟
- خودی دەستەواژەی "ڕێساکانی پیادەکردنی پیشەی پزیشکی و چارەسەری" ناڕوونە، چونکە نادیارە یاسادانەر کام جۆرە ڕێسای مەبەست بووە. ئایا مەبەست لێی ئەو ڕێنمایی و پێوەرانەن کە لەلایەن سەندیکا پزیشکییە تایبەتمەندەکانەوە دەردەکرێن؟ یان ئەو ڕێنمایی و پڕۆتۆکۆلانەن کە وەزارەتی تەندروستی دایدەنێت؟ یان ئەو بنەما و ئەحکامە یاساییانەن کە لە خودی یاساکان و ڕێنماییـە فەرمییەکانـدا هـاتوون؟ یـاخود مەبەسـت لێـی ئـەو پێـوەرە نێودەوڵەتییـانەن کـە لەلایـەن ڕێکخراو و دامەزراوە پزیشکییە نێودەوڵەتییە تایبەتمەندەکانەوە پەسند کراون؟ هەروەها، ئەگەر هیـچ دەقێکـی ڕوون لـەم بـارەیەوە نەبێت، ئایـا دەتـوانرێت پشـت بـە عـورفی پیشەیـی لـە بـوارە پزیشکییەکاندا ببەسترێت؟

ئەم هەموو پرسیارانە تەنیا بابەتێکی تیۆریی سادە نین، بەڵکوو ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر پاراستنی مافەکانی هەردوو لایەن، نەخۆش و کارمەندی تەندروستی هەیە، چونکە لە غیابی پێوەر و مەرجە ڕوون و دیاریکراوەکـان، هەڵسـەنگاندنی هەبـوون یـان نەبـوونی هەڵـەی پزیشکـی دەبێتـە بـابەتێکی جیـاواز بەپێـی لێکدانەوەی تاکەکەسی، نەک بەپێی پێوەر و مەرجی یەکگرتوو و دیاریکراو. هەر بۆیە، تێبینی دەکرێت کە یاسادانەر لە یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆشدا، سەرکەوتوو نەبووە لە دانانی چوارچێوەیەکی یاسایی ڕوون و کارا بۆ دیاریکردنی مانا و سنوورەکانی چەمکی "هەڵەی پزیشکی"؛ بە شێوەیەک کە بتوانێت هەم ڕێگر بێت لە ڕوودانی ئەم جۆرە هەڵانە و، هەم کاتێکیش ڕوو دەدەن، میکانیزمێکی دادپەروەرانە و کارا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیان دابین بکات؛ بە جۆرێک کە نەبێتە هۆی فەوتانی مافەکانی نەخۆش. ئەم لاوازییەیش تەنیا بابەتێکی تیۆری نییە، بەڵکوو لە واقعدا کاریگەرییەکانی دەردەکەون، چونکە کەم تا زۆر، لە ڕێگەی میدیاکانەوە، بەردەوام هەواڵ دەبینرێن و دەبیسترێن کە ئاماژە بە ڕوودانی هەڵەی پزیشکی دەکەن.

## سێیەم: ڕێکارە یاسای‌یەکانی قەرەبووکردنەوەی هەڵەی پزیشکی

بەپێی مادده (4/یەکەم) لە یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش، نەخۆش یان شوێنگرەوە یاساییەکەی لە کاتی پەککەوتەیی و، میراتگری نەخۆش لەکاتی مردنی نەخۆشدا، دەتوانێت داوای زانینی هۆکاری پەککەوتەیی یان مردنەکە بکات. لەم بارەیەوە، دامەزراوەی تەندروستی یان کارمەندی تەندروستیی تایبەتمەند، پابەند دەبێت بە خستنەڕووی ڕاستییەکان و پێدانی بەڵگەنامە تەندروستی و پزیشکییەکان بە نەخۆش یان شوێنگرەوە یاساییەکەی، یاخود میراتگرەکەی. هەر کاتێکیش گومانیان لە وەڵامی دامەزراوەی تەندروستی یان کارمەندی تەندروستیی تایبەتمەند هەبوو یان پێی ڕازی نەبوون، ئەوا بۆیان هەیە سکاڵا پێشکەش بە وەزارەتی تەندروستی بکەن و، پێویستە لە ماوەی حەوت (7) ڕۆژدا، ئەم سکاڵایە ئاراستەی لێژنەی لێکۆڵینەوە بکرێت کە لە پزیشکانی پسپۆڕ پێک دێت.

هەر بەپێی مادده (4/دووەم) لە هەمان یاسا، لەسەر لێژنەی لێکۆڵینەوە پێویستە دەست بە لێکۆڵینەوە بکات لە ماوەیەک کە لە حەفت (7) ڕۆژ تێپەڕ نەکات و، هەروەها لە ماوەیەك کە لە سی (30) ڕۆژ تێپەڕ نەکات لێکۆڵینەوەی زانستی و پیشەیی سەبارەت بە ناوەڕۆکی سکاڵاکە تەواو بکات و ڕاسپاردەکانی بخاتە بەردەم وەزیری تەندروستی بۆ وەرگرتنی ڕێوشوێنی یاسایی بەرانبەر دامەزراوەی تەندروستی یان کارمەندی تەندروستی لە ماوەیەک لە حەفت (7) ڕۆژ تێپەڕ نەکات. ئەمە جگە لەوەی، نەخۆشی زیانلێکەوتوو دەتوانێت داوای وەرگرتنی وێنەیەکی ڕاپۆرتی کۆتایی لێژنەی لێکۆڵینەوە بکات.

بە مەبەستی وەرگرتنی قەرەبوویش، بەپێی مادده (4/سێیەم) لە هەمان یاسا، نەخۆشی زیانلێکەوتوو دەتوانێت لە بەردەم دادگەی تایبەتمەند داوای یاسایی تۆمار بکات و، دادگە دەتوانێت بۆ یەکلاکردنەوەی ناوەڕۆکی داواکە، پشت بە ڕاپۆرتی پەسەندکراوی لێژنەی لێکۆڵینەوەی وەزارەتی تەندروستی ببەستێت، یاخود پشت بە شارەزایانی تر لەم بوارەدا ببەستێت؛ بێ گومان ئەو شارەزایانەیش هەر پزیشکی پسپۆڕن و کاری پزیشکی پیادە دەکەن.

ئەگەر سەرنجێکی وردی ئەو چارەسەرە یاساکارییەی مادده (4)دا بدەین کە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵەی پزیشکی دیاری کراوە، ئەوا تێبینی دەکرێت هیچی نوێی تێدا نییە و هەر هەمان شێوازی کۆنە بە دارِشتنێکی تازەوە نووسراوەتەوە کە بەهۆیەوە قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی هەڵەی پزیشکی ئەستەمە، چونکە سەلماندنی هەبوونی هەڵەی پزیشکی کارێکی یەکجار ئەستەمە، لەبەر ئەو هۆکارانەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەمان پێی داوە.

یەکێک لە کێشە بنەڕەتییەکانی یاسادانەر لە عێراق بەگشتی و لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، ئەوەیە کە زۆر جار بیرکردنەوەی یاساکاری لە چوارچێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەنجامەکان دەسووڕێتەوە، نەک پێشگرتن لە هۆکارەکان؛ چونکە زۆربەی دەقە یاساییەکان بەو ئاراستەیە دادەڕێژرێن کە چۆن دوای ڕوودانی کێشە، مامەڵە لەگەڵ لێکەوتەکانی بکرێت، نەک ئەوەی چۆن میکانیزمێکی کارا و پراکتیکی دابنرێت بۆ ئەوەی خودی کێشەکە لە بنەڕەتەوە ڕوو نەدات.

ئەگەر بەوردی بەنێو یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆشدا گوزەر بکەین، بەڕوونی دەبینین کە سەرەڕای

ئەوەی یاساکە لە بابەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵەی پزیشکی دوای ڕوودانی، هەندێک میکانیزمی فەرمیی داناوە، بەڵام دەقێکی ڕوون و کارای تێدا نادۆزرێتەوە کە میکانیزمێکی پراکتیکیی دانابێت بۆ ئەوەی ڕێگری لە ڕوودانی هەڵەی پزیشکی بکات. بەم مانایە، یاسادانەر زیاتر خۆی بە چارەسەرکردنی لێکەوتەکان لە دوای ڕوودانیان سەرقاڵ کردووە، نەک بە چارەسەرکردنی هۆکار و سەرچاوەکانیان پێش ڕوودانیان.

لەم ڕوانگەیەوە، پێویستە یاسادانەری ئێمە، نەک تەنیا لەم بابەتەدا، بەڵکوو لە هەموو بوارەکاندا، لە مۆدێلی "یاسادانانی وەڵامدانەوەیی" بکشێتەوە بۆ "مۆدێلی یاسادانانی پێشلێگرتن"، چونکە بنبڕکردنی هەر دیاردەیەک تەنیا لە کاتێکدا دەستەبەر دەبێت کە مامەڵە لەگەڵ هۆکارەکان بکرێت، نەک لەگەڵ ئەنجامەکان. بەگوێرەی ئەم بنەمایە، چارەسەری ڕاستەقینەی هەڵەی پزیشکی، لە زیادکردنی لێژنەی لێکۆڵینەوە یان توندترکردنی میکانیزمی قەرەبووکردنەوەدا نییە، بەڵکوو لە دروستکردنی سیستەمێکی کارایە بۆ پێشگرتن لە ڕوودانی هەڵە پزیشکییەکان.

بە بۆچوونی ئێمە، ئەو چارەسەرە یاساکارییانەی کە یاسادانەر لە یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لەمەڕ بابەتی هەڵەی پزیشکیدا پەسندی کردووە، لە بنەڕەتدا بیرۆکە و میکانیزمی کۆنن و دووبارە کراونەتەوە و، بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو بەردەوام بەکار هاتوون، بەڵام نەبوونەتە هۆی سنووردارکردنی ڕوودانی هەڵەی پزیشکی؛ چونکە ئاماژەکانی واقعی ئێستا، بە شێوەیەکی ڕوون، پێمان دەڵێن کە دیاردەی هەڵەی پزیشکی هێشتا وەک کێشەیەکی بەردەوام لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە و میکانیزمە یاساییە بەردەستەکان نەیانتوانیوە ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن، چونکە:

- بەدەگمەن بینیومانە لێژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند لە کەیسی هەڵەی پزیشکی،بڕیار بە هەبوونی هەڵەی پزیشکی بدات، چونکە ئەندامانی لێژنەی لێکۆڵینەوە (کە ئەوانیش پزیشکن) ڕەنگە لە داهاتوودا تووشی هەمان هەڵەی پزیشکی ببنەوە، یان پەیوەندیی کەسی یان بەرژەوەندییان هەبێت لەگەڵ پزیشکی تۆمەتبار بە ئەنجامدانی هەڵەی پزیشکی. هەر بۆیە ئەوەی لە واقعدا بەڕوونی هەستی پێ دەکرێت ئەوەیە: لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، پزیشکەکان لە ڕێگەی لێژنەی لێکۆڵینەوەوە، هەڵەی یەکتر پەردەپۆش دەکەن؛ کە ئەمەیش بۆتە هۆی ئەوەی تاوەکوو ئێستا مافی نەخۆشی زیانلێکەتوو لە ڕوودانی هەڵەی پزیشکی، وەک پێویست دەستەبەر نەکراوە.
- بەپێی مادده (9/یەکەم) لە یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش، پێویستە ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەوێک بۆ ڕێکخستنی پێکهاتە و ئەرکەکانی لێژنەی لێکۆڵینەوە دەربکات.ئەم پەیڕەوە تاوەکوو ئێستا دەرنەکراوە؛ ئەمەیش ڕێگر بووە لە پێکهێنانی لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەی کارا لە چوارچێوەی یاسادا.
- بەپێی مادده (3/دەیەم) لە ڕێنمایی ژمارە 4 بۆ ساڵی 2022، دامەزراوە تەندروستییەکان و کارمەندانی تەندروستی پابەندکراون بە دڵنیاییکردن (التأمین) لە بەرانبەر هەڵەی پزیشکی بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانی داراییی نەخۆشی زیانلێکەوتوو لە حاڵەتی جێبەجێکردنی یاسای بیمەی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان. بە بۆچوونی ئێمە، بوونی ئەم دەقە یاساییە لەم ڕێنماییەدا، خەوشێکی یاسایی زەقە، چونکە ئەم یاسایە هێشتا بوونی نییە؛ ئەمە جگە لەوەی یاساکان لە کاتی دەرچوونیاندا، سنوور و مەودا و چوارچێوەی جێبەجێکردنی خۆیان بەڕوونی لەنێو دەقە یاساییەکانی خۆیاندا دیاری دەکەن، نەوەک بە ڕێنماییەک دیاری بکرێت کە هێشتا خودی یاساکە دەرنەچووە. ئەمە، جگە لەوەی یاسای بیمەی تەندروستی، پەیوەندیی بە قەرەبووکردنەوەی

هەڵەی پزیشکییەوە نییە، چونکە ئامانج لە یاسای بیمەی تەندروستی، داپۆشینی تێچووی دارایی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و چارەسەری پزیشکییە، بەڵام قەرەبووکردنەوەی هەڵەی پزیشکی لە ڕێگەی بیمەوە، بەپێی ڕێسای تر دەبێت کە پەیوەستە بە بیمەکردن لە دژی بەرپرسیارێتیی مەدەنی. بۆیە، تێکەڵکردنی ئەم دوو چوارچێوە یاساییە جیاوازە، لە ڕووی یاساییەوە دروست نییە.

- لە بوارە پزیشکییەکاندا، پزیشکەکان بەهۆی هاوبەشییان لە زانست و زمان و تێگەیشتنی تەکنیکییەوە، بەئاسانی لەیەکتر تێدەگەن، بەڵام لە بەرانبەردا، نەخۆش، ئەگەر خۆی لە بواری پزیشکیدا پسپۆڕ نەبێت، زۆر جار یاخود بەتەواوی لە ڕێکار و بڕیار و دەستێوەردانە پزیشکییەکان تێ ناگات، یان تێگەیشتنێکی سنوورداری دەبێت. ئەم جیاوازییەیش لە زانیاری و تێگەیشتن، ناهاوسەنگییەکی ڕوون لەنێوان هەردوو لایەن دروست دەکات؛ کە دەرەنجامەکەی ئەوەیە نەخۆش لە زۆر حاڵەتدا ناتوانێت بە شێوەیەکی کارا پارێزگاری لە مافەکانی خۆی بکات، بەتایبەتی لە کاتی وەرگرتنی ڕەزامەندیی پێشوەختە بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی، یان کاتێک دوای دەستێوەردانی پزیشکی هەندێک ڕوونکردنەوەی پێ دەدرێت. هەر بۆیە، یاسادانەر، لە مادده (3/پێنجەم-1) لە یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش، دەسکەوتنی زانیاریی تەواو لە پزیشکی چارەسەرکار و دامەزراوەی تەندروستی، لەبارەی پلانی چارەسەری و جێگرەوەکان و ئەگەرەکانی ئاڵۆزکان بە زمانێکی ڕوون و ئاشکرا بە مافێکی سەرەکیی نەخۆش هەژماری کردووە، بەڵام میکانیزمەکانی جێبەجێکردن و چاودێریکردنی ئەم مافە ڕوون نییە.
- لەبەر ئەوەی تێگەیشتن لە بابەتە پزیشکییەکان بۆ کەسانی ناپسپۆڕ، لەوانە دادگەکان، زۆر جار کارێکی زەحمەت و ئاڵۆزە، بۆیە چاودێریی دادگەی تایبەتمەند لە کەیسەکانی هەڵەی پزیشکی بۆ دڵنیابوون لە هەبوونی هەڵەی پزیشکی یان نەبوونی، لە ڕووی پراکتیکییەوە سنووردار دەبێت، چونکە دادگە ناچار دەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتەکە پشت بە ڕاپۆرت و بۆچوونی پسپۆڕانی بواری پزیشکیی تایبەتمەند ببەستێت و؛لێرەدا هەمان ئەو کێشانە سەر هەڵدەدەن کە لە لێژنەکانی لێکۆڵینەوەدا ئاماژەمان پێیان دا.
- گەیشتن بە بەڵگە پزیشکییەکان یەکێکە لە ئاڵنگارییەکانی بەردەم سەلماندنی هەبوونی هەڵەی پزیشکی، چونکە زۆربەی بەڵگە بنەڕەتییەکانی ئەم جۆرە کەیسانە، وەک ئەنجامی پشکنینەکان، تۆمار و تێنووسەکانی نەخۆش، ڕاپۆرتە پزیشکییەکان و،بەڵگەنامەکانی پەیوەندیدار، لەژێر دەستی دامەزراوە تەندروستییەکان و کارمەندانی تەندروستیدان و بە دەستوخەت دەنووسرێنەوە و، لە غیابی هەبوونی سیستەمێکی ئەلیکترۆنیی پارێزراو، مەترسیی دەستکاریکردن یان گۆڕانکاری یان کەم و زیادکردنی بەڵگەکان لە ئارادایە. هەروەها، تا ئێستایش لە زۆرێک لە دامەزراوە تەندروستییەکاندا، بەتایبەتی لە هۆڵەکانی نەشتەرگەری، میکانیزمەکانی چاودێری، وەک هەبوونی کامێرای چاودێری بە شێوەیەکی سیستەماتیک، بوونیان نییە. لە دەرەنجامی هەموو ئەمانەدا، نەخۆش زۆر جار ڕووبەڕووی چەندان کێشەی پراکتیکی دەبێتەوە، لەوانە: دەستکاریکردنی بەڵگەکان، درەنگگەیشتن بە بەڵگە پێویستەکان، یان هەبوونی کەموکوڕی و ناتەواوی لەناو بەڵگەنامەکاندا؛ کە هەموویان دەتوانن ڕاستەوخۆ کاریگەریی نەرێنییان لەسەر توانای نەخۆش بۆ سەلماندنی مافەکانی هەبێت.
- یەکێک لە لاوازییە بنەڕەتییەکانی پرۆسەی کارکردنی لێژنەکانی لێکۆڵینەوە لە کەیسەکانی هەڵەی پزیشکیدا ئەوەیە کە،نەخۆش، یان نوێنەرە یاساییەکەی و، لە حاڵەتی مردنیدا میراتگرەکانی، هیچ

ڕۆڵێکی کارایان پێ نەدراوە و ناتوانن بە شێوەیەکی فەرمی ئامادەی دانیشتنەکانی لێکۆڵینەوە بن. لە واقعدا، کۆبوونەوە و گفتوگۆکانی ئەم لێژنانە زۆر جار لە چوارچێوەیەکی داخراو و دوور لە چاودێریی دەرەکی ئەنجام دەدرێن؛ بە جۆرێک کە شەفافییەت لە ئاستێکی زۆر سنوورداردا دەبێت و، تەنانەت پرۆسەی لێکۆڵینەوەیش بە ڤیدیۆ تۆمار ناکرێت. کەواتە، نەخۆش هیچ دەرفەتێکی ڕاستەوخۆی نییە بۆ ئەوەی لەسەر بەڵگە و ڕاپۆرتەکان گفتوگۆ بکات و لێکدانەوەی خۆی پێشکەش بکات، یان تەنانەت لە حاڵەتی هەبوونی هۆکاری مەعقووڵ بۆ گومان لە بێلایەنی، داوای گۆڕینی ئەندامێک یان زیاتر لە ئەندامانی لێژنەکە بکات. بەم شێوەیە، پرۆسەی لێکۆڵینەوە، لەبری ئەوەی وەک میکانیزمێکی شەفاف و دادپەروەرانە بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان کار بکات، ڕەنگە ببێتە ئامرازێکی ناشەفاف و یەکلایەنە کە تیایدا نەخۆش لە مافەکانی بێبەش دەکرێت.

- زۆر جار مافی نەخۆش دەفەوتێت و ڕەفتاری کارمەندی تەندروستی بە هەڵە هەژمار ناکرێت،بە بیانووی ئەوەی کە، ئەوەی ڕووی داوە دەچێتە ژێر باری ئاڵۆزکانی ئاسایی، کە لە مادده (1/دەیەم) لە یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش پێناسە کراوە و، تیایدا هاتووە: "ئاڵۆزکانە ئاساییەکان (ماك): ئەو ئاڵۆزکانەن کە لەوانەیە لە کاتی چارەسەر یان دوای چارەسەر ڕوو بدەن و لە تۆمارە پزیشکییەکان باسیان لێوە کراوە و، ناچنە ناو بازنەی هەڵەی پزیشکییەوە."
- بەپێی میکانیزمە یاساییەکان، لەو ڕۆژەی سکاڵاکە پێشکەش دەکرێت، لێژنەی لێکۆڵینەوە ماوەی حەوت(7) ڕۆژی لەبەردەستە بۆ دەستپێکردن بە کارەکانی و، هەروەها ماوەی سی (30) ڕۆژی هەیە بۆ تەواوکردنی لێکۆڵینەوە. بە بۆچوونی ئێمە، ئەم دوو ماوەیە لە کەیسەکانی هەڵەی پزیشکیدا زۆرن و جێگەی نیگەرانییە، چونکە ئەم دوو ماوەیە بەسە بۆ ئەوەی بەڵگە بنەڕەتییەکان بزر ببن، یان لەبیر بکرێن، یان دەستکاری بکرێن و ناوەڕۆکیان بگۆڕدرێت؛ بە شێوەیەک ببێتە هۆکارێک بۆ لاوازکردنی توانای نەخۆش لە سەلماندن و سەندنەوەی مافەکانی.
- هەڵەی پزیشکی تەنیا بابەتێکی پزیشکی نییە، بەڵکوو بابەتێکی یاساییە. لەمبارەیەوە، بەپێی مادده (9/دووەم) لە یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش، پێویستە کارەکانی لێژنەی لێکۆڵینەوە لە کەیسی هەڵەی پزیشکی بە ئامادەبوونی نوێنەری داواکاری گشتی و سەندیکای پزیشکیی تایبەتمەند، کۆمەڵە پەیوەندارەکان لە کاتی پێویستدا، ئەنجام بدرێت. هەرچەندە ئەم دەقە لە بنەڕەتدا هەوڵێکە بۆ فراوانکردنی بازنەی چاودێری و بەشداری لە پرۆسەی لێکۆڵینەوە، بەڵام لە واقعدا پرسیاری بنەڕەتی ئەمەیە: ئایا ئامادەبوونی ئەم لایەنانە بەتەنیا دەتوانێت بێلایەنی و شەفافییەت و پاراستنی مافی نەخۆش دەستەبەر بکات، لە کاتێکدا کە خودی نەخۆش یان نوێنەرە یاساییەکەی لە پرۆسەکەدا ڕۆڵێکی کارایان نییە؟ ئەمەیش ئەوە نیشان دەدات کە هێشتا هاوسەنگیی ڕاستەقینە لەنێوان لایەنەکان بەتەواوی دابین نەکراوە.

## چوارەم: پێشنیازەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵەی پزیشکی

لە ئەنجامی ئەو باس و لێکۆڵینەوانەی کە لەم وتارەدا خرانە ڕوو، ڕوون دەبێتەوە کە بابەتی هەڵەی پزیشکی تەنیا کێشەیەکی تەکنیکی یان پیشەیی نییە، بەڵکوو بابەتێکی ئاڵۆزی یاسایی و مرۆیی و کۆمەڵایەتییە کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە پاراستنی ژیان و سەلامەتیی جەستەیی و مافە بنەڕەتییەکانی نەخۆشەوە هەیە.

لەبەر ئەو لاوازی و کەلێنانەی کە لە چوارچێوەی یاسایی و میکانیزمە پراکتیکییەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ

هەڵەی پزیشکیدا هەیە، پێویستە هەنگاوی ڕاستەقینە و کارا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بنرێن. لەم سۆنگەیەوە، چەند پێشنیازێکی یاسایی دەخرێنە ڕوو کە دەتوانن ببنە بنەمایەک بۆ باشترکردنی شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵەی پزیشکی و پاراستنی هاوسەنگی لەنێوان مافەکانی نەخۆش و پاراستنی کارمەندانی تەندروستی لە کاتی پیادەکردنی کارەکانیاندا:

1. بەپێویستی دەزانین پێناسەی یاسایی هەڵەی پزیشکی بە شێوەیەکی ورد و ڕوون هەموار بکرێتەوە، بە جۆرێک کە هەموو مەرج و پێوەر و بنەماکانی دیاریکردنی هەڵەی پزیشکی بە شێوەیەکی ئاشکرا لەخۆ بگرێت و، دەقە یاساییەکە بە جۆرێک دابڕێژرێت کە مەیدانی لێکدانەوەی فراوان یان هەڵگرتنی زیاتر لە یەک مانا نەهێڵێت؛چونکە ناڕوونی لە پێناسەی چەمکێکی یاسایی بەو گرنگییە، دەبێتە سەرچاوەی ناکۆکی لە جێبەجێکردن و هۆکارێک بۆ فەوتاندنی مافی زیانلێکەوتووان.
2. پێویستە ڕێسا و بنەما سەرەکییەکانی پیادەکردنی کاری پزیشکی بە شێوەیەکی ڕوون و فەرمی دیاری بکرێن و بەردەست بن، بە جۆرێک کە هەموو پرۆتۆکۆڵ و ڕێنمایی و پێوەرە بنەڕەتییە پەیوەندیدارەکان بۆ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان، لەوانە دامەزراوە تەندروستییەکان و کارمەندانی تەندروستی و لێژنەکانی لێکۆڵینەوە و دادگەکان، ئاشکرا و ناسراو بن؛چونکە تەنیا لە کاتی هەبوونی پێوەر و مەرجی ڕوون و یەکگرتوو، دەتوانرێت کەمتەرخەمی، یان ناشارەزایی، یان هەر جۆرە لادانێکی پیشەیی تر بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و ورد دەستنیشان بکرێت.
3. هەتا ڕێسا و پێوەر و بنەماکانی پیادەکردنی کاری پزیشکی لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ڕوون و دیاریکراو و یەکگرتوو نەنووسرێنەوە، ئەوا هەمیشە هەڵسەگاندنی هەبوون یان نەبوونی هەڵەی پزیشکی لەژێر کاریگەریی ناڕوونی و لێکدانەوەی جیاواز و هەڵسەنگاندنی تاکەکەسی دەبێت. لە دۆخێکی ئاوادا، کە نەخۆش بەهۆی لاوازیی میکانیزمی سەلماندن و ناڕوونیی پێوەرە یاساییەکانەوەناتوانێت بەئاسانی هەڵە بسەلمێنێت، ئەوا مەترسیی فەوتانی مافەکانی نەخۆشی زیانلێکەوتوو زیاتر دەبێت. لەم سۆنگەیەوە، ئەگەر باری ئێستا بەم شێوەیە بەردەوام بێت، ئەوا ڕەنگە یاسادانەر ناچار بێت هەنگاو بەرەو مۆدێلێکی جیاواز بنێت، کە تیایدا بەرپرسیارێتیی دامەزراوە تەندروستییەکان و کارمەندانی تەندروستی، نەک لەسەر بنەمای هەڵە، بەڵکوو لەسەر بنەمای زەرەر بونیاد بنێت. لەم مۆدێلەدا سەلماندنی ئەوەی نەخۆش لە ئەنجامی وەرگرتنی چارەسەری پزیشکییەوە زەرەری پێ گەیشتووە، بەس دەبێت بۆ دروستبوونی مافی قەرەبووکردنەوە، بەبێ ئەوەی نەخۆشی زیانلێکەوتوو ناچار بێت هەڵەی تەکنیکی، پیشەیی یان کەمتەرخەمیی کارمەندی تەندروستی بسەلمێنێت. هەرچەندە ئەم ڕێکارە مۆدێلێکی ئاستبەرزە و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە لە فەلسەفەی بەرپرسیارێتیی مەدەنی، بەڵام لە دۆخێکدا کە سیستەمی هەنووکەیی ناتوانێت هاوسەنگیی دادپەروەرانە لەنێوان پاراستنی نەخۆش و بەرگریی کارمەندی تەندروستیدا دابین بکات، ئەم بیرۆکەیە دەتوانێت وەک بژاردەیەکی یاساکاری، جێی باس و لێکۆڵینەوە بێت.
4. پێشنیاز دەکەین کەوا بابەتی "بەرپرسیارێتیییاسایی دامەزراوە تەندروستییەکان و کارمەندانی تەندروستی" وەک بابەتێکی سەرەکی لە پرۆگرامەکانی خوێندنی هەموو کۆلێژە پزیشکی و تەندروستییەکاندا جێگیر بکرێت و بخوێنرێت، چونکە زانیاریی تەکنیکی و پزیشکی بەتەنیا بۆ پیادەکردنی کار و پیشەی پزیشکی بە شێوەیەکی دروست و دادپەروەرانە و بەرپرسیارانە بەس

نییە، بەڵکوو پێویستە کارمەندانی تەندروستی لە سنوور و ئەرک و دەرەنجامە یاساییەکانی ڕەفتارە پیشەییەکانیان ئاگادار بن. ئەم جۆرە فێرکردنە، ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە بەرزکردنەوەی هۆشیاریی یاسایی و کەمکردنەوەی هەڵەی پزیشکی و چەسپاندنی کەلتووری بەرپرسیارێتی و ڕێزگرتن لە مافەکانی نەخۆش.

5. لێژنەکانی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە کەیسەکانی هەڵەی پزیشکی، بە شێوەیەکی تێکەڵاو و هاوسەنگ پێکبهێنرێن، نەک تەنیا لە چەند ئەندامێکی هەمان بواری پزیشکی بێت، چونکە سپاردنی دیاریکردنی هەڵەی پزیشکی تەنیا بە گرووپێکی هاوپیشە، مەترسیی لایەنگیری و نەبوونی شەفافییەت زیاتر دەکات. لەبەر ئەوە، باشتر وایە ئەم لێژنانە لە پزیشکێکی پسپۆڕ لە هەمان بوارەی پەیوەندیدار بە کەیسەکە و، چەند پزیشکێکی سەربەخۆ لە دەرەوەی دامەزراوەی تەندروستیی پەیوەندیدار (باشتر وایە لە دەرەوەی پارێزگا بێت) و، نوێنەری داواکاری گشتی و، نوێنەری نەخۆش و، نوێنەری دامەزراوەی تەندروستیی پەیوەندیدار و، نوێنەری وەزارەتی تەندروستی و، لێکۆڵەرێکی دادی سەر بە ئەنجومەنی دادوەری و، نوێنەری سەندیکای پزیشکیی تایبەتمەند و، نوێنەری دەستەی گشتیی مافی مرۆڤ پێک بهێنرێن. ئەم جۆرە پێکهاتە پێشنیازکراوە، دەتوانێت زیاتر دڵنیایی لە بێلایەنی، شەفافییەت، فرەڕەهەندیی هەڵسەنگاندن و، پاراستنی هاوسەنگیی مافەکانی هەموو لایەنەکان دابین بکات.

6. پەلە بکرێت لە دەرکردنی پەیڕەوی ڕێکخستنی پێکهاتە و ئەرکەکانی لێژنەی لێکۆڵینەوە، تاوەکوو کارەکانی ئەم لێژنەیە لە چوارچێوەی یاسادا بە شێوەیەکی کارا ئەنجام بدرێت.

7. بە شێوەیەکی ڕوون ڕێگری لە هەبوونی دژیەکبوونی بەرژەوەندییەکان بکرێت؛بۆیە نابێت بە هیچ شێوەیەک ئەندامێک لە ئەندامانی لێژنەکە، هاوپیشەی نزیک، هاوکار، خزم، ناسیاو، یان کەسێک بێت کە هەر جۆرە پەیوەندییەکی کەسی، پیشەیی، ئیداری یان بەرژەوەندیی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی لەگەڵ پزیشک یان دامەزراوەی تەندروستیی پەیوەندیدار بە کەیسەکەوە هەبێت، چونکە بوونی ئەم جۆرە پەیوەندییانە، تەنانەت ئەگەر کاریگەریی ڕاستەوخۆشیان لەسەر بڕیارەکە نەبێت، خۆی بەتەنیا دەتوانێت گومان لە بێلایەنی و دادپەروەریی پرۆسەی لێکۆڵینەوە دروست بکات و متمانە بە ئەنجامەکانی لاواز بکات. لەبەر ئەوە، پێویستە هەموو ئەندامانی لێژنە پێش دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە، بە شێوەیەکی فەرمی بەڵێننامەی نەبوونی دژیەکبوونی بەرژەوەندییەکان پێشکەش بکەن و، هەروەها بۆ نەخۆش یان نوێنەری یاساییەکەی مافی ئەوە دابین بکرێت کە لە حاڵەتی هەبوونی هۆکاری مەعقووڵ، داوای گۆڕینی هەر ئەندامێک بکات.

8. کاتی ئەوە هاتووە دۆسیەی تەندروستیی نەخۆش بەئەلیکترۆنی بکرێت و لەسەر بنەمای سیستەمێکی ئەلیکترۆنیی مۆدێرن و پارێزراو بەڕێوەببردرێت و هەر نەخۆشێک کۆدێکی ئەلیکترۆنیی تایبەت بە خۆی هەبێت و مێژووی تەندروستیی خۆی تێدا تۆمار کرابێت؛ بە شێوەیەک کە دەستکاریکردن، یان گۆڕانکاریکردن، یان سڕینەوە، یان هەر زیادکردنێکی ناڕەوا لە ناوەڕۆکەکەیدا بەئاسانی نەکرێت. ئەم دۆسیە ئەلیکترۆنییە، پێویستە هەموو زانیاری و بەڵگە بنەڕەتییە پەیوەندیدارەکان بگرێتەوە، لەوانە: ئەنجامی پشکنینەکان، زانیاریی پەیوەندیدار بە چۆنێتیی وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی، دەستێوەردانە پزیشکییەکان، تێبینی و تۆمارەکانی کارمەندانی تەندروستی، شێوازی وەرگرتنی ڕەزامەندیی پێشوەختەی نەخۆش پێش هەر دەستێوەردانێکی پزیشکی و، هەر ڕاپۆرت یان بەڵگەنامەیەکی پزیشکیی تری پەیوەندیدار.

هەروەها، بۆ دابینکردنی شەفافییەت و پاراستنی مافی لایەنەکان، پێویستە نەخۆش یان نوێنەرە یاساییەکەی و، هەروەها وەزارەتی تەندروستی و لایەنە چاودێرییە پەیوەندیدارەکانی دیکە، مافی گەیشتن بە ئەم دۆسیە ئەلیکترۆنییەیان هەبێت لە چەند حاڵەتێکی دیاریکراودا؛ بە جۆرێک ئەم سیستەمە نەک تەنیا ئامرازێک بێت بۆ باشترکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی، بەڵکوو ببێتە میکانیزمێکی گرنگ بۆ پاراستنی بەڵگەکان و دابینکردنی دادپەروەری لە کەیسەکانی هەڵەی پزیشکیدا.

9. بەزەرووری دەزانین کەوا هەموو کۆبوونەوە و گفتوگۆکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە بە ڤیدیۆ تۆمار بکرێن و بە شێوەیەکی فەرمی بپارێزرێن، بۆ ئەوەی شەفافییەت لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەدا فەراهەم ببێت و، لە هەر کاتێکدا بزانرێت گفتوگۆکان لەسەر چ بنەمایەک کراون و، بە پشتبەستن بە کام بەڵگە و بە چ لۆژیکێکی پیشەیی و یاسایی ڕاسپاردەکان دەرکراون. ئەمە نەک تەنیا بۆ پاراستنی مافەکانی نەخۆش گرنگە، بەڵکوو بۆ پاراستنی خودی ئەندامانی لیژنە و دڵنیابوون لە دروستی و بێلایەنیی پرۆسەکەیش گرنگییەکی زۆری هەیە. هەروەها، پێویستە ڕاسپاردە و ڕاپۆرتی کۆتاییی لیژنە، تەنیا لە شێوەی ئەنجامی گشتی نەبێت، بەڵکوو پێویستە بەڕوونی دیار بێتکە لە بڕیارداندا پشتیان بە چ بەڵگەیەک بەستووە و، بەپێی چ بنەمایەکی یاسایی و پزیشکی گەیشتوونەتە ئەو بڕیارە.
10. پێویستە ماوە یاساییەکانی پەیوەندیدار بە کاری لیژنەی لێکۆڵینەوە کورت بکرێنەوە،بە شێوەیەک کە لەگەڵ سروشت و هەستیاریی کەیسەکانی هەڵەی پزیشکیدا بگونجێن. بۆیە، پێویستە لیژنە لە ماوەی دوو (2) ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێکهێنانی فەرمیی خۆیدا دەست بە کاری خۆی بکات و یەکەم کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام بدات. هەروەها پابەند بکرێت کە لە ماوەی دە (10) ڕۆژدا لێکۆڵینەوەکان تەواو بکات و ڕاپۆرتی کۆتاییی خۆی پێشکەش بکات، مەگەر لە هەندێ حاڵەتدا کە پێویستی بە درێژکردنەوەی ماوەکە هەبێت بە هۆکارێکی یاسایی و ڕوون و ڕەوا.
11. دەکرێت، بە مەرجی وەرگرتنی ڕەزامەندیی ڕوون و پێشوەختەی نەخۆش، کامێرای چاودێری لە ژووری نەشتەرگەریدا دابنرێت بۆ تۆمارکردنی پرۆسەی دەستێوەردانی پزیشکی؛ بە جۆرێک کە بتوانێت لە کاتی پێویستدا وەک بەڵگەیەکی بابەتی بۆ دیاریکردنی چۆنێتیی ئەنجامدانی دەستێوەردانەکە و هەڵسەنگاندنی هەبوونی هەڵەی پزیشکی یان نەبوونی بەکاربهێنرێت. ئەم ڕێکارە دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ لە بەرزکردنەوەی شەفافییەت، پاراستنی بەڵگە، کەمکردنەوەی ناکۆکی لەسەر ڕووداوەکان و، بەرزکردنەوەی ئاستی بەرپرسیارێتی و ورياییی پیشەیی هەبێت.

بەڵام، جێبەجێکردنی ئەم میکانیزمە، پێویستە لە چوارچێوەی پاراستنی مافی تایبەتمەندی و شکۆی نەخۆشدا ڕێک بخرێت؛ بە جۆرێک کە تۆمارکردنەکە تەنیا بۆ مەبەستی یاسایی، چاودێری و هەڵسەنگاندنی کەیسە پەیوەندیدارەکان بەکار بهێنرێت و، دەستگەیشتن بەم تۆمارانە سنووردار و بە ڕێسا بێت، بۆ ئەوەی ئەم ڕێکارە لە ئامرازێکی پاراستنی دادپەروەرییەوە، نەگۆڕدرێت بۆ هۆکارێکی پێشێلکردنی تایبەتمەندی.

12. کاتی ئەوە هاتووە کە کارمەندانی تەندروستی و دامەزراوە تەندروستییەکان،پابەند بکرێن بە بیمەکردن لە دژی بەرپرسیارێتیی مەدەنییان لە بەرامبەر نەخۆشەکان؛ چونکە پێویستە میکانیزمێکی کارا و دڵنیابەخش بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان هەبێت. ئەم جۆرە بیمەیە دەتوانێت دڵنیایی لەوە بدات کە ئەگەر هەڵەی پزیشکی ڕووی دا و بەرپرسیارێتییەکە سەلمێنرا، نەخۆش لە ماوەیەکی گونجاودا بە مافە داراییەکانی خۆی دەگات، بەبێ ئەوەی چارەنووسی

قەرەبــووکردنەوەکەی بــە توانــای دارایی کارمەنــدی تەندروســتی یــان دامــەزراوەی تەندروستییەوە ببەسترێتەوە. هەروەها، ئەم میکانیزمە نەک تەنیا ئامرازێکە بۆ پاراستنی نەخۆش، بەڵکوو دەتوانێت کەلتووری بەرپرسیارێتی و وریایی پیشەیی بەرز بکاتەوە، چونکە کاتێک کارمەندانی تەندروستی و دامەزراوە تەندروستییەکان بزانن کە بەرپرسیارێتی یاسایی و دارایی ڕاستەقینە لەپشت ڕەفتارە پیشەییەکانیانە، ئەوا باشتر پابەند دەبن بە پێوەر و پرۆتۆکۆل و ڕێساکانی پیشەیی. بۆیە، پابەندکردن بە بیمەی بەرپرسیارێتیی مەدەنی، نابێت وەک بارێکی ئیداری و دارایی سەیر بکرێت، بەڵکوو یەکێکە لە بنەماکانی دانانی سیستەمێکی مۆدێرن بۆ پاراستنی مافەکانی نەخۆش و دابینکردنی دادپەروەری لە بواری تەندروستیدا.

13. لەبەر ئەوەی زانستی پزیشکی بە شێوەیەکی بەردەوام لە گەشەسەندن و نوێبوونەوەدایە و، ئەوەی ئەمڕۆ وەک بنەمایەکی زانستیی قبوولکراو دادەنرێت، ڕەنگە لە داهاتوودا گۆڕانکاریی بەسەردابێت و شێوازی نوێتر و باشتر بێتە کایەوە؛ بۆیە نابێت مۆڵەتی کارکردنی پزیشکی بە شێوەیەکی هەمیشەیی و بێ هەڵسەنگاندنی بەردەوام مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. لەم سۆنگەیەوە، پێویستە مۆڵەتی پیادەکردنی پیشەی پزیشکی لە ماوەیەکی دیاریکراودا نوێ بکرێتەوە و، نوێکردنەوەکەیش بەستراو بێت بە جێبەجێکردنی چەند مەرج و پێوەرێکی پیشەیی و زانستی، نەک تەنیا بە تێپەڕبوونی کات و پێدانی ڕسووماتی نوێکردنەوە. لە گرنگترین ئەم مەرجانەیش: بەشداریکردن لە ڕاهێنان، وەرگرتنی کۆرسی نوێکردنەوەی زانیارییەکان، وەرگرتنی بڕوانامەی تر لە بواری پسپۆڕیی خۆی، بەشداریکردن لە سمینار و کۆنفرانسە زانستییەکان، ئەنجامدانی توێژینەوە یان هەبوونی چالاکیی ئەکادیمی و پیشەیی و، هەڵسەنگاندنی بەردەوامی لێهاتوویی و توانا و شایستەیی پیشەیی.

14. پێویستە میکانیزمێکی یاسایی تۆکمە و کارا بۆ پاراستنی هەواڵدەرەکان-ئەوانەی کە هەواڵ لە هەبوونی کەیسێکی گومانلێکراوی هەڵەی پزیشکی دەدەن، یان ئامادە دەبن وەک گەواهیدەر یان سەرچاوەی زانیاری لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەدا هاوکار و بەشدار بن- دابنرێت، چونکە لە غیابی پاراستنی یاسایی کارا، زۆر جار ئەم کەسانە لە ترسی گوشار، تۆڵەسەندنەوەی پیشەیی، زیانگەیاندنی کارگێڕی، یان تەنانەت گوشاری کۆمەڵایەتی، خۆیان لە هەواڵدان یان گەواهیدان دەدزنەوە. بۆیە، پێویستە یاسادانەر بە میکانیزمێکی کارا، نهێنیی ناسنامەی ئەم جۆرە کەسانە بپارێزێت و زانیاری لەسەریان بەردەست نەبێت و، هەروەها هەموو جۆرە ڕەفتارێکی تۆڵەسەندنەوە یان زیانگەیاندن بەرامبەریان بە شێوەیەکی یاسایی قەدەغە بکرێت. ئەم جۆرە میکانیزمە دەبێتە ئامرازێک بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان، چونکە زۆر جار زانیاریی سەرەتایی لەسەر هەڵەی پزیشکی، لەلایەن هەمان ئەو کەسانەوە دێت کە لەناو سیستەمەکەدان و ئەوەیان بە چاوی خۆیان بینیوە.

## کۆبەند

چوارچێوەی یاسایی مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵەی پزیشکی لە هەرێمی کوردستان، سەرەڕای هەبوونی هەندێک دەق و میکانیزمی فەرمی، هێشتا ناتوانێت بە شێوەیەکی کارا و دادپەروەرانە ئەم دیاردەیە بنبڕ یان سنووردار بکات. ناڕوونی لە پێناسە و پێوەرە یاساییەکان و، لاوازیی میکانیزمەکانی لێکۆڵینەوە و، نەبوونی هاوسەنگیی ڕاستەقینە لە پاراستنی مافەکانی نەخۆش و کارمەندانی تەندروستی، هەموو ئەمانە نیشانەی

ئەوەن کە چارەسەرە یاساییە هەنووکەییەکان بەشێک نین لە چارەسەر، بەڵکوو بەشێکن لە بەردەوامبوونی کێشەکە.

هەڵەی پزیشکی نابێت تەنیا بە دیدێکی پیشەیی داخراو سەیر بکرێت، چونکە ئەم بابەتە لە بنەڕەتدا بابەتێکی یاسایی و مرۆیی و کۆمەڵایەتییە کە پەیوەندیی بە ژیان و سەلامەتیی مرۆڤەوە هەیە. بۆیە، ئەگەر ئامانجمان بریتی بێت لە بنبڕکردن یان کەمکردنەوەی دیاردەی هەڵەی پزیشکی، ئەوا پێویستە لە بیرکردنەوەی کۆن و میکانیزمە ناچالاکەکان دوور بکەوینەوە و بە ئاراستەی سیستەمێکی ڕوونتر، شەفافتر و بەرپرسیارانەتر هەنگاو بنێین؛ چونکە ئەگەر وا نەکەین، هەڵەی پزیشکی هەر بەردەوام دەبێت و متمانەی هاووڵاتیانیش بە کەرتی تەندروستی کەمتر دەبێت.

**سەرچاوەکان:**


1. یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان ژمارە (4) بۆ ساڵی (2020).
2. ڕێنماییی ژمارە (4) بۆ ساڵی (2022) تایبەت بە ئاسانکردنی جێبەجێکردنی یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان.
3. بڕیاری وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (9779) لە (07/06/2022).
4. ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان، ژمارە (256) لە (15/10/2020).
5. ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان، ژمارە (287) لە (11/08/2022).


---

# وابەستەیی بە گەرووی هورمز: لاوازییەکی پێکهاتەیی لە ستراتیژیی هەناردەکردنی نەوتی عێراقدا


**شەهریار شێخلەر**، توێژەر لە بواری سیاسەتی وزە- ماستەر لە بەڕێوەبردنی بیزینس- ستراتیژی و، هەروەها ماستەر لە بەڕێوەبردنی ئیجرائییە.


**پێشەکی**

عێراق بە ١٤٥ ملیار بەرمیل یەدەگی نەوت، خاوەنی یەکێک لە گەورەترین یەدەگەکانی سەلمێنراوی نەوتی خاوی جیهانە و، بە هەرێمی کوردستانەوە توانای ڕۆژانە بەرهەمهێنانی زیاتر لە ٤،٥٠٠،٠٠٠ بەرمیل و هەناردەکردنی زیاتر لە ٣،٣٠٠،٠٠٠ بەرمیل نەوتی خاوی هەیە و، بەوەیش لە پلەی دووەمی وڵاتانی بەرهەمهێنەر و هەناردەکاری نەوت لەناو ڕێکخراوی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت (ئۆپێک) دەوەستێت.

ئەو یەدەگە گەورەیە و توانای بەرهەمهێنان و داهاتی هەناردەکردنە، وای کردووە کە لە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ و بە درێژاییی سەد ساڵی ڕابردوو ڕۆڵی نەوت وەک بڕبڕەی پشتی ئابووریی عێراقی زیاتر و بەهێزتر بێت داهاتی نەوت زیاتر لە ٩٣%ی کۆی داهاتی حکوومەت و زیاتر لە ٩٥%ی هەناردەکردنی وڵات پێک دەهێنێت. ئەم پشتبەستنە زۆرە بە یەک کاڵا، بۆتە ئەوەی عێراق لە ڕیزی ئەو وڵاتانە دابنرێت کە ئابووریناسان بە "ئابووریی کرێچی" ناوی دەبەن- ئابوورییەک کە دەوڵەت زۆربەی داهاتەکەی لە فرۆشتنی سەرچاوە سروشتییەکان (وەک نەوت، گاز و...) وەردەگرێت، نەک لە ڕێگەی باج یان بەرهەمهێنانی ئابووری لە ناوخۆی وڵات. ئەم ئاستی وابەستەییە لە چەند ڕووەوە لاوازیی پێکهاتەییی بەرچاوی لەناو ئابووریی عێراقدا دروست کردووە.

یەکێک لە لاوازییە جددییەکان، پەیوەندیی بە سیاسەتی هەناردەکردنی نەوتی عێراق و پشتبەستنی زۆری بە ڕێگەکانی هەناردەکردنی دەریایی لە باشوورەوە هەیە، کە بەستراونەتەوە بە گەرووی هورمزەوە. هەر بەو ئاستەی داهاتی حکوومەت بە داهاتی نەوت گرێ دراوە، هەناردەکردنی زیاتر لە ٩٣%ی نەوتی عێراقیش تەنیا بە یەک ڕێڕەو پەیوەستە کە هەمیشە لەژێر مەترسی و هەڕەشەی داخراندا بووە. بەوهۆیەوە گرژییە جیۆپۆلیتیکییە ناوچەییەکان، ململانێ سەربازییەکان و نائەمنیی دەریایی، ڕاستەوخۆ هەڕەشە لە سەقامگیریی ئابووری و توانای داراییی عێراق دەکەن.

ململانێکانی ئەم دواییەی ناوچەکە (لە ئازاری ساڵی ٢٠٢٦)، گەورەیی ئەم لاوازییەیان ئاشکرا کرد. پەرەسەندنی سەربازی لە ناوچەی کەنداو، هاتوچۆی تانکەرەکانی بە گەرووی هورمزدا پەک خست؛ ئەمەیش بووە هۆی دابەزینی بەرچاوی هەناردەکردنی نەوتی عێراق بە ڕێژەی زیاتر لە ٩٠% و، وەزارەتی نەوتی ناچار کرد ئاستی بەرهەمهێنان کەم بکاتەوە و بە پشتبەستن بە خاڵی "فۆرس ماژۆر" (Force majeure) بەرهەمهێنانی نەوت لە چەند کێڵگەیەکی نەوتی کە لەلایەن بیانییەکانەوە بەڕێوە دەبردرێن ڕابگرێت.

ئەم بابەتە لێکۆڵینەوە لە لاوازییە ستراتیژییە شاراوەکانی ناو سیاسەتی هەناردەکردنی نەوتی عێراق دەکات و لەسەر سێ ڕەهەندی پەیوەندیدار بەیەکەوە توێژینەوە دەکات: لاوازییە تەکنیکییەکان، لاوازییە داراییەکان و لاوازییە کارگێڕییەکان. هەروەها لێکەوتە بەرفراوانەکانی پشتبەستنی عێراق بە گەرووی هورمز شی دەکاتەوە و جێگرەوە (بەدیل)ی ستراتیژی پێشنیاردەکات کە توانای باشترکردنی ئاسایشی وزەی عێراق و خۆڕاگریی هەناردەکردنی هەبێت.

## . کرۆکی قەیرانی ژێرخانی هەناردەکردنی نەوتی عێراق

مێژووی ژێرخانی هەناردەکردنی نەوتی عێراق، داستانێکی پڕ لە بژاردەی ئاڵۆز و هەڵەی ستراتیژییە، بەتایبەت پاش بەنیشتمانیکردنی کەرتی نەوت لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی پێشوو. لە ڕووی

مێژووییەوە، عێراق پشتی بە دوو ڕێڕەوی سەرەکیی هەناردەکردن بەستووە: "تێرمیناڵی باشوور لە کەنداو"، "تێرمیناڵی نەوتی ئەلبەسرە و خورئەلئەمایە" و "هێڵی بۆڕیی عێراق–تورکیا" (ITP) کە لە کەرکووکەوە بۆ بەندەری جەیهان دەڕوات. هەرچەندە لە سەرەتادا، نەوتی کەرکووک لە ڕێگەی بۆڕییەوە بۆ حەیفا (لە ئیسرائیلی ئێستا) و دواتر بۆ بانیاس دەگوازرایەوە، بەڵام زۆر خێرا و بەهۆی کێشە سیاسییەکانەوە هەردوو بۆڕی وەلا نران و لە کۆتاییی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووە، ڕوو کرایە بۆڕیی نەوتی کەروکووک–جەیهان. هەڵبەت دواتر ئەو بۆڕییەیش وەستا و، لە ئێستادا بۆڕیی نەوتی کوردستان لە خوڕماڵەوە وەک جێگرەوەی بۆڕییەکە کار دەکات.

١,١. ئاڵنگاری تەنگەبەری باشوور: زۆرینەی ڕەهای نەوتی خاوی عێراق–ڕۆژانە تاکوو ٤ ملیۆن بەرمیل و بەگشتی بە ڕێژەی زیاتر لە ٩٣%ی نەوتی هەناردەکراوی عێراق (لە بارودۆخی ئاساییدا) بە تێرمیناڵە دەریاییەکانی پارێزگای بەسرەدا تێپەڕ دەبێت و ڕادەستی کەشتیگەلی کڕیار دەکرێت. لەوێیشەوە دەبێت کەشتییە تانکەرەکان بە گەرووی هورمزدا بڕۆن، کە ڕێڕەوێکی تەسکە لەنێوان عومان و ئێراندا و نزیکەی لەسەدا ٢٠ی نەوتی دەریاییی جیهانی پێیدا تێپەڕ دەبێت. ئەم چڕبوونەوەی توانای هەناردەکردن لە ڕێگەی یەک خاڵی مەترسیلەسەری دەریاییەوە، وێنای لاوازییەکی ستراتیژیی نائاسایی دەکات. کاتێک ململانێی ناوچەیی لەم دواییانەدا گەرووەکەی داخست، هەناردەی عێراق لە ماوەیەکی زۆرخێرا بەتەواوی ڕاوەستا و دواتر تەنیا کەمتر لە ١٠%ی و بەشێکی بە شێوازی نائابوورییانە دەستی پێ کردەوە.

سەرەڕای ئەوەیش، بەندەرەکانی باشووری عێراق، خۆیان هەڵگری کۆمەڵێک کێشە و ئاڵنگارین. توێژینەوە ئەکادیمییەکان "مەترسیی ئاسایشی گواستنەوە، لاوازیی توانای بەندەر و ڕێگەکان" و "ئاستی نزم لە بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی تەکنیکی"یان وەک کێشەی بەردەوام لەو بەندەرانە دەستنیشان کردووە.

١,٢. پەککەوتن (ئیفلیج)ی بۆڕیی کەرکووک–جەیهان: ئەو بۆڕییە هەرچەند بە توانای سنووردار، بەڵام سەردەمانێک ڕێگەیەکی جێگرەوەی گرنگی دابین دەکرد و نەوتی خاوی کەرکووکی لەسەر دەریای ناوەڕاست دەگواستەوە بۆ جەیهان. بەڵام ئەم بۆڕییە لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە تا ڕاددەیەکی لەکار کەوتووە. هەرچەندە لە ٢٠١٤وە بۆڕیی نەوتی کوردستان وەک جێگرەوەی ئەو بۆڕییە ڕاکێشراوە، بەڵام ئەویش ماوەیەک بەهۆی بڕیارێکی "ژووری ناوبژیوانیی بازرگانیی نێودەوڵەتیی پاریس" ڕاگیرا و دواتریش بەهۆی خواستی بەغدا بۆ دەستبەسەرداگرتنی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان و کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر، هەرگیز بەپێی پێویست و توانای بۆڕییەکە سوودی لێ وەرنەگیراوە.

بەبۆچوونی بەشێک لە شارەزایان "دوودڵیی بەغدا بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت، کەمتر پەیوەندیی بە ئاستەنگی تەکنیکی یان یاساییەوە هەیە و زیاتر پەیوەندیی بە بەکارهێنانی پرسی بۆڕییەکەوە هەیە بە مەبەستی بەناوەندکردنی کۆنترۆڵی داهاتی نەوتی کۆی عێراق و سنووردارکردنی سەربەخۆییی ئابووریی هەرێمی کوردستان".

١,٣. جێگرەوە دروستنەکراوەکان: لە ساڵانی ڕابردوو، حکوومەتەکانی عێراق چەندان جار بابەتی ڕێگەی جێگرەوەیان بۆ هەناردەکردنی نەوت وروووژاندووە، بەڵام هیچ کامیان نەگەیشتوونەتە دۆخی کارلێکردن. عێراق هەرچەند لە رووی جوگرافییەوە بێجگە لە ڕێگەی کەنداو و تورکیا، بەهۆی دراوسێتی لەگەڵ سعوودیا، ئوردن و سووریا، دەیتوانی چەندان ڕێگەی دیکەی جێگرەوە بۆ ڕێڕەوی هورمز بنیاد بنێت بەڵام

بەهۆی نەبوونی ستراتیژییەتێکی نیشتمانیی گشتگیر، هەروەها کێشە و ململانێ سیاسییەکانی ناوخۆ و لەگەڵ دراوسێکان، نەیتوانیوە پلانێکی ئابوورییانەی سەرکەوتووش دابڕێژێت.

بوودجەی پێویست بۆ ڕاکێشانی بۆڕییەکی جێگرەوە بۆ بەندەری بانیاس لە سووریا بە هەشت ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت کە هەم قەبارەی وەبەرهێنانەکە و هەم کێشە ئەمنی و جیۆپۆلیتیکییەکان، ڕێگر بوون لە دەستپێکردن و جێبەجێکردنی ئەو پلانە. بۆڕییەکی پێشنیارکراوی دیکە بۆ بەندەری عەقەبەی ئوردن ساڵانێکە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت بەڵام ئەویش بەهۆی جوگرافیا و تایبەتمەندییەکانی بەندەری عەقەبە ناتوانێت بەتەنیایی فریادڕەسی نەوتی عێراق بێت و، کاتێک دەتوانێت سوودمەند بێت کە لەگەڵ ڕێگەچارەکانی دیکە بەشێک بێت لە چارەسەری ئاڵنگارییەکان.

لەم دواییانەدا عێراق ڕێککەوتنێکی سەرەتایی لەگەڵ عومان ڕاگەیاند بۆ دروستکردنی بۆڕیی نەوتی خاو لە بەسرە بۆ بەندەری دوقم لە عومان، بە دەربازبوون لە گەرووی هورمز. پرۆژەکە سەرەتا توانای عەمبارکردنی 10 ملیۆن بەرمیل لە دوقم لەخۆ دەگرێت و نەوت بە کەشتی دەگوازرێتەوە تا تەواوبوونی ڕاکێشانی بۆڕییەکە. بەڵام پرۆژەکە لە ڕووی ئیمکانی ئابوورییەوە پرسیاری جددیی لەسەرە. ڕێگەی بەسرە بۆ عومان "بە شێوەیەکی بەرچاو درێژە و تێچووی زۆری دەوێت؛ ئەمەیش وای کردووە بە بەراورد بە جێگرەوەکانی کورتتر و بەردەست، زۆر کەمتر پراکتیکی بێت" لە تورکیا، ئوردن، سووریا، ئیمارات و تەنانەت سعوودیاش. ئەمەیش بووەتە هۆی ئەوەی کە شرۆڤەکاران پرۆژەکە "کەمتر لەبارەی کارایی و زیاتر لەبارەی مانۆڕی ستراتیژییەوە" پێناسە بکەن و بەهۆی پاڵنەری سیاسی نەک پلانێکی ئابووریی دروستەوە شرۆڤەی بکەن.

یەکێکی دیکە لە پلانەکانی ئێستا باس دەکرێت و وەکوو بەردی بناغەی ستراتیژیی هەمەچەشنکردنی هەناردەکردنی نەوتی عێراق دەناسێنرێت، دروستکردنی بۆڕیی بەسرە-حەدیسەیە. ئەو بۆڕییە "بەسرە بە حەدیسە دەبەستێتەوە بە توانای پلانبۆدارێژراوی 2.5 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا... و، درێژاییەکەی 700 کیلۆمەترە و نەوتی خاو دەگوازێتەوە بۆ هەناردەکردن لە ڕێگەی وڵاتانی دراوسێ وەک بانیاس لە سووریا، جەیهان لە تورکیا و عەقەبە لە ئوردن؛ هاوکات وەک هێڵی دابینکردنی نەوت بۆ پاڵاوگەکان لە سەرانسەری باشوور و ناوەڕاست و باکووری پارێزگاکانی عێراق کار دەکات."

ڕاستییەکەی، ئەو پرۆژەیە هەرچەند تۆڕێکی نیشتمانیی گواستنەوەی ناوخۆیی نەوت لە عێراق ساز دەکات، بەڵام کۆکەرەوەی پلانەکانی هەناردەکردن لە ڕێگەی عەقەبە و بانیاسە، کە پێشتر خاڵە لاوازەکانی باس کرا. ئەوەیش پێویستیی بە چارەسەری کێشە سیاسی و ئەمنی و جیۆپۆلیتیەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراق هەیە و، بێ ئەوانە چارەی کێشەکان ناکات.

## □. لاوازییە تەکنیکییەکان لە پێکهاتەی هەناردەکردنی نەوتی عێراقدا

### □.□. چڕبوونەوەی ژێرخانی هەناردەکردن

یەکێک لە لاوازییە تەکنیکییە سەرەکییەکانی عێراق، وەک پێشتریش باس کرا، لە چڕبوونەوەی زۆری ژێرخانی هەناردەکردندایە لە باشووری عێراق و سەر کەنداو. سیاسەتی هەناردەکردنی عێراق بە پلەی یەکەم پشت بە تێرمیناڵەکانی باشوور و دامەزراوەکانی بارکردنی دەریایی دەبەستێت. ئەم چڕبوونەوەیە لەسەر

یەک ڕێڕەو، بۆتە هۆی لاوازییەک کە تێیدا ڕاوەستانی هەناردەکردن لەو ڕێگەیە بە مانای ڕاوەستانی زۆربەی هەناردەکردنی گشتیی نەوتی عێراق دەبێت.

هەرچەندە گفتوگۆکان سەبارەت بە هەمەچەشنکردنی ڕێگەکانی هەناردەکردن و ڕاکێشانی بۆرییە جێگرەوەکان لە ڕێگەی تورکیا، ئوردن و سووریاوە دەستی پێ کردۆتەوە بەڵام هێشتا لەسەرەتایە و تاکوو چارەسەر کاتی زۆری پێویستە. هەرچەندە هێڵی بۆریی هەرێمی کوردستان-تورکیا ڕێگەیەکی جێگرەوە لە بەندەری جەیهانەوە دابین دەکات، بەڵام ناکۆکیی سیاسی، سنوورداربوونی ژێرخانەکانی بەرهەمهێنان و هەناردەکردن لەو ڕێگەیەوە و تەنانەت تەحەددای ئاسایشی ناوخۆیی عێراق، ڕێگرن لەبەردەم بەکارهێنانی تەواوی توانای ئەو ڕێگەیە.

□.□. سنوورداربوونی توانای عەمبارکردن و گواستنەوە

لاوازییەکی تری تەکنیکی بریتییە لە کەمیی توانای عەمبارکردن (کۆگەکردن) و گواستنەوەی ستراتیژیی نەوتی خاو. لە کاتێک چڕیی ژێرخانی هەناردەکردن لە باشووری عێراقەوە لاوازییەکی مەترسیداری بۆ هەناردەکردنی نەوتی عێراق پێک هێناوە، سنوورداربوونی توانای عەمبارکردنی پێویست بۆ کاتە هەستیارەکان، وەکوو وەستانی کاتیی هەناردەکردن، وای کردووە کە کارەکانی بەرهەمهێنان زۆر وابەستەی ڕەوتی بەردەوامی هەناردەکردن بێت.

لە ماوەی قەیرانی ئەم دواییەی ناوچەکەدا و پاش ئەوەی هەناردەکردن لە باشوورەوە وەستا، توانای عەمبارکردنی نەوتی عێراق لە ماوەی تەنیا چەند هەفتەیەکدا گەیشتە سنووری خۆی؛ ئەمەیش وای کرد وەزارەتی نەوت بە پشتبەستن بە خاڵی فۆرس ماژۆر لە گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی لەگەڵ کۆمپانیاکانی سەرکار، بەرهەمهێنان لە سەرانسەری کێڵگە نەوتییەکانی باشووردا کە لەلایەن کۆمپانیا بیانییەکانەوە بەڕێوە دەبردرێت ڕابگرێت، چونکە چیتر نەتوانرا نەوتی خاو بە شێوەیەکی کارا عەمبار بکرێت یان بۆ بازاڕە نێودەوڵەتییەکان بگوازرێتەوە.

جگە لەوەیش، عێراق ڕووبەڕووی ئاستەنگەکانی پەیوەست بە پیربوونی ژێرخان و کێشەکانی چاککردنەوەی بۆرییەکان و کەمیی کارەبا و وەبەرهێنانی تەواو لە تەکنەلۆژیای هەناردەکردنی مۆدێرندایە. ناکارایی تەکنیکی، تێچووی کارکردن زیاد دەکات و لە کاتی باری نائاساییدا توانای چارەسەری کێشە لۆجستیکییەکانی نەوتی عێراق دادەبەزێنێت.

□-□. پشتبەستن بە کەشتیوانیی بیانی

پشتبەستنی زۆری عێراق بە کەشتیوانیی دەریایی لە ڕێگەی کەنداوەوە و نەبوونی کەشتیگەلی پێویست لەناو سیستەمی کەشتیوانیی نەوتی نیشتمانی، لاوازیی تەکنیکی زیاتر چڕ دەکاتەوە. گواستنەوەی دەریایی، زۆر هەستیارە بە ناسەقامگیریی جیۆپۆلیتیکی، ململانێ دەریاییەکان، هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکان و مەترسییەکانی بیمە. ڕاوەستانی هاتوچۆی تانکەرەکان دەتوانێت بەخێرایی کارەکانی هەناردەکردن ئیفلیج بکات، تەنانەت ئەگەر دامەزراوە بەرهەمهێنانەکان بەکارایی بمێننەوە. بەڵام عێراق، نەک تەنیا پشتی بەو شێوازی گواستنەوەیە بەستووە، بەڵکوو سنوورداربوونی توانای عەمبارکرنی نەوتی خاوی عێراق و، هەروەها نەبوونی هیچ کەشتیگەلێکی گەورەی نەوتی لەناو کۆمپانیای تانکەری نەوتی عێراق، نەک تەنیا بۆتە هۆی

ئەوەی کە عێراق نزیکەی تەواو لە بازاڕی گواستنەوەی نەوتی دەریایی جیهانیدا نەمێنێت، بەڵکوو تەنانەت ناتوانێت ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبێت بۆ هەڵگرتنی کاتی نەوتی بەرهەمهاتوو، یان گواستنەوەی نەوتی خاوی خۆی بۆ بەندەرەکانی کڕیاران؛ دۆخێک کە بێجگە لە کێشەکانی پشتبەستن بە کۆمپانیاکانی بیانی بۆ گواستنەوەی نەوت بە تێچووی بەرزتر، کاریگەریی هەر کێشەیەکی گرنگ لە کەرتی عەمبارکردن یان گواستنەوە، ڕاستەوخۆ دەگوازێتەوە بۆ سەر کێڵگەکانی نەوت و دەبێتە هۆی ڕاوەستانی بەرهەمهێنانی نەوت.

## □. لاوازییە داراییەکان و دەرەنجامە ئابوورییەکان

### □.□. پشتبەستنی دارایی بە داهاتی نەوت

دارایی گشتیی عێراق تا ڕاددەیەکی زۆر بە داهاتی هەناردەکردنی نەوتەوە وابەستەیە. لە ئەنجامدا پچڕانی هەناردەکردن ڕاستەوخۆ هەڕەشە لە سەقامگیریی دارایی و خەرجییەکانی حکوومەت و گەشەی ئابووری دەکات. بەپێچەوانەی ئابوورییە هەمەچەشنەکانەوە، عێراق خاوەنی سەرچاوەی داهاتی جێگرەوەیەکی سنووردارە کە توانای قەرەبووکردنەوەی دابەزینی لەناکاوی داهاتی نەوتی نییە.

بەپێی شیکردنەوە و ڕیپۆرتەکان، پچڕانی هەناردەکردن لە ڕێگەی گەرووی هورمزەوە لە ساڵی ٢٠٢٦دا گوشاری داراییی توندی لەسەر سیستەمی بوودجەی عێراق دروست کردووە. داهاتی نەوت بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە، لە کاتێکدا پابەندبوونەکانی خەرجییە گشتییەکان بەبەرزی ماونەتەوە، بەتایبەتی سەبارەت بە مووچە و یارمەتییەکان و خەرجییەکانی کەرتی گشتی.

ئەم وابەستەییە پێکهاتەییە، ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییە فراوانەکانی ئابووریی کرێچییە کە سیاسەتی دارایی، زۆر زوو و توند بەرەوڕووی شۆکی دەرەکیی پەیوەست بە نرخ و داهاتی سامانە سروشتییەکان دەبێتەوە. لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکان بەبەردەوامی نیشان دەدەن کە پشتبەستنی زۆر بە داهاتی هایدرۆکاربۆن، خۆڕاگریی ئابووری لاواز دەکات و بەرکەوتن بە ناسەقامگیریی جیۆپۆلیتیکی زیاد دەکات.

### □.□. پێویستی بە دراوی بیانی و مەترسییە دراوییەکان

هەناردەکردنی نەوت سەرچاوەی سەرەکیی دابینکردنی یەدەگی دراوی بیانییە بۆ عێراق. بۆیە پچڕانی هەناردەکردنی نەوت گوشارێکی ڕاستەوخۆ لەسەر سەقامگیریی دراو و نرخی ئاڵوگۆڕ و دابینکردنی پارەی پێویست بۆ هاوردەکردنی کاڵا و کەلوپەل لە دەرەوە دروست دەکات. کەمبوونەوەی داهاتی نەوت توانای بانکی ناوەندی بۆ سەقامگیرکردنی بەهای دیناری عێراقی و دابینکردنی داراییی هاوردەکردنی خۆراک و کاڵای پیشەسازی و بەرهەمە بەکاربەرەکان سنووردار دەکات.

پچڕانی درێژخایەنی پرۆسەی هەناردەکردنی نەوت، دەتوانێت ببێتە هۆکاری گوشاری هەڵاوسان و دابەزینی بەهای دراو و ناسەقامگیریی ئابووری بە قەبارەیەکی گەورە و مەودای کاریگەریی فراوانتر. هەروەها نادڵنیایی دارایی، کاریگەریی نەرێنی لەسەر وەبەرهێنانی بیانی بەگشتی و بەتایبەت لە کەرتی وزەی عێراقدا دەکات، چونکە وەبەرهێنەران بەوردی و هەستیارییەکی زیاترەوە لە مەترسییەکانی کارکردن و جیۆپۆلیتیکی دەکۆڵنەوە.

□.□. ئاستەنگەکانی وەبەرهێنان و گەشەپێدان

هەروەها لاوازیی ستراتیژی لە سیاسەتی هەناردەکردندا پلانی وەبەرهێنانی درێژخایەن تێک دەدات. کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکان کە لە عێراق کار دەکەن، پێویستیان بە ژێرخانی هەناردەکردنی پێشبینیکراو و سەقامگیریی سیاسی هەیە بۆ بەردەوامبوونی پڕۆژەکانی بەرهەمهێنان و فراوانکردن. پچڕانی جیۆپۆلیتیکی بەردەوام، نادڵنیایی زیاد دەکات و پابەندبوونەکانی وەبەرهێنانی درێژخایەن سست و لاواز دەکات.

ڕاگەیاندنی باری نائاسایی (فۆرس ماژۆر) لەسەر کێڵگە نەوتییەکانی کە لەلایەن بیانییەکانەوە بەڕێوە دەبردرێن لە کاتی قەیرانی ئەم دواییەی هورمزدا، قەبارەی ئەو پچڕانی دامەزراوەیی و گرێبەستییەی دەرخست کە ڕووبەڕووی کەرتی وزەی عێراق بووەتەوە.

لە ئەنجامدا ڕەنگە مۆدێرنیزاسیۆنی ژێرخانی ئابووری و پەرەپێدانی تەکنەلۆژی و فراوانکردنی بەرهەمهێنان لە عێراق زیاتر وەدوا بکەوێت؛ ئەمەش توانای ڕکابەرییەکەی لە بازاڕەکانی وزەی جیهانیدا زیاتر لاواز دەکات.

## □. لاوازییە کارگێڕی و دامەزراوەییەکان

□.□. لاوازی لە پلاندانانی ستراتیژی

لاوازییە ئیدارییەکان بەشێکی دیکە لە هۆکارەکانی لاوازیی سیاسەتی هەناردەکردنی نەوتی عێراقن. حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق چەندان جار باسیان لە ستراتیژییەکانی هەمەچەشنکردنی هەناردەکردنی نەوت کردووە، بەڵام لە جێبەجێکردنی ستراتیژییەکە و داڕشتنی پلانەکان بەهۆی خاوی و ناتەباییەوە بەرەوپێشچوونێکی بەرچاو نەهاتۆتە دی. پلاندانانی ستراتیژیی درێژخایەن سەبارەت بە ڕێگەکانی هەناردەکردنی جێگرەوە و ئاسایشی وزە، زۆر جار بەهۆی ناسەقامگیریی سیاسی، گەندەڵی و پارچەپارچەبوونی بیرۆکراسی لە عێراق سەرکەوتوو نەبووە.

□.□. پارچەپارچەبوونی سیاسی و ئاڵنگارییەکانی حوکمڕانی

ناکۆکیی سیاسیی ناوخۆیی، سیاسەتی هەناردەکردنی عێراق ئاڵۆزتر دەکات. گرژییەکانی نێوان حکوومەتی فیدراڵی لە بەغدا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە پرسی هەناردەکردنی نەوت و دابەشکردنی داهات، توانای عێراقی لاواز کردووە بۆ بەکارهێنانی کاریگەریی جێگرەوەکانی هەناردەکردنی لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە.

چەندان شرۆڤەکار لە کاتی قەیرانی ئەم دواییەی هورمزدا ئاماژەیان بەوە کرد کە ناکۆکییە چارەسەرنەکراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر توانای وەڵامدانەوەی ستراتیژیی عێراقی بە ئاڵنگاری و گۆڕانکارییەکان سنووردار کردووە و، ڕێگر بووە لە فراوانبوونی خێرای هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە بۆ تورکیا.

هەروەها پارچەپارچەبوونی کارگێڕی، کاریگەریی لەسەر بەڕێوەبردنی گرێبەست، پەرەپێدانی ژێرخانی و، هەماهەنگیی وەبەرهێنانی بیانی هەیە.
ئەم لاوازییانەی حوکمڕانی، کارایی و خۆڕاگریی کەرتی وزەی عێراق کەم دەکەنەوە.

### □.□. گەندەڵی و ناکارایی دامەزراوەیی

گەندەڵی هێشتا یەکێکە لە بەربەستە دامەزراوەییە سەرەکییەکان کە کاریگەریی لەسەر کەرتی نەوتی عێراق هەیە. خراپ بەڕێوەبردن و پاڵپشتیی سیاسی و ناکارایی کارگێڕی، پڕۆژەکانی ژێرخانی دوا خستووە و توانای دامەزراوەیی لاواز کردووە.

چەندان پڕۆژەی هەمەچەشنکردنی ژێرخانی، لەوانەیش فراوانکردنی بۆڕی و ژێرخانی عەمبارکردنی نەوت، بەهۆی ناکۆکیی سیاسی و کەمیی بوودجە و کێشەی حوکمڕانییەوە دوا کەوتوون.
ئەم جۆرە لاوازییە ئیدارییانە ڕاستەوخۆ بەشدارن لە لاوازیی ستراتیژیی عێراق لە کاتی قەیرانە جیۆسیاسییەکاندا.

## □. جێگرەوەکانی ستراتیژی و پێشنیارەکانی سیاسەت

کەمکردنەوەی لاوازیی ستراتیژیی عێراق، پێویستی بە چاکسازییەکی گشتگیر هەیە کە لە یەک کاتدا هەموو ڕەهەندە تەکنیکی، دارایی و کارگێڕییەکان چارەسەر بکات.

یەکەم: پێویستە عێراق ڕێڕەوی هەناردەکردن هەمەچەشن بکات بە فراوانکردنی ژێرخانی بۆڕیی جێگرەوە لە ڕێگەی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا و، هەروەها ئوردنەوە. هێڵی بۆڕیی پێشنیارکراوی بەسرە ـ عەقەبە دەتوانێت دەستڕاگەیشتنێکی ڕاستەوخۆ بۆ دەریای سوور دابین بکات و پشتبەستنی زۆر بە ڕێگە دەرياییەکانی کەنداو کەم بکاتەوە.

دووەم: عێراق توانای عەمبارکردنی ستراتیژیی نەوت لەنزیک بەندەرەکانی باشوور، نزیک سنووری تورکیا لە هەرێمی کوردستان و، هەروەها نزیک لە سنووری ئوردن زیاد بکات و بە هاوچەرخکردنی ژێرخانی هەناردەکردن توانای کارکردن لە کاتی قەیرانەکاندا باشتر بکات. وەبەرهێنان لە ژێرخانی عەمبارکردن، سیستەمی چاودێریی دیجیتاڵی و چاککردنەوەی بۆڕییەکان، خۆڕاگریی تەکنیکی بەهێزتر دەکات.

سێیەم: عێراق پێویستی بە هەماهەنگیی دامەزراوەیی بەهێزتر و پلانی ستراتیژیی درێژخایەن هەیە سەبارەت بە ئاسایشی وزە. دامەزراندنی میکانیزمی یەکگرتووی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان و باشترکردنی حوکمڕانی لەناو کەرتی نەوتدا، بۆ کەمکردنەوەی لاوازییە ئیدارییەکان زۆر گرنگن.

چوارەم:
چارەسەرکردنی ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان بەغدا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دەتوانێت هەمەچەشنکردنی هەناردەکردن باشتر بکات و هەماهەنگیی وزە لەسەر ئاستی ناوخۆ بەرز بکاتەوە.

لە کۆتاییدا، عێراق دەبێت هەمەچەشنکردنی ئابووری، جددیتر پەیرەو بکات بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستنی زیادەڕۆیی بە داهاتی نەوت.

بەهێزکردنی کەرتە نانەوتییەکانی وەک کشتوکاڵ، بەرهەمهێنان و پیشەسازی، دەبێتە هۆی باشترکردنی خۆڕ اگریی دارایی و کەمکردنەوەی بەرکەوتن بە شۆکی جیۆپۆلیتیکی دەرەکی.

سەرچاوەکان:


1. Abdulmahdi, Y. S. (2024). Petro-dependence and diversification; an analysis of Iraq’s economic strategies (Bachelor’s thesis). Luiss Guido Carli. https://tesi.luiss.it/40032/1/277021_ABDULMAHDI_YASEEN%20SALAM.pdf
2. Al-Abadi, N. J. A. (2025). Economic Diversification to Address Oil Rent Dependency in Iraq: An Analytical Study. *Lex localis – Journal of Local Self-Government*. https://doi.org/10.52152/801277
3. Al-Dirawi, M. A. R. (2026). The impact of fluctuations in the international oil markets on the Iraqi economy (PhD thesis). Budapesti Corvinus Egyetem. https://doi.org/10.14267/phd.2026015
4. Al-Saadi, T., Cherepovitsyn, A., & Semenova, T. (2022). Iraq Oil Industry Infrastructure Development in the Conditions of the Global Economy Turbulence. *Energies*, 15(17), 6239. https://doi.org/10.3390/en15176239
5. AP NEWS. (MAY 11, 2026). Saudi oil giant Aramco sees 25% jump in Q1 profit after shifting exports from Strait of Hormuz. https://apnews.com/article/aramco-saudi-arabian-oil-ab384a52510f7af0c1e5629889742285
6. Hussein, M. (2025, September 17). Facing Fiscal Pressures: Iraq’s Struggle for Reform Ahead of the 2025 Election. *The Washington Institute*. https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/facing-fiscal-pressures-iraqs-struggle-reform-ahead-2025-election
7. Hussein Haider Muhammad Al-Jazairi. (2025, April 16). A PhD dissertation at the University of Basrah examines contemporary trends in maritime oil transport. *University of Basrah*. https://en.uobasrah.edu.iq/index.php/colleges-news/41259
8. August 18, 2015). Iraq: Selected Issues.) https://doi.org/10.5089/9781513521923.002
9. Jun U. Shepard, Lincoln F. Pratson. (2020). Maritime piracy in the Strait of Hormuz and implications of energy export security. Energy Policy, Volume 140, May 2020, 111379. https://doi.org/10.1016/j.enpol.2020.111379
10. Kurdistan24. (2025, September 10). Iraq, Oman Reach Preliminary

Agreement on Oil Pipeline Project. https://www.reuters.com/business/energy/iraqi-oil-production-collapses-with-strait-hormuz-blocked-by-conflict-sources-2026-03-08/?utm_source=chatgpt.com

*September 16, 2025).* Iraq continues export focus with strategic oil link*)* .11
to Oman. https://newsbase.com/story/iraq-continues-export-focus-with-strategic-oil-link-to-oman-401333

*Pipeline Technology Journal. (March 31, 2026).* Iraq Weighs Massive .12
Pipeline Expansion as Regional Conflict Shuts Gulf Routes. https://www.pipeline-journal.net/news/iraq-weighs-massive-pipeline-expansion-regional-conflict-shuts-gulf-routes

March 8, 2026). Iraqi oil production collapses with Strait of Hormuz) .13
blocked by conflict, sources say. https://www.reuters.com/business/energy/iraqi-oil-production-collapses-with-strait-hormuz-blocked-by-conflict-sources-2026-03-08/?utm_source=chatgpt.com

March 20, 2026). Exclusive: Iraq declares force majeure on foreign-) .14
operated oilfields over Hormuz disruption, sources say. https://www.reuters.com/business/energy/iraq-declares-force-majeure-foreign-operated-oilfields-over-hormuz-disruption-2026-03-20/?utm_source=chatgpt.com

May 11, 2026). Oil market will lose around 100 million barrels every) .15
week, if Strait of Hormuz remains closed, Aramco CEO says. https://www.reuters.com/business/energy/oil-market-will-lose-around-100-million-barrels-every-week-if-strait-hormuz-2026-05-11/?utm_source=chatgpt.com

Sarit Maitra. (2023). Impact of Economic Uncertainty, Geopolitical Risk, .16
Pandemic, Financial & Macroeconomic Factors on Crude Oil Returns — An Empirical Investigation. arxiv.org. https://doi.org/10.48550/arXiv.2310.01123

WIL CRISP. (April 29, 2025). Revival of Syrian oil export route could .17
benefit Iraq. *MEED Business Review*, 10(6), 42-43. https://www.meed.com/revival-of-syrian-oil-export-route-could-benefit-iraq

World Bank. (November 06, 2020). Iraq Economic Monitor, Fall 2020: .18
Protecting Vulnerable Iraqis in the Time of a Pandemic, the Case for

Urgent Stimulus and Economic Reforms. © World Bank. http://hdl.handle.net/10986/34749

---

# جەنگی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران: هەرێمی کوردستان وەک بەرەیەکی نوێی ڕووبەڕووبوونەوە

**نەوزاد هێتوتی، دکتۆرا لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناڤین و پرسی کورد-زانکۆی لێستەر- پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسی/ زانکۆی سەلاحەددین**

### هێرشی ڕاستەوخۆی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان: هۆکار و ڕەهەندەکان

لەدوای دەستپێکردنی هێرشی سەربازیی ئەمریکا و ئیسرائیل دژی ئێران لە ٢٨ی شوباتی ٢٠٢٦، هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی هێرشی توندی درۆنی و مووشەکیی ئێران و میلیشیاکانی لە عێراق بووەوە. ئەمەیش لە کاتێکدا بوو کە هەر لە سەرەتای جەنگەوە هەرێمی کوردستان بەڕوونی ڕای گەیاند کە بەشێک نییە لەم ململانێیە. لەم بارەیەوە، حکوومەتی هەرێم لە ڕاگەیەنراوێکدا جەختی لەوە کردووە کە هەرێم فاکتەری ئاشتی و سەقامگیرییە و، سیاسەتەکانی لەسەر بنەمای بێلایەنی و دوورکەوتنەوە لە ململانێ بنیات نراوە. هەروەها، جەختی لەوە کردووەتەوە کە هەرێم هیچ کات نابێتە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی وڵاتانی دراوسێ.

ڕاستییەکەی، لەدوای کوژرانی قاسم سولەیمانی لە ساڵی ٢٠٢٠، ئێران بە شێوەیەکی سەرەکی هەرێمی کوردستانی کردووەتە مەیدانی شەڕ و جەنگ بۆ گەیاندنی پەیام بە ئەمریکا، ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانیان. دوای کوشتنی "ژینا ئەمینی" (مەهسا)، کچی کوردی ئێرانی و، دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان لە سێپتەمبەری ٢٠٢٣، ئێران هێرشەکانی دژی هەرێمی کوردستان توندتر کرد.

لەم چوارچێوەیەدا، سوپای پاسداران بارەگاکانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵاتی لە هەرێم

بۆردوومان کرد. ئەوکات، بیانووکانی ئێران ئەوە بوو کە گوایە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی دەستیان لە خۆپیشاندانەکانی ئێران هەیە. تەنانەت ئیسماعیل قائانی، فەرماندەی فەیلەقی قودس، هەڕەشەی توندی لە هەرێم کرد و ڕای گەیاند کە ئەگەر گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لەناو خاکی عێراق لە چەک دانەماڵرێن، ئێران ئۆپەراسیۆنی زەمینی لەناو خاکی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدات.

لەدوای دەستپێکردنەوەی هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران لە ٢٨ی شوباتی ٢٠٢٦، تاران و گرووپە میلیشیاکانی لە عێراق جارێکی تر هەرێمی کوردستانیان کردە مەیدانی جەنگ و، هێرشی بەرفراوانیان کردە سەر هەرێم. خوێناویترین هێرش کە ڕاستەوخۆ لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە ئەنجام درا، لە ٢٤ی ئاداری ٢٠٢٦ بوو؛ کاتێک بارەگای هێزەکانی پێشمەرگەی لە سۆران لە پارێزگای هەولێر کرایە ئامانج، کە بەلایەنی کەمەوە شەش پێشمەرگە شەهید بوون و نزیکەی ٣٠ کەسیش بریندار بوون.

ئێران بانگەشەی ئەوەی کرد کە بنکەیەکی ئەمریکی و ئیسرائیلیی لە فڕۆکەخانەی هەولێر کردووەتە ئامانج. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت، ئێران بەئەنقەست بنکەکانی پێشمەرگەی کردە ئامانج. جگە لەوەیش، ئێران بەردەوام بووە لە بەئامانجگرتنی کەمپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردەکانی ئێران لە هەرێمی کوردستان.

هەروەها لە گەرمەی هێرشە ڕاستەوخۆکانی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستانی، بەرپرسانی ئێران بەردەوام هەڕەشەیان لە دەسەڵاتدارانی هەرێم دەکرد و جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەگەر ڕێگە بدەن گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن بچنە ناو خاکی ئێرانەوە هەموو دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان دەکەنە ئامانج. لەم ڕووەوە، لە ٦ی ئاداری ٢٠٢٦، ئەنجومەنی بەرگریی ئێران لە ڕاگەیەنراوێکدا جەختی لەوە کردەوە کە ئەگەر هێزە کوردییەکان بچنە ناو سنوورەکانی ئێران، هەموو دامەزراوە و بنکەکانی هەرێمی کوردستان دەکاتە ئامانج. هەروەها، وتەبێژی خاتەمولئەنبیا لە هەمان ڕۆژدا ئاگادارییەکی توندی ئاراستەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد و وتی، هەر هەوڵێک بۆ جێگیرکردنی هێزی دوژمن لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران، ڕووبەڕووی وەڵامێکی توندی هێزە چەکدارەکانی ئێران دەبێتەوە.

لێرەدا پرسیاری سەرەکی و گرنگ ئەمەیە: بۆچی ئێران بەردەوام هەرێمی کوردستان بۆردوومان دەکات؟ گرنگترین هۆکار و فاکتەرەکانی پشت توندبوونی هێرشەکانی ئێران بۆ سەر هەرێم، بەتایبەت لە گەرمەی جەنگی ئەمریکا و ئێران کامانە بوون؟ ئەوەی ڕاستی بێت فاکتەرە سەرەکییەکانی هێرشە بەردەوامەکانی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەتایبەت دوای هێرشەکانی ئەمریکا، پەیوەندییان بە چەند خاڵێکی گرنگەوە هەیە: یەکەم، ئێران هەستی بە مەترسیی ڕاستەقینە دەکرد کە هێزە کوردییەکانی ئێران ببنە بەشێک لەو جەنگە و لەلایەن ئەمریکاوە بۆ دژایەتیکردنی ئێران و ڕووخانی سیستەمی سیاسیی ئەو وڵاتە بەکار بهێنرێن. بۆیە، بەرپرسانی ئێران بەردەوام هەوڵیان دەدا کە لە ڕێگەی هێرشکردنە سەر هەرێم، هەم گوشار دروست بکەن و هەم ئەو پەیامە بە دەسەڵاتدارانی کورد بگەیەنن کە هەر بەشداربوونێکی کورد لەو جەنگەدا ڕووبەڕووی وەڵامێکی یەکلاکەرەوە و توندی تاران دەبێتەوە؛ وەک چۆن لە ڕاگەیەنراوەکانیاندا ئاماژەیان پێ دەکرد. بەتایبەتی، ئێران نیگەران بوو لەو ڕاپۆرتانەی لە سەرەتای جەنگەکەدا بڵاو بوونەوە کە ئەمریکا و ئیسرائیل هەوڵیان داوە هێزە کوردییەکانی ئێران بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتی ئێران و هەڵگیرساندنی خۆپیشاندان لە ناوچەکانی دیکەی ئەو وڵاتە بەکار بهێنن. ئەمە نیگەرانییەکی گەورەی لە تاران دروست کرد بوو؛ بەتایبەت کە ئێران دانیشتووانێکی زۆری کوردی هەیە و هەر بەشداربوونێکی کورد دەتوانرا

هاوکێشەکان بە شێوەیەکی گەورە گۆڕانکاریی بەسەردا بهێنێت و کێشەیەکی گەورە بۆ ڕژێمی ئێران بخوڵقێنێت.

دووەم، ئێران بەردەوام هەرێمی کوردستان وەک هاوپەیمانێکی نزیکی ئەمریکا لە عێراقدا دەزانێت و، وەک هێزێک سەیری دەکات کە زیان لە پێگە و بەرژەوەندییەکانی ئێران دەدات؛ بەتایبەت ئێران وای دەبینێت کە هەرێمی کوردستان تەنیا ناوچەیەکە لە عێراقدا  کە لەژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئێراندا نییە و سیاسەتی ئێران لە عێراق و ناوچەکەدا پەیڕەو ناکات. هەرێم هەمیشە هەوڵی داوە هاوسەنگی لە پەیوەندییە دەرەکییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا بپارێزێت.

لەم بارەیەوە سیاسەتی حکوومەتی هەرێم لە عێراق، جیاواز بووە لە سیاسەتی ئێران. هەرێمی کوردستان  ئەمریکا بە هاوپەیمان و هابەشی ستراتیژی دەزانێت و، لە زۆر پرسدا لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە پشتیوانیی لە سیاسەتی ئێران نەکردووە. بۆ نموونە هەرێم پاڵپشتیی لە سیاسەتی ئێران و هێزە شیعەکان نەکردووە بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق. هەروەها هەرێم بەپێچەوانەی ئێران، بەردەوام پشتگیریی لە هەوڵەکانی ئەمریکا کردووە بۆ ئەوەی میلیشیا شیعەکان بخرێنە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتەوە و لە دەرەوەی حکوومەت کار و چالاکی نەکەن. هەورەها هەرێم ئامادە نەبوو، ببێتە بەشێک لە بەرنامە و ئەجێندای ئێران لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە. بۆیە، ئێران بەردەوام کاری کردووە بۆ لێدان و لاوازکردنی پێگەی هەرێم.

سێیەم، یەکێکی تر لە ئامانجەکانی هێرشەکانی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەوە بوو کە پەیامێک بە ئەمریکییەکان بگەیەنێت کە بەئامانجگرتنی میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە عێراقدا، بێوەڵام نابێت و، ئێرانیش بە هەمان شێوە هێرش دەکاتە سەر هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە عێراق، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان. دیاریشە، بەدەر لە هێرشی ڕاستەوخۆ، ئێران چەندان ئامرازی بۆ لێدان لە پێگەی هەرێم بەکار هێناوە، لەوانەیش: هێرشی گرووپە میلیشیاکان و، هاندانی حکوومەتی عێراق کە هێزە شیعەکان بەسەریدا زاڵن، دژی  هەرێمی کوردستان.

چوارەم، وەک بەرپرسانی ئێران زۆر جاران ئاماژەیان پێ دەکرد، بەمەستیان لە هێرشکردنە سەر هەرێم و تەنانەت دەوڵەتانی عەرەبی، ئەوە بوو کە جەنگەکە ببێتە جەنگێکی هەرێمی و، بۆ ئەوەیش کە گوشار لەسەر ئیدارەی ترەمپ دروست بکەن بۆ ڕاگرتنی هێرشەکان. بەتایبەت ئێران لە ڕێگەی هێرشە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانەوە دەیویست زۆرترین زیان بە پێگەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بگەیەنێت و تێچووی سەربازی و ئابووری لەسەر ئیدارەی ترەمپ زیاتر بکەن و، ناوچەکەیش زیاتر ناسەقامگیر بکەن بۆ ئەوەی ترەمپ پێداچوونەوە بە سیاسەتەکەی بەرامبەر ئێران بکات.

### کردنەوەی بەرەیەکی تری جەنگ لە عێراقدا لەلایەن گرووپە میلیشیاکانی سەر بە ئێرانەوە

لەدوای دەستپێکردنی جەنگ دژی ئێران، عێراق بووە مەیدانی سەرەکیی ئەم جەنگە. لەم ڕووەوە، گرووپە میلیشیاکانی سەر بە ئێران، هێرشەکانیان دژی بنکە سەربازی و دیپلۆماسییەکانی ئەمریکا، هەرێمی کوردستان و تەنانەت وڵاتانی کەنداویش توند کرد. بەهێزترین گرووپەکانی سەر بە ئێران لە عێراق، کە بە

ناوی "بەرەی بەرگریی ئیسلامی لە عێراق" (بەرەی موقاوەمە) ناسراون، بە شێوەیەکی سەرەکی لە چوارچێوەی هێزەکانی "حەشدی شەعبی"(PMF)دا ڕێک خراون، لەوانەیش: کەتائیبی حزبوڵڵا، کەتائیبی سەییدولشوهەدا، بزووتنەوەی نوجەبا، عەسائیبی ئەهلی هەق. ئەم گرووپە میلیشیایانەی سەر بە ئێران، پێکهاتەی سەرەکیی "میحوەری بەرگری"ی ئێرانن لەسەر ئاستی ناوچەکەدا و ڕاستەوخۆ لەلایەن "فەیلەقی قودس"ەوە سەرپەرشتی دەکرێن و فەرمانیش لە ئێران وەردەگرن.

سەرەڕای گوشارە بەردەوامەکانی ئەمریکا بۆ کۆنترۆڵکردنی میلیشیاکانی سەر بە ئێران و هێنانەژێر دەسەڵاتی دەوڵەت، بەڵام حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق نەیانتوانیوە ئەم میلیشیایانە لە چوارچێوەی هێزە فەرمییەکانی عێراقدا یەک بخەن، یان نەتوانراوە لەچەک دابماڵرێن.

حکوومەتی "سوودانی" کە لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ پێک هات، نەک هەر هیچ هەوڵێکی نەدا بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم میلیشیاکانە، بەپێچەوانەوە، لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا پێگەی میلیشیاکان بەهێزتر بووەوە. لەم ڕووەوە، سوودانی پشتگیریی لە پڕۆژەیاسای حەشدە شەعبی کرد بۆ دەرچوون لە پەرلەمان، هەرچەندە دواتر پڕۆژەیاساکە لەژێر گوشاری توندی ئەمریکادا ڕاگیرا. هەروەها لەژێر گوشاری ئێران و گرووپە میلیشیاکاندا، سوودانی کاری کرد بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق؛ ئەمە جگە لەوەی سوودانی لە ڕێگەی پێدانی ئیمتیازاتی ماددی و ئابووریی زیاتر، پێگەی ئەو گرووپانەی بەهێزتر کرد و ئێستایش وەک دەوڵەت لەناو دەوڵەتدا کار دەکەن.

لەدوای دەستپێکردنی جەنگی ئەمریکا و ئێران، گرووپە میلیشیاکان لە عێراقدا بە شێوەیەکی بەرفراوان لە جەنگی بەوەکالەت دژی ئەمریکا تێوە گلان و، تەنانەت عێراقیشیان خستە ناو جەنگەکەوە، بێ ئەوەی دەوڵەت بڕیاری لێ دابێت. حکوومەتی "محەمەد شیاع سوودانی"یش نەیتوانیوە هیچ هەنگاوێک بهاوێژێت بۆ سنووردارکردنی کار و چالاکیی ئەم گرووپانە و ڕێگەگرتن لە هێرشەکانیان بۆ سەر پێگەکانی ئەمریکا، هەرێم و دەوڵەتانی عەرەبی. ئەمەیش وای کرد، لەسەر ئاستی عێراق کاردانەوەی زۆری لێ بکەوێتەوە.

لە ڕاگەیەنراوێکدا لە ٢٦ی ئاداری ٢٠٢٦، فایەق زێدان سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عێراق، جەختی لەوە کردەوە کە بوونی چەندان ناوەندی بڕیاردان، بەتایبەت لە ڕووی سەربازییەوە، عێراق دەخاتە ناو بازنەی جەنگێکی ناوخۆیی و ناوچەییەوە. هەروەها گوتیشی کە ڕاگەیاندنی یەکلایەنەی جەنگ لەلایەن گرووپە چەکدارەکانەوە، مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر سەروەری و سیادەی عێراق.

لە وەڵامی هێرشە بەردەوامەکانی میلیشیاکاندا لە کاتی جەنگی ئەمریکا و ئێران، فڕۆکەکانی ئەمریکا چەندان جار هێرشی ئاسمانییان کردە سەر هێزەکانی حەشدی شەعبی و میلیشیاکانی سەر بە ئێران لەناو عێراقدا. لە ٢٤ی ئاداری ٢٠٢٦، لە هێرشێکی ئاسمانیی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ئەنبار، سەرکردایەتیی گرووپێکی سەر بە میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێرانی کردە ئامانج و ١٥ کەس کوژران و ٣٠ کەسیش بریندار بوون. هەروەها لە ٢٥ی ئادار، ئەمریکا هێرشی کردە سەر نەخۆشخانەی سەربازیی حەبانییە، کە پەیوەست بوو بە وەزارەتی بەرگریی عێراق و، بووە هۆی کوژرانی چەند ئەندامێکی خزمەتگوزاری و برینداربوونی هەندێکی تر لە سوپای عێراق. بەپێی هەندێ سەرچاوە، هێرشەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ

بەشێکی یەکەی پزیشکیی لەناو بنکەکە کردە ئامانج کە بریندارەکانی حەشدی شەعبی تێیدا چارەسەر دەکران.

هێرشەکانی ئەمریکا دژی حەشدی شەعبی، کاردانەوەی توندی لێ کەوتەوە و حکوومەتی عێراق بەتوندی هێرشەکانی ئەمریکای شەرمەزار کرد. لە ڕاگەیەنراوێکدا لە ٢٥ی ئاداری ٢٠٢٦، حکوومەتی عێراق ئەم هێرشانەی وەک پێشێلکردنی زەقی سەروەریی عێراق ناساند و جەختی کردەوە کە "عێراق مافی وەڵامدانەوەی هەیە بە هەموو شێوازێکی بەردەست بەپێی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان." هەروەها سوودانی نوێنەری ئەمریکای بانگهێشت کرد و نامەیەکی فەرمیی نارەزایەتیی پێ درا. ڕاستییەکەی، ئەم هەڵوێست و ڕاگەیەنراوەی سوودانی هەڵەیەکی مەزن بوو، چونکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەسەڵاتی دا بە گرووپە میلیشیاکان بۆ ئەوەی "بە ناوی خۆپاراستن" هێرش بکەنە سەر پێگە و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا؛ ئەمە لە کاتێکدایە حکوومەتی عێراق نەیتوانی ڕێگری بکات لە هێرشەکانی گرووپە میلیشیاکان بۆ سەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا.

لێرەدا، لەجیاتی ئەوەی حکوومەتی سوودانی میلیشیاکان بخاتە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتەوە، ڕێگەی پێ دا بەردەوام بن لە هێرشەکانیان دژی ئەمریکا. هەر ئەمەیش وای کرد کە ئەمریکا پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانی بکات بەرامبەر سوودانی و، چیتر پاڵپشتیی نەکات بۆ ئەوەی دووبارە پۆستی سەرۆکوەزیران وەربگرێت و "چوارچێوەی هەماهەنگی"یش بەئاسانی توانییان سوودانی لە کاندیدبوونی بۆ ئەو پۆستە دوور بخەنەوە.

بە شێوەیەکی گشتی هۆکارە سەرەکییەکانی پشت هێرشەکانی گرووپە میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران لە عێراق، دەتوانرێت بۆ چەند فاکتەرێکی سەرەکی بگەڕێنرێتەوە: یەکەم، کردنەوەی بەرەیەکی تری جەنگ دژی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا، زیادکردنی تێچووی ئابووریی جەنگەکە بۆ سەر ئیدارەی ترەمپ، گوشاردروستکردن بۆ ئەوەی ئەمریکا کۆتایی بە جەنگەکەی دژی ئێران بهێنێت، ناچارکردنی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ کشانەوە لە عێراق و، پاراستنی کاریگەری و هەژموونی ئێران لە عێراق، بەو شێوەیەی کە عێراق لەناو بازنەی سیاسەتەکانی ئێراندا بمێنێتەوە.

## کردنەوەی بەرەیەکی نوێی جەنگ: هەرێمی کوردستان لەژێر هێرشی میلیشیا شیعەکاندا

لە گەرمەی جەنگی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێراندا، تاران بەتەنیا ڕاستەوخۆ هێرشی نەکردە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵکوو هێزە بەوەکالەتەکانیش لە عێراق هێرشی بەرفراوانیان کردە سەر هەرێمی کوردستان. سەرچاوە کوردییەکان ئاماژەیان بەوە کرد کە لە ٢٨ی شوبات تا ٨ی نیسانی ٢٠٢٦، زیاتر لە ٠[illegible] درۆن و مووشەک ئاراستەی هەرێمی کوردستان کراون. هەروەها لەدوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە ٨ی نیسانی ٢٠٢٦، زیاتر لە ٣٠ هێرشی مووشەکی و درۆنی کراونەتە سەر هەرێم.

ئامانجی هێرشەکانی گرووپە چەکدارەکان جۆراوجۆر بوون، لەوانە: کونسوڵخانەی ئەمریکا، هۆتێل و شوێنە مەدەنییەکان، ژێرخانی ئابووری، کێڵگەکانی نەوت و گاز، بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا، بنکەکانی پێشمەرگە، فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر و هەریر و، کەمپەکانی نیشتەجێبوونی هاووڵاتیانی کوردی ئێرانی (کوردانی ڕۆژهەڵات). نەک هەر ئەمە، بەڵکوو لە ٢٨ی ئاداری ٢٠٢٦، گرووپە میلیشیاکان بە

هێرشی درۆنی، شوێنی نیشتەجێبوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، "نێچیرڤان بارزانی"یان لە دهۆک کردە ئامانج. ئەمە لە کاتێکدا کە پێشتر "بارەگای بارزانی" پێنج جار بەئامانج گیرابوو.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، لە بەرامبەر ئەم هەموو هێرشانەدا، حکوومەتی عێراق هیچ هەنگاوێکی جددیی دژی ئەم گرووپە میلیشیایانە نەهاوێشت. لێرەدا هۆکارەکان جۆراوجۆرن سەبارەت ئەوەی بۆچی حکوومەتی عێراق بەرامبەر ئەم هەموو هێرشانە بێدەنگ بوو: یەکەم، حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بە شێوەیەکی گشتی حەز و ئیرادەیان نەبووە و نییە ڕێگری لە هێرشی میلیشیا شیعەکان بۆ سەر هەرێم بکەن و تەنانەت زۆر جاران پێیان خۆش بووە ئەم گرووپە میلیشیایانە هێرش بکەنە سەر هەرێم. بەتایبەت زۆر جاران بەرپرسانی عێراق، گرووپە میلیشیاکانیان وەک ئامرازێکی گوشار دژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەکار هێناوە بۆ سەپاندنی سیاسەتی خۆیان بەسەر هەرێمی کوردستاندا.

لە زۆر کاتدا حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڵگەی ڕوونی داوەتە بەرپرسانی عێراق سەبارەت سەرچاوەی هێرشەکان و ئەوانەی هێرشەکان ئەنجام دەدەن، بەڵام، لەبری ڕێگریکردن لە هێرشەکان و دەستگیرکردنی تاوانباران، دەسەڵاتی بەغدا سیاسەتی خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتیی گرتۆتە بەر و، هیچ ڕێوشێنێکی نەگرتۆتە بەر دژی ئەو گرووپانە.

هۆکاری دیکە، پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە حکوومەتی عێراق دەسەڵاتی بەسەر ئەم گرووپانەدا ناشکێت و، ناتوانێت هەنگاوی کاریگەر بۆ دژایەتییان بگرێتە بەر. تەنانەت لە کاتی جەنگی ئەمریکا و ئێراندا، گرووپە چەکدارەکان لە ١٤ی ئادار، هۆشدارییەکی توندیان دایە سەرۆکوەزیرانی عێراق، کە ئەگەر یەک ئەندامیان دەستبەسەر بکرێت، سەرۆکوەزیرانیش دەکوژن! بۆیە، ئەم گرووپانە بە شێوەیەکی سەربەخۆ کار دەکەن و حکوومەتی عێراق هیچ دەسەڵاتێکی بەسەریانەوە نییە. ئەمە لە کاتێکدایە، حکوومەتی عێراق مووچە، چەک و پارە بەم گرووپانە دەدات. بەڵام هەمان ئەو گرووپانە هەڕەشەی کوشتنی سەرۆکوەزیران دەکەن ئەگەر سیاسەتێک پراکتیزە بکات دژی بەرژەوەندییەکانیان بێت.

بۆیە دەتوانین بڵێین لە عێراقدا دوو دەوڵەت هەیە: دەوڵەتێکی فەرمی کە زۆر شکڵییە و دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی نییە و، "دەوڵەتی قووڵ" کە لەلایەن گرووپە میلیشیاکانەوە ئاراستە دەکرێت و هەژموونی تەواوی بەسەر پرۆسەی سیاسی و سەربازیدا هەیە لە عێراق.

هۆکارێکی تریش، پەیوەندیی بەوەوە هەبووە کە سوودانی خۆی هیچ نییەتێکی نەبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم گرووپانە، چونکە بەشێکیان هاوپەیمانی سوودانی بوون و تەنانەت لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانیشدا لە لیستەکەیدا بەشدار بوون.

لە لایەکی تریشەوە، ئەوەی بۆ سوودانی گرنگ بوو، پاریزگاریکردن بووە لە پێگە و دەسەڵاتەکەی، نەک پارێزگاریکردن لە سەروەری و سیادەی عێراق یاخود ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گرووپە میلیشیاکان. بەتایبەت سوودانی لەو ڕاستییە تێ گەیشتبوو ئەگەر ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی گرووپە میلیشیاکان ببێتەوە، دەرفەتی بوون بە سەرۆکوەزیران بۆ جاری دووەم لەدەست دەدات. بەتایبەتی، گرووپە چەکدارەکان تەنیا هێزی چەکدار نین، بەڵکوو لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە پێگەی گرنگیان هەیە و لە پەرلەماندا ژمارەیەکی قورس و کاریگەرییان لەسەر تەواوی پرۆسەی سیاسی هەیە. سەرەڕای پراکتیزەکردنی ئەم سیاسەتەیش، بەڵام سوودانی هەر نەیتوانی دووبارە پۆستی سەرۆکوەزیران وەربگرێتەوە و، لە کۆتاییدا

لە کێبڕکێکە دوور خرایەوە.



## ئێرانی دوای کۆتاییهاتنی جەنگ و مەترسییەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان

ئەوەی ڕاستی بێت، جەنگی ئەمریکا و ئیسرائیل دژی ئێران، لە داهاتوودا کاریگەری و لێکەوتەی زۆری دەبێت بۆ هەرێم؛ بەتایبەت کە سیاسەتی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ ڕووخانی سیستەمی سیاسی لە ئێران ڕووبەڕووی شکست بووەتەوە. گومانی تێدا نییە ئەگەر هاوکێشەکان بە شێوەیەی ئێستا بمێننەوە و ئێران وەک دەسەڵات و سیستەم بمێنێتەوە، گوشاری زۆر دەخرێتە سەر هەرێم. بەتایبەت ئێرانی دوای جەنگ، پێ دەچێت سیاسەتێکی زۆر توندتر بەرامبەر هەرێم بگرێتە بەر. لە لایەک چاوەڕێ دەکرێت ئێران هەوڵ بدات گوشاری زیاتر بخاتە سەر هەرێم و تەنانەت زیاتر کار بۆ ناسەقامگیرکردنی بکات. لە لایەکی دیکەیشەوە ئێران زیاتر لە جاران پاڵپشتیی هێزە پرۆکسییەکانی دەکات، بەتایبەت لە عێراقدا و، تەنانەت لەسەر ئاستی ناوچەکەیش پێ دەچێت ئێران سیاسەتێکی زۆر توندڕەوانەتر پراکتیزە بکات. لەم بارەیەوە، هەرێمی کوردستان لەوانەیە زیاتر لە هەر لایەنێکی دیکە، بەرامبەر سیاسەتی نوێی ئێران نیگەران بێت.

یەکێک لە ئەگەرە هەرە بەهێزەکان ئەوەیە کە ئێران لە هێرشەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت؛ وەک ئەوەی ئێستا دەیکات، کە وێرای ڕاگەیاندنی ئاگربەست، بەڵام لەم ماوەیەدا ئێران بەردەوام بووە لە بۆردوومانکردنی هەرێم لە ڕێگەی درۆن و مووشەکەوە. هەروەها ئەو ئەگەرەیش بەهێزە، کە ئێران هەوڵ بدات ئۆپەراسیۆنی زەمینی لەناو خاکی هەرێمی کوردستان دژی گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات ئەنجام بدات؛ بەتایبەتی پاش ئەوەی ڕاپۆرتە جیهانییەکان ئاماژەیان بەوە کرد کە CIA و مۆساد، هانی هێزە ئۆپۆزیسیۆنە کوردییەکانی ئێرانیان داوە بۆ چوونەناو خاکی ئێران لە ماوەی جەنگەکەدا. بۆیە، پێ دەچێت ئێران هەوڵ بدات هەموو ئەم مەترسییانە لە داهاتوودا نەهێڵێت و هەمان سیناریۆی "موجاهیدینی خەلق" لەگەڵ هێزە کوردییەکان دووبارە بکاتەوە. جگە لەوەیش، ئێران زیاتر هێزە پرۆکسییەکانی لە عێراق هان دەدات بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستان. لە لایەکی تریشەوە، لەوە دەچێت گوشاری زیاتر بخاتە سەر حکوومەتی عێراق ـ کە لەلایەن شیعەکانەوە سەرکردایەتی دەکرێت ـ بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی توندتر بەرامبەر هەرێمی کوردستان.

بۆیە گرنگە هەرێمی کوردستان خۆی بۆ ئەم سیناریۆیانە ئامادە بکات. لەم بارەیەوە، پێویستە هەرێم داوا لە ئەمریکا بکات سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی دژەمووشەک و درۆن لە هەرێم جێگیر بکات بۆ ئەوەی بتوانێت ئاسمانی خۆی بپارێزێت.

سەرچاوەکان

-

-


- Ahmed, Z. R., & Shukri, N. (2022). *What do Iran's protests mean for Iraq and the Kurdistan Region?*The Washington Institute for Near East Policy. .https://www.washingtoninstitute.org
- Gambrell, J., Sewell, A., & Abdul-Zahra, Q. (2025, July 29). *How Iraq's leader kept the country neutral in the Israel-Iran war*. Associated Press. https://apnews.com/article/76f33efb8a903361b01eaed6b96ec040
- Kurdistan Regional Government (KRG). (2024–2025). *Official statements on regional security developments*. https://presidency.gov.krd
- "Statement Issued by the Ministry of Peshmerga Affairs," بيان صادر عن وزارة البيشمركة في إقليم كوردستان2025.
- Mohtadi, A., Bradost, S., & Pollock, D. (2022, December 13). *Kurds against the Iranian regime: Internal and regional implications*. The Washington Institute for Near East Policy. https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/kurds-against-iranian-regime-internal-and-regional-implications
- March 5). *The Kurdish struggle for rights and land*. ,2026) https://www.reuters.com/world/middle-east/kurdish-struggle-rights-land-2026-03-05
- *Iran threatens targeting Kurdistan Region facilities if opposition* .(2022) *parties cross border*. https://www.rudaw.net
- *Iran strikes Kurdish opposition group in Iraq*. .(2022) https://www.rudaw.net
- *KRG condemns continued rocket and drone attacks, criticizes* .(2025) *Iraqi government silence*. https://www.rudaw.net
- *Kurdistan Region hit by over 700 drones and missiles*. .(2025) https://www.rudaw.net

- *Iraq's top judge warns armed groups against escalation*. .(2025) https://www.rudaw.net
- Tasnim News Agency. (2025). *IRGC Central Headquarters warning to Kurdistan Region officials*. X (formerly Twitter). https://x.com
- Toomey, B. (2026, March 1). *Iraqi Shiite militias join the war between Israel, the US, and Iran with drone attacks*. FDD's Long War Journal. https://www.longwarjournal.org/archives/2026/03/iraqi-shiite-militias-join-the-war-between-israel-the-united-states-and-iran-with-drone-attacks.php
- Al Arabiya English. (2026, March 24). *Airstrikes target HQ and leader of Iran-backed militia umbrella group in Iraq*. https://english.alarabiya.net
- Lawk Ghafuri. (2025). *Post on regional security threats*. X (formerly Twitter). https://x.com/LawkGhafuri/status/2036741359680303558


---

# ئەو ئاڵنگارییانەی ڕووبەڕووی سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراوی عێراق "عەلی ئەلزەیدی" دەبنەوە

**ئەو ئاڵنگارییانەی ڕووبەڕووی سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراوی عێراق "عەلی ئەلزەیدی" دەبنەوە**


**نووسینی: یەکەی دیراساتی عێراق (Iraq Studies Unit)**

**وەرگێڕانی بۆ کوردی: پێنووس**


## پێشەکی

سەرکردەکانی "چوارچێوەی هەماهەنگی"ی شیعە (CF) گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی، دوای چەندان مانگ لە مانۆڕی سیاسی، ڕێک کەوتن لەسەر ڕاسپاردنی بازرگان **عەلی ئەلزەیدی** بۆ پێکهێنانی

حکوومەتێکی نوێ. کاندیدکردنی ئەو، بە مەبەستی شکاندنی بنبەستی سیاسی، کەمکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان کوتلە شیعەکان و کەمکردنەوەی گوشارە ڕوولەزیادبووەکانی ئەمریکایە.

پاشخانی ئابووریی سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراو، لایەنگرینەکردنی بۆ ناوەندە سیاسییە دەسەڵاتدارە چەسپاوەکان و، پێویستیی لایەنە جیاوازەکان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی پێکهێنانی حکوومەت، هەموویان ئەو هۆکارانەن کە دەتوانن هەلی بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی پەرلەمان بۆ زەیدی بەهێز بکەن. بەڵام ئەو هاوکێشە سیاسییە ناجێگیرەی کە لە کۆتاییدا بووە هۆی هەڵبژاردنی زەیدی، بەناچاری سروشتی بژاردەکانی حکوومەت و ئەو ستراتیژییەیش دادەڕێژێت کە زەیدی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاڵنگارییانەی بەردەمی بەکاری دەهێنێت.

ئەم ئاڵنگارییانە بریتین لە: قەیرانە ناوخۆییە ئابووری، ئەمنی و سیاسییەکان، هەروەها پەیوەندییە دەرەکییەکانی عێراق، کە بەهۆی جەنگی ئەم دواییەی ئەمریکا و ئیسرائیل دژی ئێران بەتوندی تێک چوون. ئەم ململانێیە عێراقی ناچار کردووە بەرەو بژاردەی بێپێشینە بڕوات لە بواری پێگەی ناوچەیی خۆی لە نێوەندی ئەوەی کە زۆرێک لە وڵاتانی ناوچەکە وەک ململانێیەکی حەتمی دەیبینن.

ئەم توێژینەوەیە باس لەو ئاڵنگارییانە دەکات کە ڕووبەڕووی حکوومەتە چاوەڕوانکراوەکەی ئەلزەیدی دەبنەوە و لێکۆڵینەوە لەوە دەکات ئایا عێراق دەتوانێت بەرەو ڕێگەیەکی جیاواز لەوەی پێش خۆی ببات یان نا.

## چوارچێوەی هەماهەنگی: درێژکردنەوەی قۆناغی گواستنەوە

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی عێراق کە لە تشرینی دووەمی ٢٠٢٥ بەڕێوە چوو، بووە هۆی بنبەستێکی سیاسی پێنج مانگی لەسەر پێکهێنانی حکوومەتی نوێ. دابەشبوونی کورسییەکانی پەرلەمان، چەندان ڕکابەری بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران دروست کرد کە ئەجێندا و ئاراستەی فرەجۆریان هەبوو. ئەمەیش لەبەرامبەردا، بووە هۆی دروستبوونی جیاوازی لەنێوان ئەو هێزانەی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی کە بەرپرسیار بوون لە کاندیدکردنی سەرۆکوەزیران.

ململانێیەکی ئاشکرا لەنێوان نووری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی پێشوو (کە کاندیدبوونی لەلایەن دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکاوە ڕەت کرایەوە) و محەمەد شیاع سوودانی، سەرۆکوەزیرانی کاربەڕێکەر (کە دواتر ئەویش ڕووبەڕووی تێبینییەکانی ئەمریکا بووەوە) سەری هەڵدا. ئەمە وای کرد گەڕان بەدوای کاندیدی تەوافوقیدا دەست پێ بکات، کە لە ئەنجامدا لایەنە ڕکابەرەکان لەسەر کاندیدکردنی بازرگان و بانکدارێکی تەمەن ٤١ ساڵ بە ناوی "عەلی ئەلزەیدی" بۆ ئەو پۆستە ڕێک کەوتن.

لە ٢٧ی نیسانی ٢٠٢٦، سەرۆککۆماری عێراق بەفەرمی ئەلزەیدیی ڕاسپارد بۆ پێکهێنانی حکوومەتەکەی لە ماوەی یەک مانگدا و پێشکەشکردنی بە ئەنجومەنی نوێنەران بۆ پەسەندکردن.

هەڵبژاردنی ئەلزەیدی ڕەنگدانەوەی هەم ڕکابەرییە ناوخۆییەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی بوو (کە نزیکەی ١٧٥ کورسیی پەرلەمانییان هەیە و زۆربەیان بە میلیشیا لایەنگرەکانی ئێرانەوە بەستراونەتەوە)

و، هەم ڕەنگدانەوەی چوارچێوە فراوانەکەی جەنگی نێوان ئێران لە لایەک و ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل لە لایەکی دیکە بوو.

لە ناوخۆی عێراقدا، لایەنە شیعەکان بەسەر دوو ئاڕاستەدا دابەش ببوون: پێکهێنانی حکوومەت لە کاتی جەنگدا، کە ئەم هەڵوێستە لەلایەن فایەق زەیدان، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەرییەوە سەرکردایەتی دەکرا و داوای پابەندبوونی بە وادە دەستوورییەکان دەکرد و لەلایەن هەندێک هێزی شیعەوە پاڵپشتی دەکرا؛ یان دواخستنی پێکهێنانی حکوومەت تا ئەو کاتەی ئەنجامی جەنگی ئێران ڕوون دەبێتەوە؛ کە ئەمەیش هەڵوێستی زۆربەی هێزەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی بوو و لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرا، کە پرۆسەی پێکهێنانی حکوومەتی عێراقی وەک کارتێکی گوشار لە دانوستانەکان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبینی. دەرەنجامێکی حەتمیی ئەم ئاڕاستەیە، پاراستنی ئەو بۆشاییە سیاسییە بوو کە لە کاتی جەنگەکەدا باڵادەست بوو، ئەمەیش بۆ دڵنیابوون لەوەی بەغدا هەنگاوی وا نەنێت کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئێراندا دژبەیەک بێت.

سەیر نییە کە زۆربەی لایەنەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی، بژاردەکانی خۆیان بەپێی ڕێڕەوی جەنگەکە هەژمار کردبوو. بەپێی زانیارییە بەردەستەکان، ئەوان ئامادە بوون یان حکوومەتێک پێک بهێنن کە بەردەوام بێت لە تێوەگلانی عێراق لە پرۆژەی ئێران (ئەگەر ئێران بەبێ زیان لە ڕووبەڕووبوونەوەکە دەربچێت)، یان ئاڕاستەکەیان بگۆڕن هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا (ئەگەر جەنگەکە ببوایە هۆی ڕووخانی ڕژێمی ئێران). کەواتە بڕیاری دواخستنی پێکهێنانی حکوومەت ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە ڕەوتی جەنگی ئێران. سەرکردە دێرینەکانی شیعە – کە نەیانتوانی چوارچێوەیەکی ڕوون بۆ ئاڕاستەی حکوومەت لە کاتی جەنگدا دابنێن – بژاردەی کڕینی کاتیان هەڵبژارد. ئەم ستراتیژە، درێژ بووەوە بۆ قۆناغی ئاگربەستیش، کە ئەویش نەیتوانی ئەنجامی یەکلاکەرەوە بەدەست بهێنێت. عێراق زیانی زۆری بەرکەوت چونکە لە کۆڵەکەیەکی پاڵپشتیکاری ئابوورییە سزادراوەکەی ئێرانەوە، گۆڕدرا بۆ گۆڕەپانێک بۆ فراوانکردنی مەودای جەنگەکە، کاتێک میلیشیا لایەنگرەکانی ئێران وڵاتانی عەرەبی دراوسێیان کردە ئامانج.

هەڵبژاردنی کۆتایی ئەلزەیدی لەلایەن سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگییەوە – بە لەبەرچاوگرتنی پاشخانی وەک بازرگانێکی گەنج کە بەقوولی لە دیمەنی سیاسی و گرێبەستە حکوومییەکانی عێراق تێوە گلاوە و، نەبوونی لایەنگیریی سیاسی بۆ هیچ لایەنێک، لەوانەیش گرووپە چەکدارەکان – ڕەنگدانەوەی هەم دڵنیانەبوون بوو لە ئەنجامی جەنگەکە و هەم ئەگەری سەرهەڵدانەوەی. هەروەها خواستی درێژکردنەوەی قۆناغی گواستنەوەی نادیاری عێراقی نیشان دا.

ئەگەر جەنگ لە ماوەی ئەو مانگەدا دەست پێ بکاتەوە، کە بۆ پێکهێنانی حکوومەت تەرخان کراوە، ئەمە دەکرێت یان ببێتە هۆی کشانەوەی کاندیدکردنی ئەلزەیدی لە بەرژەوەندیی کەسایەتییەکی سیاسیی دیکە، یان پێکهێنانی حکوومەتێک بە هەمان تایبەتمەندیی گواستنەوە، کە ئەگەری هەیە بۆ ساڵێک یان زیاتر بەردەوام بێت تاوەکوو هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام دەدرێت یان تاوەکوو هەڵبژاردنی داهاتوو، کە دەکەوێتە ساڵی ٢٠٢٩.

## جەنگ و پێگەی هەڵەی عێراق

جەنگی ئەم دواییەی نێوان ئێران لە لایەک و ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل لە لایەکی دیکە – کە هێرشەکانی ئێرانی بۆ سەر وڵاتانی کەنداوی عەرەبی، ئوردن و خودی عێراقیش لەخۆ گرتبوو – کەموکورییەکی بنەڕەتیی لە پێگەی ناوچەیی عێراقدا دەرخست. ئەم لاوازییە لەوانەیە هۆکاری سەرەکی بێت لەپشت زۆربەی قەیرانە ناوخۆییەکانی ئێستای عێراق.

ململانێکان ئەوەیان ئاشکرا کرد کە ئاستی دزەکردنی میلیشیا لایەنگرەکانی ئێران بۆ ناو دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق، هەروەها پرچەککردن و توانای ئۆپەراسیۆنییان، زۆر زیاتر بوو لەوەی پێشتر لەلایەن ئەکتەرە ناوچەییەکان و ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە مەزەندە دەکرا. ئەم ڕاستییە هەروەها پێچەوانەی دڵنیاییە فەرمییەکانی عێراق بوو کە دەیوت میلیشیاکان لە کۆتاییدا دەکرێت چەک بکرێن و بخرێنە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت – ئەرکێک کە دەرکەوت لە توانای حکوومەتی پێشوودا نەبووە، بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەکەی و سروشتی ئەو هێزانەی پاڵپشتییان دەکرد.

ڕاستییەکەی، لە ساڵانی یەکەمی حکوومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی (٢٠٢٢-٢٠٢٦)، میلیشیا شیعەکان – چ لە ڕێگەی هێزەکانی حەشدی شەعبی (PMF) کە پەردەی یاسایی و پاراستنی فەرمیی بۆ ئەندامەکانیان دابین دەکرد، یان لە ڕێگەی تۆڕە سەربەخۆکانی خۆیانەوە – هەژموونی خۆیان لە سەرانسەری کایەی گشتیی عێراقدا فراوانتر کرد. ئەوان خۆیان لەناو دامەزراوە ئەمنی، سەربازی، سیاسی و تەنانەت ئابووری و خزمەتگوزارییەکانیشدا جێگیر کرد.

هەرچەندە حکوومەتەکەی سوودانی جێگیرییەکی ڕێژەیی بەدەست هێنا، بەڵام بەهۆی دوو هۆکاری سەرەکییەوە فشەڵ بوو: یەکەم، کشانەوەی تەواوەتیی ڕەوتی سەدری (SM) - ڕکابەری سەرەکیی هێزەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی کە زۆربەی میلیشیاکانی سەر بەوانن – لە هاوکێشە سیاسییەکە. ئەمە ڕێگەی دا بە ئارامییەکی ڕێژەیی دوای ماوەیەک لە گرژی و پێکدادان. دووەم، تێکەڵکردنی دیارترین میلیشیاکان کە بڕبڕەی پشتی حەشدی شەعبی پێک دەهێنن – وەک کەتائیبی حزبوڵڵا، عەسائیبی ئەهلی هەق، جند ئیمام، بزووتنەوەی نوجەبا، ئەنسارولڵا ئەوفەیا و، ڕێکخراوی بەدر – بۆ ناو حکوومەتەکەی سوودانی. ئەم تێکەڵبوونە شێوەی دامەزراندنی سیاسی و کارگێڕیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، گرێبەستی ئابووریی گەورە لەگەڵ دەوڵەت و، ئەو گرێبەستانەی گرتەوە کە کۆمپانیای "ئەلموهەندیس" بەدەستی دەهێنان؛ کە وەک باڵی ئابووریی حەشدی شەعبی لە ڕۆژانی سەرەتای حکوومەتەکەی سوودانی دامەزرا.

ئەو فۆرمۆلەیەی حکوومەتی پێشووی عێراقی لەسەر پێک هێنرا، لەسەر بنەمایەکی نیمچەگشتی بوو: "بەڵێنی سوودانی بۆ کۆنترۆڵکردنی سیاسییانەی گرووپە چەکدارەکان و گۆڕینی ڕەفتاری سەربازییان بەرەو تێکەڵبوون لە ژیانی سیاسی و مەدەنی." ئەم بنەمایە ڕەزامەندیی ناڕاستەوخۆی ئیدارەی جۆ بایدن، سەرۆکی پێشووی ئەمریکای بەدەست هێنا، کە چاوپۆشیی لە هەبوونی ئاشکرای سەرکردەی میلیشیاکان و نوێنەرەکانیان لەناو کایەی گشتیی فەرمیدا دەکرد، هەروەها چاوپۆشیی لە دزەکردنیان بۆ ناو دامەزراوە ئەمنییە هەستیارەکان وەک دەزگەی هەواڵگری، دەزگەی دژەتیرۆر، سوپا و وەزارەتی ناوخۆ دەکرد.

هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر بە حکوومەتی پێشوو، هەروەها ڕێگەی بە وڵاتانی عەرەبی و کەنداو دا کە بەردەوام بن لە مامەڵەکردن لەگەڵ دیمەنە سیاسییە ئاڵۆزەکەی عێراق. ئەمەیش بونیادنان لەسەر کرانەوەی

سیاسی و ئابووریی پێشوو، فراوانکردنی هاوکاری، هاندانی وەبەرهێنان و، گوشارخستنە سەر عێراق بوو بۆ پەرەوکردنی گەشەپێدانی ناوخۆیی و پەیوەندییە دەرەکییە هاوسەنگەکان – بەتایبەتی بە کەمکردنەوەی لایەنگیرییەکەی بۆ میحوەرە ئێرانییەکە و سنووردارکردنی هەژموونی بریکارەکانی ئێران.

هەڵوێستە نێودەوڵەتییەکان تا ڕاددەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی ئەم ئاڕاستەیە بوون. زۆرێک توانای عێراقیان بۆ ڕێکخستنەوەی ڕۆڵی جیۆپۆلیتیکی خۆی بە ئەرێنی دەبینی؛ بەمەیش ئەو ناهاوسەنگییە ستراتیژییەی ڕاست دەکرایەوە کە بەهۆی ئامادەنەبوونی وڵاتێکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دەوروبەری سروشتی ناوچەیی خۆی و تێکەڵبوونی لەگەڵ میحوەرە ئێرانییەکە دروست ببوو، کە گەورەترین فراوانبوونی ناوچەیی خۆی دوای داگیرکاریی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ دەست پێ کرد.

هەرچەندە ئیدارەی ترەمپ دیدگەیەکی جیاوازی بۆ سیاسەتی ناوچەیی ئەمریکا هێنا، بەڵام وریا بوو کە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لەو ئاڕاستە گشتییەدا نەکات کە ئیدارەی پێشوو بەرامبەر بە عێراق گرتبوویە بەر. ئەمەیش بەردەوامیی پاڵپشتیی حکوومەتی بەغدا، جێبەجێکردنی خشتەی کاتیی پاشەکشەی سەربازیی ئەمریکا لە عێراق و، تێوەگلانی ئابووریی زیاتر لەگەڵ ئەم وڵاتەدا بوو، تەنانەت لە کاتێکدا عێراق وەک "سەرێشەیەکی درێژخایەن" بۆ داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمریکا مابووەوە.

لە کاتێکدا واشنتۆن بەردەوام بوو لە سیاسەتی کۆنترۆڵکردنی میلیشیا عێراقییەکان لە ڕێگەی سزاکانەوە، کە تۆڕە ئابوورییەکانیان و ئەو پارانەی بۆ ئێران قاچاخ دەکران دەکردە ئامانج، لە هەمان کاتدا هەوڵی دا عێراق لە "جەنگی دوازدە ڕۆژە" لەگەڵ ئێران لە حوزەیرانی ٢٠٢٥ بپارێزێت. لەو کاتەدا هەوڵێکی چڕ درا بۆ ڕێگریکردن لەوەی عێراق ببێتە گۆڕەپانی ململانێ، لەوانە گوشاری ڕاستەوخۆی ئەمریکا بۆ سەر ئیسرائیل بۆ دوورکەوتنەوە لە بەئامانجگرتنی خاکی عێراق؛ تەنانەت دوای ئەوەی گرووپە عێراقییەکان هێرشی درۆنییان بۆ سەر ئیسرائیل ڕاگەیاند و، بەغدا بوو بە ناوەندێکی پاڵپشتیی لۆجستی، گواستنەوەی چەک و دابینکردنی پارە بۆ حزبوڵڵا لە لوبنان و بزووتنەوەی حووسییەکان لە یەمەن، کە هەردووکیان لەگەڵ ئیسرائیل لە ململانێدا بوون.

بەڵام گەشبینی سەبارەت بە کاریگەریی ئەم سیاسەت و هەڵوێستانە، بەخێرایی لە یەکەم ڕۆژەکانی جەنگی ئەم دواییەدا لەناو چوو، کە تێیدا میلیشیا عێراقییەکان ڕاستەوخۆ تێوە گلان بە ئەنجامدانی سەدان هێرش بۆ سەر وڵاتانی کەنداوی عەرەبی، ئوردن، هەرێمی کوردستان و دامەزراوە هەواڵگری و سەربازییەکانی عێراق لە بەغدا و بەسرە.

تێوەگلانی میلیشیاکان لە جەنگی ئەم دواییەی ئێراندا، بە شێوەیەکی بنەڕەتی هەڵسەنگاندنە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی بۆ پێگەی فەرمیی عێراق لەناو ململانێ فراوانەکەدا و ئەو ئامرازانەی کە ئەو پێگەیەی پێ پیادە دەکرێت، گۆڕی. ئازادیی جووڵەی میلیشیاکان لە سەرانسەری خاکی عێراقدا بێتوانایی بەغدای بۆ ڕاگرتنیان دەرخست؛ ئەمەیش ئەو گریمانە پێشووانەی سەبارەت بە توانا، یەکگرتوویی و دڵسۆزیی دامەزراوە ئەمنی و سەربازییە فەرمییەکانی عێراق تێک شکاند. لە ئەنجامدا، بارودۆخی عێراق ئێستا لەسەر هەردوو ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دووبارە هەڵسەنگاندنێکی فراوانی بۆ دەکرێت.

ئەم گۆڕانکارییە لە وتارەکانی ئەمریکادا ڕەنگ دەداتەوە کە ڕاستەوخۆ حکوومەتی عێراق تۆمەتبار دەکەن بە دابینکردنی چەتر بۆ هێرشی میلیشیاکان، هەروەها لە ناڕەزایەتییە فەرمییەکانی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی و ئوردن سەبارەت بەو هێرشانەی لە خاکی عێراقەوە ئەنجام دراون.

هەموو ئەمانە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراودا ڕەنگ دەدەنەوە، کە هەنگاوێکی یەکلاکەرەوەیە لە پێناسەکردنی ڕۆڵی حکوومەتەکەی ئەلزەیدی. ئەگەر لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند بکرێت، سیاسەتەکانی حکوومەتە نوێیەکە وەڵامی گرنگ بۆ نیگەرانییە عەرەبی و نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە پەیوەندییەکانی داهاتووی عێراق لەگەڵ دراوسێ عەرەبەکانی و کۆمەڵگەی جیهانی بەگشتی دابین دەکات. ئەو ئاڕاستەیەی دەیگرێتە بەر، دیاری دەکات کە چەندە بە کاریگەری دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئەو ئاڵنگارییانەدا بکات کە ڕووبەڕووی وڵاتەکە بوونەتەوە.

## ئەو ئاڵنگارییانەی ڕووبەڕووی حکوومەتی نوێی عێراق دەبنەوە

### یەکەم: دۆسیەی میلیشیاکان

یەکێک لە ئاڵنگارییە هەرە بەپەلەکان، پرسی میلیشیاکانە. جەنگەکە هەژموونی بەرچاوی ئەم گرووپانەی لە عێراق و سەختیی تێکەڵکردنیان لەناو سیستەمی سیاسیدا دەرخست، چونکە چالاکییە چەکدارییەکانیان بە شێوەیەکی پەرەسەندوو لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەت فراوان دەبن. هەوڵەکان بۆ جیاکردنەوەی نێوان میلیشیا یاساییەکان و ئەوانەی لە دەرەوەی یاسا کار دەکەن، بێکاریگەربوونیان سەلماندووە. عێراق دەبێت سنووری یاسایی ڕوون لەنێوان قەوارەی فەرمیی حەشدی شەعبی و ئەو گرووپە چەکدارانەی کە لەژێر چەتری ئەودا بەردەوامن لە کارکردن، دابنێت.

چارەسەرکردنی ئەم پرسە لە ڕێگەی ڕێوشوێنی یاسایی و ئەمنییەوە ئەرکێکی قورسە بۆ حکوومەتێک کە پاڵپشتییەکی سیاسیی بەهێزی نییە، وەک ئیدارە چاوەڕوانکراوەکەی ئەلزەیدی. گوشارەکانی ئەمریکا لەدوای جەنگ جەختیان لەسەر ناهاوسەنگیی هێز لەنێوان میلیشیاکان و دەوڵەتی عێراق کردووەتەوە؛ ئەمەیش ئەلزەیدی دەخاتە پێگەیەکەوە کە دەبێت داواکارییەکانی ئەمریکا لەگەڵ چاوەڕوانییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا هەڵسەنگێنێت. ئەم گوشارانە ئاماژەن بۆ پێویستیی چوارچێوەیەک بۆ ئاڕاستەکردنی حکوومەت، لەوانە:

1. **بڵاوەپێکردنی ستراتیژیی یەکەکانی حەشدی شەعبی:** ڕەنگە حەشدی شەعبی ڕووبەڕووی دووبارە بڵاوەپێکردنەوەی جوگرافی ببێتەوە، بە کەمکردنەوەی ئامادەیی لە ناوچە دیاریکراوەکان بۆ لەپێشینەدانی بڵاوەپێکردنی سوپای عێراق. ئەمە بەتایبەتی لە ناوەندی شارەکان و ناوچە سنوورییەکاندا گرنگە، کە هێرشەکان بۆ سەر وڵاتانی کەنداوی عەرەبی، ئوردن و هەرێمی کوردستانی عێراق لەوێوە سەرچاوەیان گرتووە. پلانەکان هەروەها دووبارە ڕێکخستنەوەی حەشدی شەعبی و دووبارە گواستنەوەی چەکدارەکان بۆ ناو دامەزراوە ئەمنییە ناوخۆییەکان لە ماوەی خشتەیەکی کاتیی دیاریکراودا دەگرێتەوە.
2. **ڕێکخستنی ئاستی پڕچەککردن:** چەکەکانی حەشدی شەعبی و گرووپەکانی سەر بەوان – بەتایبەتی چەکە قورسەکانی وەک مووشەک و درۆنە دوورهاوێژەکان – دەکرێت بکەونە ژێر

ڕێکخستنی توندترەوە، لەوانە: کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی سوپا بەسەر درۆن، مووشەک و چەکە قورسەکاندا.

3. **پێداچوونەوە بە چالاکییە ئابوورییەکان:**گرێبەست و ئۆپەراسیۆنەکانی کۆمپانیای گشتیی "ئەلموهەندیس"ی سەر بە حەشدی شەعبی، دەبێت وردبینییان بۆ بکرێت، لەگەڵ ئەو ناوچانەی کە میلیشیاکان دەستیان بەسەردا گرتووە و وەک بنکە بۆ هێرشکردنە سەر وڵاتانی دراوسێ و، هەروەها هەرێمی کوردستان بەکاریان هێناون.
4. **جێبەجێکردنی یاسای چەک:**دەسپێشخەری پێویستە بۆ دەستبەسەرداگرتنی چەکە بێمۆڵەتەکان، هەڵوەشاندنەوەی بنکەکانی میلیشیاکان و وەرگرتنەوەی ئەو ناوچانەی کە بۆ ماوەیەکی درێژ لەژێر دەستی میلیشیاکاندایە.
5. **دوورخستنەوەی میلیشیاکان لە حوکمڕانی:**دەبێت میلیشیاکان لە بەشداریی ڕاستەوخۆ لە حکوومەتدا قەدەغە بکرێن، لەگەڵ گرتنەبەری هەنگاو بۆ دوورخستنەوەی ئەو ئەندامانەی میلیشیاکان کە لە سەردەمی ئیدارەی پێشوودا پۆستی سەرکردایەتییان لە دامەزراوە مەدەنی، ئەمنی و سەربازییەکاندا وەرگرتووە.

سەرکەوتنی حکوومەتەکەی ئەلزەیدی لە جێبەجێکردنی ئەم ڕێوشوێنانە بەبێ پاڵپشتیی سیاسیی بەهێز، بەتایبەتی لەلایەن چوارچێوەی هەماهەنگییەوە، کارێکی سەخت دەبێت. بەڵام ئەلزەیدی توانای ئەوەی هەیە کە بەدوای چاکسازییە ئەمنی و کارگێڕییە مانادارەکاندا بگەڕێت – چ لە ناو حەشدی شەعبی یان دامەزراوە ئەمنییەکانی دیکەدا – کە دەتوانێت ببێتە نیشانەی پێشکەوتن لە چارەسەرکردنی کێشەی میلیشیاکان لە عێراقدا.

## دووەم: قەیرانی ئابووری

عێراق ئێستا لە ململانێدایە لەگەڵ قەیرانێکی ئابووریی فرەڕەهەند، کە زۆربەیان پێکهاتەیین و ڕەگیان لە ئابوورییە ڕەیعی (ڕانتی)یەکەیدایە کە بەتوندی پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت. ناچالاکی لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەت کێشەکەی ئاڵۆزتر کردووە، چونکە بەشێکی زۆری بوودجە بەبێ بەدەستهێنانی دەرەنجامی مانادار بەکار دەبردرێت.

داخستنی گەرووی هورمز لەلایەن ئێرانەوە قەیرانەکەی زیاتر تەقاندەوە؛ بووە هۆی پەککستنی هەناردەی نەوتی عێراق و، وای کرد حکوومەت لە ململانێدا بێت بۆ جێبەجێکردنی پابەندییە داراییەکانی. گوشاری ئابووریی ئەمریکا لە ڕێگەی سزاکان بۆ سەر کەسایەتی و کۆمپانیاکان، لەگەڵ بەستنی ناردنی کاشی مانگانەی دۆلار بۆ عێراق چڕتر بووەتەوە – ڕێوشوێنێک کە لێکەوتەی قووڵی بۆ سەقامگیریی دارایی وڵاتەکە هەیە.

لە بەرامبەر ئەم پاشخانەدا، توانای ئەلزەیدی بۆ دووبارە داڕشتنەوەی بنەڕەتیی ئابووریی عێراق یان چارەسەرکردنی قەیرانەکانی بە سەرچاوەی سنووردارەوە، بەسنووردار دەردەکەوێت ـ سەرەڕای پسپۆڕیی ئابووریی خۆی. لە قۆناغی یەکەمدا، ڕەنگە حکوومەتەکەی هەوڵ بدات کەناڵەکانی پەیوەندی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان بکاتەوە بۆ سووککردنی گوشارە ئابوورییەکان و ڕێگریکردن لە سزای زیاتر، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی هەڵوێستی حکوومەت بەرامبەر میلیشیاکان، کە هۆکارێکی سەرەکییە لە

ئاڵنگارییە ئابوورییەکانی عێراقدا.

لە قۆناغی دووەمدا، ئەلزەیدی دەتوانێت بەدوای چاکسازی لە کەرتی بانکیدا بگەڕێت، پرۆسەکانی گرێبەست ڕێک بخاتەوە و کارایی لەناو دامەزراوە بیرۆکراسییەکانی عێراقدا باشتر بکات. بەمەیش زەمینە بۆ سەقامگیریی درێژخایەن خۆش بکات.

## سێیەم: دووبارە بونیادنانەوەی پەیوەندیی نێوان لایەن و هێزە سیاسییەکان

ئەگەر حکوومەتەکەی ئەلزەیدی بەسەرکەوتوویی پێک بهێنرێت، ڕووبەڕووی ئەرکێکی سەخت دەبێتەوە بۆ گەڕاندنەوەی هاوسەنگی لە دیمەنی سیاسیی ناوخۆی عێراق و چارەسەرکردنی گرژییە مێژووییەکانی نێوان لایەنە ڕکابەرەکان. پرسێکی ناوەندی، بڵاوەپێکردنی یەکەکانی حەشدی شەعبی دەبێت لە ناوچە سوننەنشینەکاندا، کە پێویستە حکوومەتی نوێ بەوریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

هەروەها سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراو پێویستی بە پێدانی دڵنیایی هەیە بە هەرێمی کوردستان، لەوانە: ڕێککەوتنە ئابووری و داراییەکان کە بوونەتە هۆی ناکۆکیی نێوان بەغدا و هەولێر، هاوکات لەگەڵ چارەسەرکردنی گرژییە ئەمنییەکان کە لە هێرشە بەردەوامەکانی میلیشیاکان بۆ سەر هەرێمی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرن.

لەناو بازنەی سیاسیی شیعەدا، ئاڵنگارییەکی سەرەکی لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ "ڕەوتی سەدری"دایە. ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەلزەیدی بەڵێنی بە گرووپەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی داوە، ڕەنگە ڕێک کەوتبێت لەسەر ئەوەی حزبێکی سیاسیی نوێ دانەمەزرێنێت و بەشداریی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو نەکات. لە هەمان کاتدا، باس لەوە دەکرێت کە پەیوەندییەکی ئەرێنیی لەگەڵ موقتەدا سەدر، ڕێبەری ڕەوتی سەدر دروست کردووە. ئەمە دەکرێت بە شێوەیەکی پۆتێنشیاڵ گەڕانەوەی ڕەوتەکە بۆ ناو سیاسەت ئاسان بکات – یان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی پێشوەختەوە یان بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی سەدرییەکان لەناو سیستەمی دەوڵەتدا تاوەکوو هەڵبژاردنی گشتیی داهاتوو.

لە هەفتەکانی داهاتوودا، هێزەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی زۆرترین گوشار دەخەنە سەر ئەلزەیدی بۆ مسۆگەرکردنی پۆست، وەزارەت و پشک لە حکوومەتدا. هێزە کوردی و سوننەکانیش گوشار بۆ داواکارییەکانیان دەکەن؛ ئەمەیش سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراو ناچار دەکات بەناو پرۆسەیەکی ئاڵۆزی دانوستاندا بڕوات. پەیوەندییە سیاسییە بەهێزەکانی، ڕەنگە ڕێگەی پێ بدەن بگاتە تەوافوقێک کە هەرچەندە هەموو لایەنەکان بەتەواوی ڕازی نەکات، بەڵام بتوانێت ڕێگری لە گەڕانەوە بۆ ناسەقامگیریی سیاسی بکات.

## چوارەم: دووبارە هاوسەنگکردنەوەی پەیوەندییە دەرەکییەکان

گەڕاندنەوەی هاوسەنگی لە پەیوەندییە دەرەکییەکانی عێراق، بەستراوەتەوە بە شێوازی مامەڵەکردنی بەرامبەر بە ئێران. سەرەڕای هێرشەکانی ئێران بۆ سەر وڵاتانی کەنداو لە کاتی جەنگدا، وڵاتانی عەرەبی بەدوای هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی عێراق بەرامبەر تاراندا ناگەڕێن. لەبری ئەوە، ئەوان چاوەڕوانن بەغدا هەڵوێستێکی هاوسەنگ بگرێتە بەر کە جەخت لەسەر ڕۆڵی عێراق لەناو جیهانی عەرەبیدا بکاتەوە. بەڵام

پاڵپشتیی بەغدا بۆ تاران لە ململانێکەی ئەم دواییەدا نیگەرانیی لای وڵاتانی عەرەبی دراوسێ دروست کردووە؛ ئەمەیش وای کردووە داوای دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی سیاسەتی دەرەوەی عێراق بکرێت.

میلیشیا شیعەکان وەک بەربەستێکی گەورە لەبەردەم پەیوەندییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی عێراقدا دەمێننەوە. بۆ ناردنی ئاماژەی ئەرێنی، پێویستە سەرۆکوەزیرانی نوێ پلانێکی کاری ڕوون بۆ چارەسەرکردنی پرسی میلیشیاکان پێشکەش بکات. لە هەفتەکانی داهاتوودا، سەرنجەکان لەسەر ئەوە دەبن ئایا حکوومەتەکەی ئەلزەیدی نوێنەری گرووپە چەکدارەکان لەخۆ دەگرێت یان نا. واشنتۆن هاوکارییەکانی خۆی لەگەڵ حکوومەت بەستووەتەوە بەم مەرجە بنەڕەتییەوە. جێی ئومێدەوارییە کە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا لە ٢٩ی نیسان پێشوازیی لە دەستنیشانکردنی ئەلزەیدی کرد؛ ڕایشی گەیاند کە ڕەنگە لێکتێگەیشتنێکی سەرەتاییی پێشوەختە سەبارەت بە پرۆسەی پێکهێنانی حکوومەتەکەی هەبێت.

## دەرەنجامەکان

عەلی ئەلزەیدی کاندیدی دڵخوازی هیچ لایەنێکی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی نەبوو؛ نە گرووپە نیشتمانییەکانی دیکە و، نە تەنانەت ئەکتەرە ناوچەیی و ئەمریکییەکانی پەیوەست بە دۆسیەی عێراق. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە، لەلایەن ئەو لایەنانەوە ڕەتیش نەکراوەتەوە. ئەمە سوودێکی گرنگ بە سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراو دەبەخشێت چونکە ڕێگەی پێ دەدات تا ڕاددەیەک لە کۆکردنەوەی حکوومەتەکەی و دیاریکردنی ئاڕاستەکەیدا نەرمی بنوێنێت. لە هەمان کاتدا، ئەمە دەیخاتە ژێر گوشاری هەموو لایەنەکانەوە – کە نەک تەنیا ڕووبەڕووی داواکاری لەسەر هەڵوێستە سیاسییە گشتییەکان دەبێتەوە، بەڵکوو لەسەر پۆست و بەرژەوەندییە تایبەتەکانیش.

لەنێو ئەو کۆمەڵە ئاڵنگارییەی کە ڕووبەڕووی ئیدارەکەی دەبنەوە، مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانی میلیشیاکان و مەترسییە ناوخۆیی و دەرەکییە پەیوەندیدارەکانی، وەک تاقیکردنەوەیەکی یەکلاکەرەوە بۆ سەرکەوتن یان شکستی حکوومەتەکە دەردەکەوێت. پێشکەوتن لەم بوارەدا دەتوانێت ڕێگە خۆش بکات بۆ هاوکاریی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لەگەڵ عێراق لەسەر ئاڵنگارییە بەپەلەکانی دیکە.

پێ دەچێت ئەلزەیدی ئاگاداری ئەم ڕاستییە بێت و ڕەنگە بەشێکی بەرچاوی بەرنامەی حکوومەتەکەی، تەرخان بکات بۆ پەرەپێدانی میکانیزمەکان بە مەبەستی چارەسەرکردنی پرسی چەک لە دەرەوەی چوارچێوەی فەرمیی دەوڵەت. بەڵام هەر ڕێوشوێنێکی لەو شێوەیە دەکەوێتە ژێر وردبینییەکی توندەوە و، کاریگەرییەکەیان بەوردی بەرامبەر بەو بەڵێنانەی دراون هەڵدەسەنگێنرێت.

سەرکەوتن لە بڕینی بەربەستە ناوخۆییەکانی عێراقدا ڕەنگە ببێتە سەرەتای گەشتێکی سەخت بۆ ئەلزەیدی؛ گەشتێک کە پڕە لە قەیرانی گەورە و ململانێی ناوخۆیی. هەوڵەکان بۆ چەککردنی میلیشیاکان، ئەگەری زۆرە بەرەوڕووی بەرگرییەکی توند ببنەوە لەلایەن ئەو بلۆکە پەرلەمانییە گەورەیەی نوێنەرایەتییان دەکات، هەروەها لەلایەن لایەنە عێراقییەکانی دیکەی هاوتەریب لەگەڵ میحوەرە ئێرانییەکە. هەوڵە ڕاستەقینەکان بۆ جێبەجێکردنی پلانی چەککردن، بەدڵنیاییەوە ڕووبەڕووی ڕێگری دەبنەوە.

ئەو ڕاستییەی کە دەستنیشانکردنی ئەلزەیدی لەلایەن هێزە شیعەکانەوە پەسەند کرا، ئاماژەیە بۆ

قبووڵکردنێکی ناڕاستەوخۆ لەلایەن ئێرانەوە. بەڵام تاران – کە هەژمووونی بەرچاوی بەسەر ئاسایش، سیاسەت و ئابووریی عێراقدا هەیە لە ڕێگەی بریکارەکانییەوە و پاڵپشتیی میلیشیاکان وەک فاکتەرێکی سەرەکی بۆ هەڵسەنگاندنی هەر حکوومەتێکی عێراقی دەبینێت – بەوردی چاودێریی کردارەکانی حکوومەتی نوێ دەکات. چاوەڕوان دەکرێت تاران هەر کاتێک هەست بە هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی بکات، دەستوەردان بکات. ئەو دەستوەردانە، دەکرێت لە کەمپەینی میدیایی و سیاسیی دژی حکوومەتەوە دەست پێ بکات تاوەکوو بەکارهێنانی هێزی میلیشیاکان بۆ تێکدانی ئەمن و ئاسایش یان هەڕەشەکردن لە سەقامگیریی حکوومەت، وەک ئەوەی لە سەردەمی "کازمی"دا ڕووی دا.

سەرچاوە:

Emirates Policy Center. (5 May 2026). *Challenges facing Iraqi Prime Minister designate Ali al-Zaidi: Militias and regional positioning amid war*. <<https://epc.ae/en/details/featured/challenges-facing-iraqi-prime-minister-designate-ali-al-zaidi-militias-and-regional-positioning-amid-war>>.

---

# ئەو سەرکردە نوێیانەی جڵەوی بڕیاردانی ئێرانیان بەدەستە

نووسەر: حەمیدڕەزا عەزیزی (Hamidreza Azizi)

گۆڤاری تایم (TIME)

وەرگێڕان: پێنووس

مانگێکی درێژخایەن و پڕ لە مەترسی بەسەر ئاگربەستی ٨ی نیسانی جەنگی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران تێ پەڕیوە. هەرچەندە ڕاپۆرتەکانی ئەم دواییانە جارێکی دیکە ئاماژەیان بە هەنگاونان بەرەو ئەگەری ڕێککەوتنێک کردووە، بەڵام دانوستانەکان لەسەر کۆتاییهێنانێکی هەمیشەیی بە ململانێکان، چەندان جار بەهۆی ناکۆکییەکانی هەردوو وڵات لەسەر کۆمەڵێک پرس، لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە بگرە تا دەگاتە کۆنترۆڵکردنی گەرووی هورمز، پەک کەوتوون. ڕاستییەکەی، لەم هەفتەیەدا ئیدارەی ترەمپ و بەرپرسانی ئێران بەردەوام بوون لە دەرکردنی لێدوانی دژبەیەک و خێراگۆڕاو سەبارەت بە دۆخی جەنگ و گفتوگۆکانی ئاشتی؛ کە ئەمەیش ناڕوونی و نادڵنیاییی زیاتری خستۆتە پاڵ

دیمەنێک کە پێشتر خۆی ئاڵۆز بووە.

**بەڵام لە سەرووی ئەم وردەکارییانەوە پرسیارێکی زۆر بنەڕەتیتر لەئارادایە: کێ بەتەواوی ئێران بەڕێوە دەبات؟**

لە کۆتاییدا، هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل نەک تەنیا ڕێبەری باڵای پێشوو، "ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی"یان کوشتووە، بەڵکوو "عەلی لاریجانی"، بەرپرسی باڵاترین دامەزراوەی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران و، هەروەها زۆرێك لە فەرماندە باڵاکانی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران (IRGC) و سوپای ئێرانیشیان کردە ئامانج. دەرەنجامەکە، بەپێی قسەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، ئێرانییەکان "هەموویان شڵەژاون." ترەمپ لە ڕێگەی پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی ئەم دواییەیدا لەگەڵMS NOW ڕای گەیاند: "ئەوان هەر نازانن ڕێبەرەکەیان کێیە."

بە لای هەندێکەوە، ئەم دۆخە بە واتای چەسپاندنی باڵادەستیی ئەمریکایە لە ڕێگەی بەردەوامبوون لە بەئامانجگرتنی ئەو سەرکردانەی کە دژی چارەسەری دانوستانکارانەن؛ ئەم گریمانە ڕوونەیش ئەوەیە کە گوشاری بەردەوامی ئابووری و سەربازی، لە کۆتاییدا دابەشبوونەکان لە تاران قووڵتر دەکاتەوە و دەرەنجامێکی لەبارتر لە گفتوگۆ دووقۆڵییەکاندا دەسەپێنێت.

هەرچەندە ئەمە تێڕوانینێکی سەرنجڕاکێشە، بەڵام چاوپۆشی لە ڕاستییەکی دیکە دەکات کە لە ئەنجامی چەندان ساڵ لێکۆڵینەوەم لەسەر دامەزراوەکانی ئێران بۆم ڕوون بووەتەوە: ڕەنگە جەنگەکە کۆمەڵێك سەرکردەی ئێرانی لە گۆڕەپانەکە دوور خستبێتەوە، بەڵام دەوڵەتی ئێرانی ئیفلیج نەکردووە. سەرەڕای ململانێکان، پێکهاتەکانی فەرماندەیی ئێران دووبارە پێک هێنراونەتەوە، بڕیارەکان بەردەوام دەدرێن و، ئێران خۆی لەگەڵ گوشارە بەردەوامەکاندا گونجاندووە.

هەموو ئەمانە وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە ئاشکرا دەکەن: لە واقعی پاش عەلی خامنەییدا، چیتر دەسەڵات لە تاران لە دەوری یەک سەرکردەی زاڵ و باڵادەستدا ڕێک نەخراوەتەوە. ڕاستە، "موجتەبا خامنەیی" وەک ڕێبەری نوێ، بە فەرمی لە لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتدایە، بەڵام ئەو وەک باوکی نییە؛ ئەو دەسەڵاتەی پێشتر لە نووسینگەی ڕێبەردا چڕ ببووەوە، ئێستا بەسەر بازنەیەکی تەسکی کەسایەتییە سەربازی، ئەمنی و سیاسییەکاندا دابەش بووە، کە ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانیان تا دێت زیاتر تێکهەڵکێشی یەکدی دەبن.

بە دەربڕینێکی دیکە، لە گەرمەی جەنگەکەدا، ئەوەی لە ئێران دەرکەوتووە پێکهاتەیەکی جیاوازی سەرکردایەتییە، کە تێیدا دەسەڵات لە ڕێگەی دامەزراوە و تۆڕەکانەوە پیادە دەکرێت کە خۆیان دووبارە داڕشتووەتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ پێداویستییەکانی جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەی درێژخایەندا بگونجێن.

**ئەو ڕێبەرەی سەردەمانێک "باڵا" بوو**

کەواتە پرسیار ئەمەیە: ئەی پێگەی خامنەیی کوڕ لەم پێکهاتە نوێیەی دەسەڵاتدا لە کوێدایە؟ بێ گومان موجتەبا، کە جەنگاوەرێکی شەڕی نێوان ئێران و عێراق بووە و خاوەنی تۆڕێکی فراوانی پەیوەندییە لەگەڵ کارەکتەرە باڵا سەربازی و ئەمنییەکان، لە چەق و ناوەندی ئەم نەخشە نوێیەی دەسەڵاتدایە. بایەخی ئەو

لەوەدایە کە لە ناو جەرگەی قەیرانە قووڵەکاندا، گەرەنتیی مانەوەی هەمان ڕێچکەی باوکی دەکات، چونکە لە کاتێکی ئاوادا، کۆماری ئیسلامی ناتوانێت و ڕێگەش نادات هیچ جۆرە تەمومژ و ناڕوونییەک لە دەوری جەمسەری ئایدۆلۆژییەکەی دروست ببێت.

بەڵام ڕۆڵ و دەسەڵاتی موجتەبا بەراورد ناکرێت بە باوکی، عەلی خامنەیی، کە لە ماوەی چەندان دەیەی ڕابردوودا دەسەڵاتی خۆی لە ڕێگەی تێکەڵەیەک لە پێگەی ئایینی، کۆنترۆڵی دامەزراوەیی و، ئاشنایەتیی کەسی لەگەڵ سەرجەم کوتلە سەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی کۆ کردبووەوە.

لە زۆربەی ژیانیدا، موجتەبا وەک زانایەکی ئایینیی خاوەن دەسەڵاتێکی گەورەی فیقهی یان پێگەیەکی بەرزی زانستی سەیر نەدەکرا. تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٢دا بوو، کاتێک گفتوگۆکان سەبارەت بە جێنشینی باوکە بەساڵاچوو و نەخۆشەکەی زیاتر هەستیار و پەلەیان تێ کەوت، نازناوی ئایەتوڵڵای پێ بەخشرا، کە مەرجێکی پێشوەختەیە بۆ پۆستی ڕێبەری باڵا. وێنا گشتییەکەی موجتەبا، کەمتر لە ڕێگەی پۆستی فەرمییەوە نەخشێنراوە، بەڵکوو زیاتر بەهۆی هەژموونی لەناو بازنەی ناوخۆیی باوکی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ توێژە ئەمنییەکانی وڵاتەکە پێک هاتووە. بەرزکردنەوەی ئەو، بەردەوامی بۆ سیستەمەکە دابین دەکات، بەڵام سەرکردەیەکی تاکڕەو و فەرماندە دەستەبەر ناکات.

لەگەڵ ئەوەیشدا، بەڕێوەبردنی کردارییانەی دەسەڵات بەرەو کۆمەڵێک کەسایەتی ڕۆیشتووە کە دەسەڵاتەکەیان لە دامەزراوە جیاوازەکانەوە سەرچاوەی گرتووە و ڕۆڵەکانیان زیاتر تەواوکەری یەکترن نەک کێبڕکێکار. سیستەمەکە بە شێوەیەکی کارا هاوپەیمانییەکی سەردەمی جەنگی لە سەرکردە سەربازی، ئەمنی و، سیاسییەکان لە دەوری موجتەبا کۆ کردووەتەوە. زۆرێک لەو سەرکردانە سەر بەو نەوەیەن کە لە جەنگی هەشتاکانی ئێران و عێراق و سەردەمی سەرەتاییی جێگیربوونی سوپای پاسدارانەوە دروست کراون.

## کۆڵەکەکانی دەسەڵات

لە کاتێکدا کە ڕێبەری باڵا ئیتر تاکە دەسەڵاتدار نییە، ئەو پیاوەی کە وەک پردێک لەنێوان کایە سەربازی و سیاسییەکانی ئەم پێکهاتە نوێیەی بڕیاردان لە ئێراندا کار دەکات بریتییە لە محەمەدباقر قالیباف (Mohammad Bagher Ghalibaf) کە چەندان جار ناسنامە گشتییەکەی خۆی لەگەڵ پێداویستییەکانی قۆناغەکەدا گونجاندووە. ئەو لە زۆربەی دامەزراوە سەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامیدا خزمەتی کردووە: فەرماندەی سوپای پاسداران لە سەردەمی جەنگی ئێران_عێراق، سەرۆکی پۆلیسی ئێران، سەرۆکی شارەوانیی تاران بۆ ماوەی ١٢ ساڵ، کاندیدی سەرۆکایەتی و، سەرۆکی پەرلەمان لە ساڵی ٢٠٢٠ەوە.

قالیباف بە ئەزموونە درێژ و قووڵەکەیەوە لەوە تێ دەگات کە چۆن ئەولەوییەتەکانی دامەزراوەی ئەمنی بۆ زمانێکی سیاسی وەربگێڕێت و چۆن لەناو دامەزراوەکاندا کار بکات بەبێ ئەوەی وەک کەسایەتییەکی تەواو سەربازی دەربکەوێت؛ ئەمەیش کۆمەڵێک تایبەتمەندین کە لە کاتی جەنگدا زۆر بەنرخن چونکە کۆماری ئیسلامی پێویستی بە کەسایەتییەک هەیە کە بتوانێت لە یەک کاتدا لەگەڵ چەندان پێکهاتەی جیاواز بدوێت—لە فەرماندە سەربازییەکانەوە بۆ پاسادانەران، لە بیرۆکراتەکانەوە بۆ دانوستانکارە دیپلۆماتییەکان تا دەگاتە سەرکردەکانی دەسەڵاتی دادوەری.

قالیباف کەسێکی خاوەن تمووح و دەسەڵاتخوازە و ڕێڕەوە پیشەییەکەی نیشانی دەدات کە ماوەیەکی زۆرە هەوڵی گەیشتن بە پۆستە باڵاکان دەدات. بەپێچەوانەی ئەوەی کە زۆرێک لە دەرەوەی وڵات—و هەندێک ئێرانیش—ڕەنگە خەیاڵی بۆ بکەن، گرنگیی ئەو لەم پێکهاتەیەی ئێستادا لە توانای خۆسەپاندنی بەسەر کەسانی دیکەدا سەرچاوە ناگرێت؛ بەڵکوو ئەو بەهۆی تواناکانییەوە بۆ خستنەگەڕی بەشە جیاوازەکانی سیستەمەکە گرنگیی هەیە تا پێکەوە کار بکەن. قالیباف دەتوانێت کارەکتەرە پراگماتیکترەکانی ناو دەوڵەت بەشداریی پێ بکات، لە کاتێکدا متمانەی لای دامەزراوەی ئەمنی– کە پێکهاتەیەکی هەستیارە لە ئێراندا– دەپارێزێت.

دەنگێکی دیکەی یەکلاکەرەوە لەو دامەزراوەیەدا لە کاتێکدا ئێران بەناو ئەم جەنگەدا تێ دەپەڕێت، عەمید ئەحمەد وەحیدی (Ahmad Vahidi) فەرماندەی گشتیی بەوەکالەتی سوپای پاسدارانە. وەحیدی کە سەر بە باڵی توندڕەوە، پۆستی باڵای هەواڵگری و ئۆپەراسیۆنی لەناو لقی سەربازیدا بەدەستەوە بووە. ئەو فەرماندەی دامەزرێنەری فەیلەقی قودس (Quds Force) بوو، کە لقێکی بەهێز و بژاردەی سوپای پاسدارانە و بەرپرسیارە لە ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکان لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەروەها وەک وەزیری بەرگری و ناوخۆی ئێرانیش کاری کردووە.

دوای ئەوەی جەنگی ١٢ ڕۆژەی حوزەیرانی ٢٠٢٥ زیانێکی زۆری بە کۆماری ئیسلامی گەیاند، ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی، گۆڕانکاریی لە سەرکردایەتیی سوپای پاسداراندا کرد و محەمەد پاکپوور (Mohammad Pakpour)ی وەک فەرماندەی گشتی دانا و، وەحیدیشی وەک جێگری فەرماندە دەستنیشان کرد؛ پۆستێک کە بەدەستیەوە بوو تا کوژرانی پاکپوور لە هێرشێکی ئاسمانیی ئیسرائیلدا لە ٢٨ی شوبات. ئێستا کە سوپای پاسداران لە لووتکەدایە، وەحیدی نوێنەرایەتیی ڕوویەکی دیکەی پێکهاتە نوێیەکەی دەسەڵات لە ئێران دەکات. بەپێچەوانەی قالیباف، ئەو هەرگیز هەوڵی نەداوە ناسنامەی خۆی وەک پیاوێکی سەر بە دامەزراوەی ئەمنی بشارێتەوە.

بەڵام هەژموونی وەحیدییش سنووری خۆی هەیە. ئەو قورساییەکی زۆری لەنێوان کوتلە توندڕەوەکانی سوپای پاسداران و دامەزراوە ئەمنییە بەرفراوانەکەدا هەیە، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو کەسایەتییەکی وا نییە کە بەئاسانی بتوانێت وەلائی تەواوەتیی هەموو دامەزراوەکە بەدەست بهێنێت، چ جای ئەرتەش (Artesh)- واتە سوپای ئاسایی– یان بیرۆکراسییەتە مەدەنییەکەیش بە هەمان شێوەیە. لەبەر ئەوە، دەبێت وەحیدی شانبەشانی قالیباف کار بکات. وەحیدی ئیرادەیەکی سەربازی بە پێکهاتەی فەرماندەیی دەبەخشێت؛ لە بەرامبەردا قالیباف یەکگرتوویی سیاسی پێشکەش دەکات. ڕۆڵەکانیان جێگەی یەکتر ناگرنەوە، بەڵام لە بارودۆخی جەنگدا، هەر یەکەیان ئەویتر بەسوودتر دەکات.

## نەخشاندنی ڕێڕەوی ئێران

لە دەرەوەی کەسایەتییە تاکەکەسییەکان، گرنگترین دامەزراوە کە لە گەرمەی جەنگدا هەماهەنگیی ئەولەوییەتەکانی ئاسایش و سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەکات، ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەییە. پێشتر ئەم ئەنجومەنە لەلایەن "عەلی لاریجانی"یەوە بەڕێوە دەبردرا، کە کارگێڕێکی سیاسیی لێهاتوو و کەسێکی متمانەپێکراوی عەلی خامنەیی بوو، کە لە هێرشێکی ئیسرائیلدا لە مانگی ئازاردا کوژرا. جێگرەوەکەی، محەمەدباقر زولقەدر (Mohammad Bagher Zolghadr) بەرجەستەکاری گۆڕانکارییەکی دیکەیە لە

ناوەندی قورساییی سیستەمی ئێراندا، کە بەرەو دوورکەوتنەوە لە بەڕێوەبردنی سیاسی و نزیکبوونەوە لە هەماهەنگیی ئەمنی-بیرۆکراسی هەنگاو دەنێت.

زولقەدر ئەفسەرێکی دێرینی سوپای پاسدارانە و، پەیوەندییەکی قووڵی لەگەڵ بارەگای ڕەمەزان (Ramazan Headquarters) هەیە، کە یەکەیەکی ئۆپەراسیۆنی نهێنیی سوپای پاسدارانە و، دواتر تۆڕەکانی یارمەتیدەر بوون بۆ دروستکردنی فەیلەقی قودس. لە ماوەی کارکردنیدا، وەک جێگری فەرماندەی سوپای پاسداران خزمەتی کردووە، دۆسیە ئەمنییەکانی لەناو وەزارەتی ناوخۆدا بەدەستەوە بووە، لەناو دەسەڵاتی دادوەریدا کاری کردووە و، لە کۆتاییدا بووەتە سکرتێری ئەنجومەنی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندییەکانی سیستەم (Expediency Council) کە دەستەیەکی ڕاوێژکارییە و ئەرکی نێوەندگیرییە لەنێوان پەرلەمانی ئێران و ئیدارەی مەدەنیدا.

ڕێڕەوەکەی زولقەدر کەمتر پەیوەندیی بە فەرماندەیی مەیدانی جەنگەوە هەبووە و زیاتر پەیوەستە بە بابەتێک کە ڕەنگە هەمیشەییتر بێت: جێگیرکردنی لۆژیکی ئەمنی لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا. لەم پێکهاتەیەی ئێستادا، ئەمە بەتەواوی سەنگی زولقەدر دەردەخات. زولقەدر شانەی بەستنەوەی سیستەمەکەیە؛ کەسایەتییەکە کە ڕۆڵی ئەوەیە دڵنیایی بدات لەوەی باڵە سیاسی، دادوەری، سەربازی و ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی بەیەکگرتوویی لەگەڵ یەکتردا دەمێننەوە.

کاتێک دێتە سەر جێبەجێکردنی وەڵامدانەوەی ئێران بۆ ئەمریکا، ستراتیژیی وڵاتەکە لە جەنگی ناهاوسەنگدا (asymmetric warfare) گرێدراوە بە سەپاندنی زیانی سزائامێز بەسەر ئابووریی جیهانیدا، ئەویش لە ڕێگەی سنووردارکردنی ڕۆیشتنی نەوت و گازی سروشتیی شلەوە لە گەرووی هورمزەوە و هێرشکردنە سەر ژێرخانی وزە و بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە وڵاتانی کەنداو.

یەکێک لەو کەسانەی کە یارمەتیدەر بوو لە پەرەپێدانی ئەم ستراتیژە، عەلیئەکبەر ئەحمەدیان (Ali Akbar Ahmadian)ە. ئەو وەک فەرماندەیەکی هێزی دەریایی لە سوپای پاسداران خزمەتی کردووە، بۆ چەندان ساڵ سەرکردایەتیی ناوەندی ستراتیژیی ڕێکخراوەکەی کردووە و، وەک بەرپرسی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەییی ئێرانیش کاری کردووە. دوای جەنگی ١٢ ڕۆژەکە، کۆماری ئیسلامی ئەنجومەنی بەرگری (Defense Council)ی دامەزراند بۆ بەدامەزراوەییکردنی پلاندانانی جەنگ—کە دەستەیەکە ئەحمەدیان تێیدا وەک سکرتێری بەوەکالەت کار دەکات. ئەو نوێنەرایەتیی چینی عەقیدەییی سیستەمەکە دەکات و ڕۆڵێکی زیاتر ستراتیژی دەگێڕێت.

ڕاستییەکەی، دوو چەک سەلماندوویانە کە گرنگییەکی بێوێنەیان هەیە لە جێبەجێکردنی ستراتیژییەتی سەربازیی ئێران بە درێژاییی جەنگەکە: درۆن (فڕۆکەی بێفڕۆکەوان) و مووشەکەکان. هێزی ئاسمانی-بۆشایی (Aerospace Force)ی سوپای پاسداران ئەم چەکانەی بەکار هێناوە بۆ سەپاندنی تێچوو بەسەر وڵاتانی عەرەبی کەنداو، بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە سەرانسەری ناوچەکە و، ئیسرائیلدا. هێزی ئاسمانی-بۆشایی وەک گرنگترین لقی سوپای پاسداران دەرکەوتووە و، فەرماندەکەی، مەجید مووسەوی (Majid Mousavi) لەناو تۆڕەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا وەک کەسایەتییەکی ناوەندی پێگەی بەرزبووەتەوە. مووسەوی و هێزە ئاسمانییەکەی، ئێستا بۆ پیشاندانی توانای بەرپەرچدانەوەی ئێران چارەنووسسازن. لە ناوخۆی ئێراندا، مووسەوی بەراورد بە پێشەنگەکانی پێشووی،

وەک کەسێک سەیر دەکرێت کە زیاتر ئامادەیە بەکارهێنانی مووشەکەکان بۆ دەرەوەی ئامانجە سەربازییەکان فراوانتر بکات. زیاتر لە هەموو کەسایەتییەکی دیکە، هەژمووونی مووسەوی خێرایی سەربازی و قەبارەی هەڵکشانی گرژییەکان دەستنیشان دەکات.

لە لایەکی دیکەوە، جەنگەکان پێویستیان بە میکانیزمێکی ئاڵۆزتر هەیە. ئەو دامەزراوەیەی کە بەرپرسیارە لە هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنەکانی نێوان سوپای پاسداران و سوپای ئاسایی ئێران لە کاتی جەنگدا، بە بارەگای ناوەندیی خاتەمولئەنبیا (Khatam al-Anbiya Central Headquarters) ناسراوە. ئەو پیاوەی بەڕێوەی دەبات و، چینی ئۆپەراسیۆنی ئەم پێکهاتەی فەرماندەییە تەواو دەکات، عەلی عەبدوڵڵاهی (Ali Abdollahi)یە، کە ئەفسەرێکە ڕێڕەوە پیشەییەکەی سوپای پاسداران، پۆلیسی نیشتمانی، وەزارەتی ناوخۆ و، بیرۆکراسییەتەکانی لۆجستیک و هەماهەنگیی ئۆپەراسیۆنەکان دەگرێتەوە کە لە کاتی جەنگدا دەوڵەتێک پێکەوە دەبەستنەوە. عەبدوڵڵاهی ستراتیژی دانانێت، بەڵکوو ستراتیژییەکە دەخاتە گەڕ.

ئەوەی لەم ڕێکخستنە دەردەکەوێت، پێکهاتەیەکە کە تێیدا هیچ کەسایەتییەک وەکوو تاک پێویست ناکات هەموو شتێک بکات. هەر فەرماندەیەک لە چوارچێوەی کۆمەڵێک ڕۆڵی دیاریکراودا کار دەکات کە جیاوازن، بەڵام تەواوکەری یەکترن؛ کە ئەمەیش ڕێگە بە سیستەمەکە دەدات بەبێ پشتبەستن بە تەنیا یەک ناوەندی دەسەڵات، کار بکات. هەرچەندە جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە و، ڕەنگە ئەم جیاوازییانە دوای کۆتاییهاتنی جەنگەکە زیاتر دەربکەون. بەڵام لە ئێستادا، ئەوان لەناو چوارچێوەیەکی هاوبەشدا کار دەکەن کە بەهۆی پێویستیی مانەوە، یەکگرتوویی دامەزراوەیی و، پاراستنی کرۆکی سەربازیی کۆماری ئیسلامییەوە پێکەوە بەستراوەتەوە.

## هۆکاری خۆڕاگریی ناوەندی دەسەڵات

دڵنیابوون لەوەی کە چوارچێوە ئەمنییەکە بۆ ئامانجەکە گونجاوە، بە واتای کۆنترۆڵکردنی ئۆپۆزیسیۆنی ناوخۆییش دێت لە نێوەندی جەنگدا—کە ئەمەیش ئەرکێکە ئێستا دەکەوێتە ئەستۆی غولامحوسێن موحسینی ئێژەیی (Gholam-Hossein Mohseni-Ejei) سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی وڵاتەکە. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، ئەو، سیستەمە یاساییە بەربڵاو و بەچەککراوە سیاسییەکەی ئێرانی بەکار هێناوە بۆ دادگەییکردنی خۆپیشاندەران و نارازییان، دەرکردنی هۆشداری دژی نەیارەکان، هەڕەشەکردن لە سزای توندتری سەردەمی جەنگ و، لەسێدارەدانی زیندانییەکان.

چینێکی دیکە و کۆتایی لە سیستەمی نوێی سەرکردایەتیی ئێران لە کاتی جەنگدا، هەرچەندە پێناسەکردنیان ئاسان نییە، بەڵام لەلایەن کۆمەڵێک لە فەرماندەکانی پێشووی سوپای پاسدارانەوە پێک دەهێنرێت کە پەیوەندیدارییان بە ناوەندی دەسەڵات و بڕیاردان بەئاسانی هەڵناسەنگێنرێت. موحسین ڕەزایی (Mohsen Rezaei)، یەحیا ڕەحیم سەفەوی (Yahya Rahim Safavi) و، محەمەدعەلی جەعفەری (Mohammad Ali Jafari) لە دەرەوەی ئێران زۆر ناسراو نین و، سەرپەرشتیی ئۆپەراسیۆنەکانی ڕۆژانەیش ناکەن. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوان پێکەوە شتێکی هەمیشەییتر بەرجەستە دەکەن: بیرەوەریی دامەزراوەیی، تۆڕە کەسییەکان کە لە ماوەی چەندان دەیەدا گەشەیان پێ دراوە و، متمانەیەک لەنێوان کادیرە کۆنەکانی سوپای پاسداراندا کە هیچ دانانێکی فەرمی ناتوانێت دروستی بکات یان

هەڵی بوەشێنێتەوە.

بۆ من ڕوونە کە سەرکردایەتیی ئێستا بەردەوام پرس و ڕاوێژیان پێ دەکات، کە ئەمەیش جارێکی دیکە یارمەتیدەرە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی بۆچی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا تەنیا پشت بە پۆستی فەرمی نابەستێت. لە سیستەمێکدا کە فەرماندە باڵاکان لە هێرشی ئامانجداردا کوژراون و هەندێک پۆست بەئەنقەست بەناڕوونی هێڵراونەتەوە، هێشتا دەکرێت هەژموون لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییانەوە تێ پەڕێت کە لە ماوەی چەندان دەیەدا دروست کراون.

ئەوەیش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو شوێنەی لێیەوە دەستمان پێ کرد: لۆژیکی جێی پرسیاری پشت پێداگری لەسەر لەناوبردنی لووتکەی سەرکردایەتی. لەناوبردنی فەرماندەیەک لەوانەیە زنجیرەیەکی دیاریکراوی فەرماندەیی تێک بدات، بەڵام مەرج نییە توانای فراوانتری سیستەمەکە بۆ گرتنەخۆی گورزەکە و خۆگونجاندن لاواز بکات- لانی کەم بۆ ئێستا وا نییە.

ئەوەی ڕاستی بێت، لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، کۆماری ئیسلامی وەڵامی گوشارەکانی داوەتەوە، نەک بە سادەکردنەوەی پێکهاتەی دەسەڵاتەکەی، بەڵکوو بە زیادکردن و شاراوەکردنی ئەو کەناڵانەی کە دەسەڵاتیان لە ڕێگەوە پیادە دەکرێت. هەندێک پۆست بەخێرایی پڕ کراونەتەوە؛ هەندێکی دیکە بەفەرمی بەبەتاڵی هێڵراونەتەوە و ئەرکەکانیان بەبێدەنگی دووبارە دابەش کراونەتەوە و؛ دەستە نوێیەکان یان دەستە زیندووکراوەکانی سەردەمی جەنگیش گرنگییەکی وایان وەرگرتووە کە کەمدەرکەوتنیان پێچەوانەکەی نیشان دەدات. مەبەستەکەیش پاراستنی بەردەوامیی دامەزراوەیی بووە لە کاتی کەمکردنەوەی ئەو لاوازییەی کە بەهۆی کۆکردنەوەی دەسەڵات لە هەر خاڵێکی تاکەکەسییەوە دروست دەبێت.

دەرەنجامەکە سیستەمێکی زیاتر بەسەربازیکراوە، بەڵام نەک ئەنجومەنێکی حوکمڕانیی سەربازی بەو مانا باوەی کە هەیە. دامەزراوە مەدەنییەکان هێشتا گرنگی خۆیان هەیە. پەرلەمان، سەرۆکایەتیی کۆمار، دەسەڵاتی دادوەری و، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی وەک بەشێک لەم پێکهاتەیە ماونەتەوە. بەڵام ئەو لۆژیکەی ئێستا سەرجەم ئەم دامەزراوانە ڕێک دەخات، تا دێت زیاتر لەلایەن فەرماندە ئەمنییەکان و ئەفسەرە دێرینەکانی مەیدانی جەنگەوە لەقاڵب دەدرێت، کە ئەزموونە پێگەیشتنیان نەک لە ڕێگەی دانوستان، بەڵکوو بە ڕووبەڕووبوونەوە پێناسە دەکرێن. دەوڵەت دەستبەرداری پێکهاتە فەرمییەکانی خۆی نەبووە، بەڵکوو بەبێ هیچ ڕاگەیاندنێک، بەرەو پێداویستییەکانی ململانێی درێژخایەن چەماندوونیەتییەوە (ئاراستەی گۆڕیون).

هەر لەبەر ئەم هۆکارەیشە کە جیاوازییە ناوخۆییەکانی ناو سیستەمەکە ناگەنە ئاستی ئیفلیجی و پەککەوتن. بەڵام لەژێر بارودۆخی جەنگدا، ئەم جیاوازییانە لەلایەن کۆدەنگییەکی بنەڕەتییەوە کۆنترۆڵ دەکرێن: سیستەمەکە دەبێت بمێنێتەوە، سوپای پاسداران دەبێت بەیەکگرتوویی بمێنێتەوە و، جەنگەکە نابێت بە شێوەیەک کۆتایی بێت کە خولێکی دیکەی هێرشەکان بەدوای خۆیدا بێنێت. ڕەنگە ناکۆکییەکان دوای جەنگەکە توندتر ببنەوە، بەتایبەتی لەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری لەنێوان کوتلە جیاوازەکاندا. بەڵام بۆ ئێستا، ئەوان لە چوارچێوەیەکی هاوبەشدا کار دەکەن لەجیاتی ئەوەی دژی بن.

پرسی نەوەکان وەک گرنگترین کێشەی چارەسەرنەکراو لە سیاسەتی ئێرانیدا دەمێنێتەوە. سیستەمی ئێستای ئێران لەلایەن پیاوانێکەوە قۆرخ کراوە کە بەهۆی جەنگی ئێران و عێراق و دەیە سەرەتاییەکانی

سوپای پاسدارانەوە پێک هاتوون. ئەوان تێگەیشتنێکی قووڵ و بونیادییان هەم بۆ پێویستی و هەم سنوورەکانی بەکارهێنانی هێز هەیە. ئەفسەرە گەنجەکان، کە لە ناو جەنگ و چاوەڕوانیی جیاوازدا پێگەیشتوون، لەوانەیە نەوەی پێش خۆیان وەک کەسانێکی زیاد لە پێویست پارێزکار و خەمخۆری تۆڕەکانی خۆیان ببینن. لەوانەیە دوای شەڕ، موجتەبا خامنەیی هەوڵ بدات لە ڕێگەی ڕاکێشان و پەروەردەکردنی ئەو نەوە گەنجە، پێگەی خۆی بەهێزتر بکات؛ بەڵام ئەو کێبڕکێیە هێشتا کاتی نەهاتووە و پەیوەندی بە داهاتووەوە هەیە.

لە ئێستادا، ئێران لەلایەن تەنیا یەک کەسەوە بەڕێوە نابرێت کە بەرامبەر فشار، گۆشەگیری، یان لابردن لاواز بێت. بەڵکو لەلایەن تۆڕێکی تاقیکراوە و توندوتۆڵەوە بەڕێوە دەبرێت کە خۆی کەمتر دەردەخات، لە بڕیاردانەکانیدا زیاتر بەکۆمەڵ دەردەکەوێت و، بۆیە ملکەچکردنی زەحمەتترە. هەر بۆیە تێگەیشتن لەم "پێکهاتە"یە بایەخێکی زۆر زیاتری هەیە وەک لە ژماردنی ئەو ناوانەی لە لووتکەی دەسەڵاتدان.

حەمیدڕەزا عەزیزی (Hamidreza Azizi) توێژەری میوانە (Visiting Fellow) لە پەیمانگەی ئەڵمانی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی و ئاسایش (German Institute for International and Security Affairs).

سەرچاوە:

/https://time.com/article/2026/05/06/irans-new-leaders

---

# لە هەڵپەساردنی قەیرانەکانەوە بۆ کرانەوەی ستراتیژی لەگەڵ بەغدا

**موەفەق عادل عومەر، دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی/ زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر**

**پێشەکی**

سەرۆکی هەرێمی کوردستان "نێچیرڤان بارزانی" بە سەردانێکی فەرمی لە ٤ی ئایاری ٢٠٢٦ گەیشتە بەغدا. ئەم هەنگاوە لەم ساتەوەختەدا بە جووڵەیەکی سیاسیی گرنگ لە چوارچێوەی پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دادەنرێت.

سەردانەکەی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لە قۆناغێکدایە کە تێیدا گەشێکی پڕ لە بێمتمانەیی زاڵە و، ئاستی نیگەرانییە ناوخۆییەکان لە عێراقدا ڕووی لە هەڵکشان کردووە. دیارترین تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە بریتین لە بەرزبوونەوەی ئەو گوشارە ئابووری و ئەمنییانەی کە ڕووبەڕووی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بوونەتەوە.

لەبەر ئەم هۆکارانە، ناکرێت ئەم سەردانە تەنیا وەک سەردانێکی پرۆتۆکۆڵیی سادە یاخود جووڵەیەکی سیاسیی ئاسایی سەیر بکرێت، بەڵکوو دەبێت وەک هەنگاوێکی ستراتیژیی بنیاتنەر بخوێنرێتەوە؛ کە ئامانجی سەرەکیی بریتییە لە پاراستنی قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغداوە.

لەم سۆنگەیەوە، ئەم پرسیارە جەوهەرییە دێتە پێشەوە: ئایا ئەم هەنگاوە دەستپێکێکە بۆ "کرانەوەیەکی ستراتیژیی نوێ" لەنێوان هەردوو لادا، کە ئامانج لێی داڕشتنەوەی پەیوەندییە فیدراڵییەکان بێت لەسەر بنەمایەکی سەقامگیر، دوای قۆناغەکانی پێشوو کە پڕە لە کێشە و گرفت و ئاڵۆزی.

لەم وتارە هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر هەنگاوەکانی کرانەوەی ستراتیژی لەگەڵ بەغدا.

**لە "ئیدارەدانی کاتیی قەیرانە کەڵەکەبووەکانەوە" بۆ "کرانەوەیەکی ستراتیژیی نوێ"**

پرۆسەی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆککۆماری عێراق، گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراقی گەیاندە لووتکە، بەتایبەتیش لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی "پارتی دیموکراتی کوردستان" لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییە شیعە و سوننەکان لە لایەک و، پەیوەندییەکانی لەگەڵ "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان" لە لایەکی دیکەوە. پەرەسەندنی ئەم گرژییانە، پارتی دیموکراتی کوردستانی گەیاندە ئاستێک کە بڕیار بدات ئەندامانی فراکسیۆنەکەی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بانگهێشت بکاتەوە؛ ئەمەیش بە مەبەستی ڕاوێژپێکردنیان. ئەم پێشهاتانە لە کاتێکدان کە هاوشانی لایەنە شیعە و سوننەکان، نێومالّی کوردیش بە دۆخێکی زۆر ئاڵۆز و نالەباردا تێ دەپەڕێت. سەرەڕای هەموو ئەمانەیش، ئەم دۆخە پڕ لە ململانێیە لە کاتێکدایە کە چەندان پێشهاتی ئەرێنی و ئاماژەی گۆڕانکاری لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی، هەروەها ناوچەکە بەگشتی و عێراق و هەرێمی کوردستانیش بەتایبەتی گرتووەتەوە.

لە هەلومەرجێکی ئاڵۆزی لەم شێوەیەدا، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی سەردانێکی ستراتیژیی گرنگی بۆ بەغدا ئەنجام دا. ئەم سەردانە تەنیا جووڵەیەک و چالاکییەکی سیاسیی ئاسایی نەبوو، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی ستراتیژییەتێکی گشتگیرتر بوو کە ئەم چوار ئامانجە سەرەکییەی دەپێکا: **ڕێگریکردن لە داڕمانی یەکجارەکیی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، کۆنترۆڵکردنی گرژییە سیاسی و میدیاییەکان، پاراستنی هاوسەنگی لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، کەمکردنەوەی مەترسیی گۆڕانی ناکۆکییەکان بۆ پێکدادانی سیاسی یان ئەمنیی کراوە.**

دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆییی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧، ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە ژینگەی سیاسیی هەرێمی و نێودەوڵەتی، ڕێگرە لەوەی کە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی بەغدا ببێتەوە. ئەزموونی ئەو قۆناغە سەلماندی، کە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گشتگیر و ڕاستەوخۆ لەگەڵ

بەغدا، دەرەنجامی نەرێنیی وەک (گۆشەگیرکردنی سیاسی، گوشاری ئابووری، کەمبوونەوەی پاڵپشتیی نێودەوڵەتی، لاوازکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان لەناو هاوکێشەکانی عێراقدا)ی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە پێویستە ستراتیژیی هەرێمی کوردستان لە "**ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسیی ڕاستەوخۆ**"وە بەرەو "**سیاسەتی خۆگونجاندن و بەڕێوەبردنی قەیرانەکان**" بگۆڕدرێت.

لێرەدا ڕۆڵ و هەنگاوەکانی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی بەرجەستە دەبێت و ئەزموونیش سەلماندوویەتی کە کەسایەتییەکی وەک بەڕێزیان، توانای جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتەی هەیە. چونکە بەگشتی گوتارە سیاسییەکانی، بەمە جیا دەکرێنەوە کە ڕەهەندی: (**پراگماتیکی، هێورکردنەوە، دیپلۆماسییەتی نەرم، دوورکەوتنەوە لە گوتاری گرژیئامێز**)یان پێوە دیارە. ئەم تایبەتمەندییانەیش وای کردووە ببێتە کەسایەتییەکی قبووڵکراو لەلایەن هێزە شیعە و سوننەکانی عێراق؛ تەنانەت لە ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستانیشدا ئەمە بووەتە خاڵێکی بەهێز بۆ پاراستن و دروستکردنی هاوسەنگی.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانەی سەرەوە، دەتوانین گرنگیی هەنگاوەکانی کرانەوەی ستراتیژیی ئەم دواییەی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا لەم خاڵانەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

**یەکەم:** جێگیرکردنی بنەمای دیالۆگی سیاسی لە جێگەی گرژی و ئاڵۆزی. سەردانەکە جەخت لەسەر دیالۆگی سیاسیی ڕاستەوخۆ دەکات، کە تا ئێستا دەرکەوتووە ئەم بنەمایە کاریگەرترین و چالاکترین ئامرازە بۆ بەڕێوەبردنی گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا.

سەرەڕای قووڵیی کێشەکانی نێوان هەردوو لا، بەڵام سەردانەکەی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، ئەمەی بۆمان خستە ڕوو کە تەنانەت سەرکردە شیعە و سوننەکان بڕوایان بەوە هەیە کە دەکرێت کێشە و گرفتەکان لە ڕێگەی دانوستاندنەوە چارەسەر بکرێن. بۆ نموونە ئەمینداری گشتیی عەسائیبی ئەهلی هەقی شیعی "قەیس خەزعەلی"، دەربارەی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا، ڕای گەیاند کە ئەم سەردانە هەنگاوێکی باشە و سەرۆکی هەرێمی کوردستان کەسایەتییەکی قبووڵکراوە و، ئەمە نییەتباشیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەخاتە ڕوو؛ هەروەها لێدوانەکانی "موحەممەد حەلبووسی"یش بەنزیکەیی لە هەمان ئاراستەدا بوو.

بۆیە دەتوانین بڵێین، ئەمە بەڵگەیەکی گرنگە بۆ ئەوە کە دەکرێ لەگەڵ سەرسەختترین نەیاردا گفتوگۆ و دانوستاندن بکرێت و ژینگەیەکی ئاوای بۆ ئامادە بکرێت کە بۆچوونە نەرێنییەکانی خۆی دەربارەی هەرێم و کورد و پارتی بگۆڕێت.

**دووەم:** وێناکردنی هەرێمی کوردستان بەوەی کە هاوبەشێکی سەرەکییە لە عێراق. بەهۆی گرژی و ناکۆکییە ناوخۆییەکانی لایەنە کوردستانییەکان، لە قۆناغی ڕابردوودا کورد لە بەغدا زۆر بەلاوازی دەرکەوت و تەنانەت ئەو پۆستانەی کە مافی کوردە، لایەنە شیعەکان بڕیاریان لەبارەوە دا. جا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، سەردانەکەی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی پەیامێکی ڕاستەوخۆ و کاریگەر بوو کە هەرێمی کوردستان تا ئێستایش هاوبەشێکی سەرەکی و ستراتیژییە لە هاوکێشە سیاسییەکەی عێراقدا. هەروەها ئەم هەنگاوە پەیامێکی ڕاستەوخۆیشی لەخۆ گرتووە کە بریتییە لەوەی سەقامگیریی عێراق لە ئاستێکی بەرزدا، بە سروشتی پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغداوە بەستراوەتەوە.

جگە لەمە، جووڵە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی سەرکردایەتیی کورد، بەتایبەتی سەرۆکی هەرێم، ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا، لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی بایکۆتکردن نییە، بەڵکوو لەسەر بنەمای پێگەی هاوبەشی سیاسییە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵی و دەستووریدا.

**سێیەم:** چەسپاندنی دیپلۆماسیەتی ناوخۆیی لە عێراق. هەوڵە دواییەکانی سەرکردایەتیی کورد، بەتایبەتی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کورستان، جەختی لەوە کردەوە بەڕێوەبردنی پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغدا، پێویستی بە ئامرازە دیپلۆماسییە ناوخۆییەکان هەیە کە لەسەر بنەمای دانوستاندن و دیالۆگی بەردەوام بنیات نراوە، نەک لەسەر سیاسەتی فەرزکردنی ئیرادە یاخود هەڕەشە و هێرشە میدیاییەکان.

ئەمەیش بەرەوپێشڤەچوونێکی ڕێژەییە لە سروشتی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان لە ناوخۆی عێراقدا دوای ساڵانێکی زۆر لە گرژیی سیاسی.

**چوارەم:** پاڵپشتیکردن لە [پێکهێنانی حکوومەتی عێراق کە دەست بە ڕیکارە دەستوورییەکانی پێکهێنانی کراوە؛ سەرەڕای ئەوەی ئەم خاڵە گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە و سەردانەکە وا دەرکەوتووە کە تەنیا بۆ ئەم مەبەستە بووە]، بەڵام پێداگریکردن لە بوونی کورد و بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کابینەی داهاتووی حکوومەتی عێراق، پەیامێکی قووڵتر و ستراتیژیتری هەیە کە ئەویش بریتییە لەوەی کە کورد، بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە هاوکێشە نوێیەکەی عێراقدا بوونی هەیە و، لە پێشهاتەکانی عێراق لە چوارچێوەی گۆڕانکارییە هەرێمی و نیودەوڵەتییەکاندا دوور نەکەوتۆتەوە. ئەم پەیامەیش لە ڕێگەی سەردانەکەی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا بەڕوونی و ئاشکرا و ڕاستەوخۆ خراوەتە ڕوو.

**پێنجەم:** هەرێمی کوردستان لە لایەک بەهۆی گەمارۆکانی بەغدا و لە لایەکی دیکەوە بەهۆی پێشهاتە هەرێمییەکانەوە، ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی و ئابووری بووەتەوە؛ بۆیە دەکرێت خوێندنەوە بۆ جووڵە دیپلۆماسییەکانی ئەم دواییەی هەرێم بەو شێوەیە بکرێت کە ئەم هەنگاوانە بەشێکن لە ستراتیژییەتی بەرەنگاربوونەوەی گوشارە ئابووری و سیاسییەکان، بە ئامانجی ڕێگریکردن لە هەوڵەکانی لاوازکردنی قەوارەی دەستووریی هەرێم. ئەم ستراتیژییەیش لە ڕێگەی دووبارە ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا بە شێوەیەکی پراگماتیکی و نواندنی نەرمیی زیاتر جێبەجێ دەکرێت.

## کۆبەند

پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا، بەتایبەتی لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠١٣وە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕووی لە خراپی کردووە و ماوەیش ماوەیش گەیشتۆتە بنبەست. بەڵام جووڵەی ئەم دواییەی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، گوزارشت لە تێپەڕینێکی هەنگاو بە هەنگاو دەکات لە سیاسەتێکەوە کە لەسەر بنەمای "بەڕێوەبردنی قەیرانەکان دوای ڕوودانیان"، بەرەو سیاسەتێک کە ئامانجی "**ڕێگریکردنە لە تەقینەوەی دۆخەکە بەر لە ڕوودانی**" لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی **دیپلۆماسییەتی ناوخۆ، دیالۆگی سیاسی، بەڕێوەبردنی هاوسەنگییەکان، پراگماتیکی ستراتیژی**.

هەروەها لە هەنگاوەکانی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەتایبەتی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی،

ئەوەی لێ تێ دەگەین کەوا پاراستنی هەرێمی کوردستان تەنیا پشت بە نفووزی ناوخۆیی نابەستێت، بەڵکوو لە هەمان کاتدا پشت بە تواناکانی لەسەر پاراستنی پەیوەندییەکی **بەردەوام لەگەڵ بەغدا، بەڕێوەبردنی تۆڕێک لە هاوپەیمانییەتی لەسەر ئاستی عێراق، کەمکردنەوەی گرژی و ئاڵۆزییەکان لەگەڵ هێزە شیعەکان، پاراستنی هاوسەنگی لەگەڵ هێزە سوننەکان و، ڕێگریکردن لە پەراوێزخستنی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا دەبەستێت.**

لەم سۆنگەیەوە، لە ڕووی ستراتیژییەوە گرنگیی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ بەغدا تەنیا لە ڕووی تاوتوێکردنی دۆسیە هەڵپەسێردراو و ڕاستەوخۆکانی وەکوو (مووچە، بوودجەی گشتی، نەوت و غاز، هەماهەنگیی ئەمنی) گرنگ نییە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا گرنگییەکەی لەوەدایە کە ئەمە هەوڵێکە بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لە چوارچێوەی لۆژیکێکی نوێ کە لەسەر "هاوبەشیی پێویست" بنیات نراوە لەجیاتی "پێکەوەژیانی ناجێگیر و کاتی".

لە ئەنجامدا دەتوانین ئەوە بڵێین، کەوا سەردانەکەی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا تەنیا هەوڵێک نەبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی کاتی و لەناکاو، بەڵکوو دەربڕینێکە لە قۆناغێکی سیاسیی نوێ، کە تێیدا سەرکردایەتیی کورد هەوڵ دەدات بۆ دووبارە چەسپاندنەوەی پێگەی خۆی لە چوارچێوەی هاوکێشە سیاسییەکانی عێراقدا لەژێر ڕۆشنایی (**واقعبینیی سیاسی، بەڕێوەبردنی هاوسەنگییەکان، پاراستنی سەقامگیری**) لەجیاتی ڕووبەڕووبوونەوە و ململانێی ڕاستەوخۆ.

---

# لێکەوتەکانی جەنگی ئێران و ئەمریکا لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان

**لێکەوتەکانی جەنگی ئێران و ئەمریکا لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان**

پ. ی. د. هیوا مەجید خەلیل، دکتۆرا لە گەشەسەندنی سیاسی/زانکۆی بەنگۆر

**پێشەکی**

بۆ جاری دووەم، لە کەمتر لە ساڵێکدا، هێرشە کتوپڕەکەی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ سەر ئێران لە ڕێکەوتی ٢٨/٢/٢٠٢٦ کە پتر لە پێنج هەفتەی خایاند، ناکرێ وەک جەنگێک هەژمار بکرێت کە تەنیا لێکەوتەی لەسەر کۆی گشتیی کەرتەکانی ئێرانی دەبێت، بەڵکوو ئەم جەنگە دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەستی دوولایەنەی نێوان ئەمریکا و ئێران، لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، لێکەوتەکانی، بەتایبەت لەسەر کەرتی وزە، دارایی، ئابووری و کشتوکاڵی دەوڵەتانی دەرەوەی ئەم جەنگە، بەردەوامە. عێراق و هەرێمی کوردستانیش

به حوکمی ئەوەی کە درواسێی ئێرانن، لە لێکەوتەکانی ئەم جەنگە، چ لە کورتخایەن و چ لە دوورمەودادا بێبەش نابن. لەم گوتارەدا تیشک دەخرێتە سەر ڕەنگدانەوەی ئەم جەنگە لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان.

**یەکەم، لێکەوتەکانی ئەم جەنگە لەسەر عێراق**

▪ لێکەوتە ئابوورییەکان:

بەپێی داتاکان، سەرووی ٪۹۰ داهاتی عێراق پشت بە کەرتی هەناردەکردنی نەوت دەبەستێت. ئەم جەنگە بووە هۆی داخستنی گەرووی هورمز. ئەگەرچی تاران لە سەرەتای جەنگەوە ڕای گەیاند کە وڵاتانی دۆست، لەنێویشیاندا عێراق، دەتوانن نەوتەکەیان لە ڕێگەی گەرووی هورمزەوە هەناردە بکەن، بەڵام لەسەر ئەرزی واقع وەها دەرنەچوو؛ هەر بۆیەش عێراق هەوڵی دا لە ڕێگەی سووریا و هەرێمی کوردستانەوە بەشێک لە هەناردەکردنی نەوتەکەی قەرەبوو بکاتەوە. بەڵام ئەو بۆڕییەی کە لە هەرێمی کوردستانەوە نەوت دەگوازێتەوە، لە ئێستادا تەنیا توانای گواستنەوەی ۲۵۰ هەزار بەرمیل لە یەک ڕۆژدا هەیە. ئەو نەوتەی کە بە سووریا لە ڕێگەی تەنکەرەوە هەناردە دەبێت، ٪۱۵–۲۰ی داهاتەکەی بۆ بەهای گواستنەوە دەچێت، جیا لەو پارەیەی کە دەبێ بۆ ترانزیت بە حکوومەتی دیمەشق بدرێت و تەنانەت نەوتەکە لەژێر نرخی ستاندەردی جیهانییەوە بفرۆشرێت.

بەپێی داتاکان، ڕۆژانە عێراق نزیکەی ٤۳۰ ملیۆن دۆلار بەهۆی داخستنی گەرووی هورمز تەنیا لە هەناردەکردنی نەوت زیان دەکات[1]. داخستنی گەرووی هورمز بووە هۆی ئەوەی کە عێراق نەتوانێت ڕۆژانە پتر لە یەک ملیۆن و نیو بەرمیل لە بەسرەوە هەناردە بکات[2]. ئەمەیش بە واتای کورتهێنانی بوودجەی عێراق بۆ ساڵی ۲۰۲٦ دێت.

بە واتایەکی تر ئەگەر دۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت، بەغدا دەتوانێت تەنیا مووچەی فەرمانبەرەکانی دابین بکات و کەرتە خزمەتگوزارییەکان پەک دەکەون. ئەگەرچی عێراق باس لەوە دەکات کە لە سەرەتای ساڵی ۲۰۲٦ نزیکەی ۹۷ ملیار دۆلار وەک نەختینەی یەدەکی هەیە[3]، بەڵام دەوڵەت ناتوانێت بەبێ بوونی نەختینە پاڵپشتیی بەهێزی دراوەکەی بکات، گەشە بە کەرتی ئابوورییەکەی بدات. ئەمەو سەرەڕای پەککەوتنی کەرتەکانی تری داهات بۆ عێراق؛ بۆ نموونە، نەمانی داهاتی کەرتی فڕۆکەوانی کە عێراق لە سەرتاسەری جەنگەکەدا ئاسمانەکەی بەڕووی فڕۆکە مەدەنییەکان دابخرێت. زیاد لەمەیش هەر لە سەرەتای جەنگەوە، نرخی کاڵا سەرەتایی و خۆراکییەکان لە عێراق بە ڕێژەی ٪۱۵–۲۵ بەرز بووەتەوە[4]. ئەمەیش چەند گرفتی سەرەکی لە ڕووی ئابوورییەوە بۆ عێراق دروست دەکات:

یەکەم، بەهای دراوی دینار و داهاتی عێراق دادەبەزێت.

دووەم، بەهای کاڵاکان بەرز دەبێتەوە؛ بەتایبەت کە نزیکەی ٪۹۰ هاوردەی کاڵای خۆراکی، پەینی کیمیایی بۆ کشتوکاڵ و، دەرمان بۆ نەخۆشخانەکان لە گەرووی هورمزەوە هاوردە دەکرێت.

سێیەم، بەرفراوانبوونی ڕێژەی بێکاری و هەژاری.

ئەم گرفتانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە نایەکسانی لەنێوان ئاستی داهاتی تاکەسی و ئاستی بژێوی ژیان سەر

هەڵبدات؛ واتە هاووڵاتی نەتوانێت بەئاسانی پێداویستییە سەرەکییەکانی دابین بکات. بۆ نموونە، بەهای فەرمیی سەد دۆلار لە بانکی ناوەندیی عێراق بە ١٣٢ هەزر دینار دیاری کراوە، کەچی لە ئێستادا بەهای سەد دۆلار لە بازاڕەکان سەرووی ١٥٥ هەزار دینارە. خودی ئەمەیش گرفتێکی تری بۆ بازاڕ و کاری بازرگانی دروست کردووە، کە جۆرێک لە بازاڕی ڕەشی لە سەرتاسەری عێراق بەرهەم هێناوە.

لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین کە ئەگەر قەیرانی داخستنی گەرووی هورمز و هەناردەنەکردنی نەوتی عێراق بەردەوام بێت، دەبێ چاوەڕوانی بەرزبوونەوەی ئاستی بێکاری و ڕێژەی هەژاری لە عێراق بکەین. لێکەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم نایەکسانییەیش، واتە تێکچوونی نەزمی کۆمەڵایەتی و ناسەقامگیریی سیاسی بەهۆی بچووکبوونەوەی سفرەی هاووڵاتیی عێراقی.

▪ لێکەوتەی سیاسی:

یەکەمین لێکەوتەی سیاسیی ئەم جەنگە بریتی بوو لەوەی کە بەپێچەوانەی جەنگی ١٢ ڕۆژەی نێوان ئێران و ئیسرائیل، ئەم جارە عێراق لە دەرەوەی مەیدانی جەنگ نەبوو، بەڵکوو گرووپە چەکدارەکانی عێراق، لە ڕێگەی هێرشی درۆنییەوە بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی ئەمریکا، بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان، بەشدارییەکی کارایان لە جەنگەکەدا کرد.

ئەم جەنگە ئەوەی خستە ڕوو کە هەر گۆڕانکارییەک لە ئێران ڕوو بدات، چ بە ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی، کاریگەری لەسەر عێراق دروست دەکات. ئەگەرچی حکوومەتی بەغدا چەندان جار بەیاننامەی دەرکرد کە عێراق بەشێک نییە لەم جەنگە، بەڵام گرووپە چەکدارەکان ئەمەیان سەلماند کە حکوومەتی بەغدا، توانای کۆنترۆڵکردنی هێزە چەکدارەکانی نییە؛ کەچی خودی ئەم هێزە چەکدارانە باڵی سەربازیی ئەو لایەنە سیاسییانەن کە چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە پێک دێنن و خودی چوارچێوەی هەماهەنگییش پێکهێنەری سەرەکیی حکوومەتە.

ئەم جەنگە ئەوەی سەلماند کە لە عێراقدا چەندان حکوومەت لەناو یەک دەوڵەتدا حوکمڕانی دەکەن و لە حکوومەتە فەرمییەکەی بەغدا بەهێزتریشن. ئەم حکوومەتە هاوتەریبانە (الحكومات الموازية) دواجار هەم لە ڕووی پەیوەندییە هەرێمییەکان و هەمیش لە ئاستی نێودەوڵەتی، دەبنە هۆی لاوازکردنی حکوومەتی فەرمیی بەغدا و ئەگەری تێکچوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە ئەگەرێکی بەهێزە. بۆ نموونە، هەر لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگەکە گشت وڵاتانی کەنداو ناڕەزایەتییان لەهەمبەر حکوومەتی بەغدا دەربڕی و داوایان کرد کە حکوومەتی بەغدا ڕێگری لە کردەوە دوژمنکارییەکانی گرووپە چەکدارەکانی عێراق بکات.

لە لایەکی ترەوە خودی ئەمریکاش ئەم ناڕەزایەتییەی حکوومەتی واشنتۆنی گەیاندە بەغدا. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە کاریگەریی بەسەر گشت کەرتە سیاسی، ئەمنی، ئابووری، سەربازی و داراییی عێراقدا هەیە، کەچی لە میانەی ئەم جەنگەدا چەندان جار هێرشی کرده سەر بارەگاکانی حەشدی شەعبی. دەکرێ ئەم کردەوانە سەرتایەک بن بۆ تێکچوونی پەیوەندییەکانی بەغدا لەگەڵ جیهانی دەرەوە کە دواجار ناسەقامگیریی عێراقی لێ دەکەوێتەوە.

جەنگی ئەمریکا و ئێران، دەرخەری ئەوە بوو کە عێراق نە توانای پاراستنی سەروەری و سەقامگیریی ناوخۆیی هەیە و نە دەرەکی، بەڵکوو ئەمە تارانە کە نەخشەی سیاسی و سەربازیی عێراق دادەڕێژێت[5].

بەڵام پرسیارە قورسەکە ئەوەیە کە، ئایا بەغدا دەتوانێت لەهەمبەر گوشارەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لە پاڵپشتیکردنی ئێران بەردەوام بێت؟

دووەمین لێکەوتەی سیاسیی ئەم جەنگە، هەڵبەز و دابەزینە لەنێوان پەراوێزخستن و لەخۆگرتنی سیاسیی عێراق. واتە، عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و بە نەمانی ڕژێمی بەعس، کە لە ڕێگەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییەوە ئەم ڕژێمە ڕووخا، وێنای ئەوە دەکرا کە عێراق بگەڕێتەوە نێو باوەشی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەڵام ئەم وێناکردنە هەڵە دەرچوو و عێراق کەوتە ژێر هەژموونی تاران؛ کە خودی تارانیش بەدەست پەراوێزخستنی نێودەوڵەتی، بەتایبەت لەلایەن کۆمەڵگە سیاسییەکانی ڕۆژاواوە دەیناڵاند. بە واتایەکی تر، بەغدا کەوتە باوشی دەوڵەتێکی پەراوێزخراو کە ئەویش ئێران بوو؛ واتە دوو جار عێراق تووشی پەراوێزخستن بۆتەوە.

ئەگەرچی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بە درێژاییی ئەم ساڵانە، هەوڵیان داوە کە پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ پەرە پێ بدەن، بەڵام تا ئێستا بەهۆی هەژموونی تاران بەسەر عێراق و هەبوونی کێشە لەنێوان تاران و زۆربەی دەوڵەتانی دراوسێی عێراق، بەغدا نەیتوانیوە سیاسەتێکی سەرکەوتووانەی دراوسێتیی باش و هاوسەنگ پەیڕەو بکات.

ئەگەرچی لە دوای هۆشدارییە توندەکانی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ بۆ حکوومەتی بەغدا، بەغدا هەوڵی داوە پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی لەگەڵ وڵاتانی تر فرەڕەهەند و فرەسەرچاوە بکات، بەڵام دەکرێت بڵێین قورساییی میلیشیاکان، هەژموونی تاران و ئایدیۆلۆژیای "بەرەی موقاوەمە" بەربەستی سەرەکین لەبەردەم حکوومەتی بەغدا بۆ فرەسەرچاوەکردنی پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوە. هەر بۆیەش هەر لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە، بەغدا بەدەست کێشەزایی لەخۆگرتن و پەراوێزخستنی سیاسییەوە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەناڵێنێت.

دەکرێت دوای جەنگی ئەمریکا و ئیسرائیل لە دژی ئێران، پرۆسەی پەراوێزخستنی عێراق توندتر بکرێت، ئەگەر بێت و بەغدا گوێ بۆ داواکارییەکانی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ نەگرێت؛ بۆ نموونە هەر لە دوای ئەم جەنگە، واشنتۆن ناوی حەفت سەرکردەی حەشدی شەعبیی خستە ناو لیستی ڕەشەوە، یاخود ڕێگەی نەدا نووری مالیکی ببێتەوە سەرۆکوەزیرانی عێراق[6]؛ تەنانەت ئەگەری هەیە لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق تا کۆتاییی سێپتەمبەری ٢٠٢٦، هێرشی ئاسمانیی ئەمریکا بۆسەر بنکە و بارەگاکانی حەشدی شەعبی بەرفراوانتر بێت و ئەگەر میلیشیاکانی حەشدی شەعبی وەک ئێستا ببنە سەرچاوەی پەیداکردنی دۆلار بۆ ئێران، دوور نییە بانکی ناوەندیی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە گەمارۆی بخرێتە سەر. ئەمەیش بە واتای داتەپینی تەواوەتیی سیستەمی ئابووری و سیاسیی عێراق دێت.

سێیەم، لە ناوخۆی عێراق، چوارچێوەی هەماهەنگی، کە پێکهێنەری سەرەکیی حکوومەتە، تووشی دووڕییانێکی قورس بووە، کە ئایا پاڵپشتی لە ئێران بکات و دژی ئەمریکا بوەستێتەوە یاخود لە جەنگەکە تێوە نەگلێت و خۆی لە سزا و هێرشەکانی ئەمریکا بپارێزێت، کە دواجار لە ئاستی حکوومییەوە بڕیاری بێلایەنیی لە جەنگەکەی دەرکرد. ڕاستییەکەی، لە ئێستادا چوارچێوەی هەماهەنگی خوازیار نییە عێراق بچێتە ناو هەر جۆرە ناکۆکییەکی نێوان ئێران-ئەمریکا و ئێران-ئیسرائیل، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی داتەپینی بەهای دیناری عێراقی و تەنانەت بلۆککردنی پارەکانی عێراق لە ئەمریکا (بۆ نموونە لە دوای ئاگربەست،

واشنتۆن نیو ملیار دۆلار پارەی عێراقی بلۆک کرد) یاخود ڕێگەنەدان بە عێراق کە چیتر گاز لە ئێران بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە عێراق هاوردە نەکات. بۆیە ئەگەر دۆخی عێراق لێک بدەینەوە، بەم دەرەنجامە دەگەین کە بەغدا لەنێوان چەکوشی ئەمریکا و بزماری ئێران گیری خواردووە، کەچی دەسەڵاتی حکوومەت بەسەر حەشدی شەعبی ناشکێتەوە و ئەمریکاش داوای هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی دەکات.

ئەم دۆخە وا لە عێراق دەکات بیر لە تێکەڵکردنی حەشدی شەعبی لەگەڵ سوپای عێراق بکاتەوە تا هەم ئەمریکا و هەمیش ئێران ڕازی بکات. هەر بۆیەش لە دوای ئەم دۆخە، ئەگەری زۆرە حەشدی شەعبی ببێتە بەشێک لە سوپای عێراق بەڵام بە هەمان پەیکەر و پێکهاتە و، وەک هێزێکی سیاسی بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق بکات.

▪ لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکان:

جەنگی ئەمریکا_ئیسرائیل لە دژی ئێران، بووە هۆی ئەوەی کە شەقامی سیاسیی عێراقی، بەتایبەت شەقامی شیعە، بەسەر دوو بەرەدا دابەش ببێت: بەرەیەک دژی ئەمریکا وەستانەوە و پشتیوانییان لە تاران دەکرد و بەرەیەکیش هاوپەیمانی ئەمریکا نەبوون بەڵام پشتیوانیی ئێرانیشیان نەکرد و داوایان کرد کە عێراق خۆی لە تێوەگلان لە جەنگەکە بەدوور بگرێت. تەنانەت هەرێمی کوردستانیش ڕای گەیاند کە بەشێک نییە لە جەنگەکە. لە ئاست شەقامی شیعە، "موقتەدا سەدر" داوای کرد کە عێراق نەبێتە بەشێک لە جەنگەکە و "عەلی سیستانی"، گەورە مەرجەعی شیعەیش، داوای کرد کە لە ڕێگەی گفتوگۆ و بەرمەبنای یاسای نێودەوڵەتی کێشەکان چارەسەر بکرێت.

ئەم دوو ئاراستە سیاسییە، دواجار ڕەنگدانەوەی لەسەر بیرکردنەوەی باوی کۆمەڵگەیش دەبێت، چونکە تا ئێستا حزبە سیاسییەکان لە عێراق، حزبی جەماوەرین و هەر جۆرە هەڵوێستێکی سیاسیی سەرکردەکان کاریگەری لەسەر لایەنگرەکانیشی دروست دەکات؛ بۆیە ئەم جەنگە سەرەتایەک بوو بۆ لێکترازانی کۆمەڵایەتی لە عێراق، بەتایبەت لە ناوماڵی شیعە کە ڕەوتێک زۆرتر پابەندیی شیعەگەرایی_عێراقچێتییە، ڕەوتێکیش پابەندی شیعەگەرایی_ناوچەگەراییە (واتە ئەوەی کە بە بەرەی موقاوەمە دەناسرێت).

ئەمە بەو مانایە دێت کە ئەگەری هەیە لە خولەکانی داهاتووی هەڵبژاردن، ئەو دروشمانە زۆرتر باو بن کە خزمەت بە عێراق بکات وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ، نەک خزمەت بە ئایدیۆلۆژیا؛ چونکە ئەگەر لە کابینەی ڕابردوو ورد ببینەوە، دەبینین ئەوەی کە بووە هۆی سەرخستنی لیستی "محەمەد شیاع سوودانی" بریتی بوو لە دابینکردنی ئەو ئاستە خزمەتگوزارییەی کە بۆ عێراق دابینی کرد، جا چ کەم بێت یاخود زۆر. هەر بۆیەش ناوی لیستەکەی بریتی بوو لە "گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە".

**دووەم، لێکەوتەکانی جەنگەکە لەسەر هەرێمی کوردستان**

ئەو لێکەوتانەی کە لەسەرەوە لەسەر عێراق باسمان کرد، بەزیادەوە لەسەر هەرێمی کوردستان دەکەوێتەوە، چونکە هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە بەشێکە لە عێراق و کار بە دیناری عێراقی دەکات. بۆ نموونە هەر گەمارۆیەکی ئابووری کە بەسەر عێراقدا بسەپێنرێت، هەرێمی کوردستانیش چونکە بەشێکە لە عێراق، لێکەوتەی نەرێنیی بەسەر ئەویشدا دەبێت.

له لایەکی ترەوە ئەگەری ئەوە هەیە هەمدیس بەغداش هەرێمی کوردستان گەمارۆ بدات. واتە ئەگەر دۆخی ئابووریی عێراق لاواز بێت، بەغدا زۆر بەئاسانی دەتوانێت بیانوو بە هەرێمی کوردستان بگرێت و بۆ ئەوەی کە بتوانێت مووچەی فەرمانبەرانی سەربازی و مەدەنیی خۆی دابین بکات، مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان ببڕێت. کەواتە لە ڕووی بژێوی ژیانەوە، هەرێمی کوردستان گرێدراوە بە جۆری ئەو سیاسەتەی کە بەغدا لەگەڵ جیهانی دەرەوە پەیڕەوی دەکات کە ئایا سیاسەتێکی عەقڵانی و بنیاتنەری نیشتمان دەبێت یاخود سیاسەتێکی سەر بە بەرەی موقاوەمە؟

له لایەکی دیکەوە، گوتاری "کوردستان ئیسرائیلی دووەمە"، لە ئێران و عێراق، لەلایەن زۆربەی نوخبەی سیاسییەوە، گوتارێکی باوە. ئەم گوتارە پاساوێکی باشە بۆ هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستان و لە میانەی جەنگی ئەمریکا و ئیسرائیل ئەم گوتارە زۆر بەزەقی لە لێدوانی بەرپرسانی ئێران و فەرماندەکانی حەشدی شەعبی دووبارە دەکرایەوە؛ وەک پاساودانێک بۆ هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستان. دەکرێت ئەم بیانوو ساختەیە، بۆ گرووپە چەکدارەکانی سەر بە حەشدی شەعبی، بیانوویەکی بەهێزیش بێت، چونکە پەرلەمانی بەغدا لە ساڵی ٢٠٢٢، یاسای ژمارە ١ی دەرکرد، کە ڕێگری لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئیسرائیل دەکات و ڕێگەیش بە هیچ تاک، ڕێکخراو و حکوومەت و لایەنێکی سیاسی لە عێراق نادات کە هیچ جۆرە پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئیسرائیلدا هەبێت[7]. زۆر بەئاسانی گرووپە میلیشیاکانی عێراق بە بیانووی هەبوونی بنکە و بارەگاکانی مۆساد لە هەرێمی کوردستان یاخود دژایەتیکردنی بنکە و بارەگاکانی ئەمریکا، هێرشی بەردەوام بکەنە سەر هەرێمی کوردستان؛ خودی تارانیش لە دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەستی نێوان ئەمریکا و ئێران، بەردەوامە لە هێرشی درۆنی بۆ سەر هەرێمی کوردستان و بەتایبەت کەمپەکانی تایبەت بە خێزانی حزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان.

به واتایەکی تر، چاوەڕوان دەکرێت کە تەنانەت لە دوای گەیشتن بە ڕێککەوتنی ئاگربەست لەنێوان ئێران و ئەمریکا، تاران بەردەوام بێت لە هێرشە ئاسمانییەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان، چونکە لە ئێستادا تاران، هەرێمی کوردستان وەک هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی خۆی هەژمار دەکات.

لێکەوتەیەکی تری ئەم جەنگە لەسەر هەرێمی کوردستان، دەکرێ بریتی بێت لە قووڵکردنەوەی ناکۆکی و ململانێکان لەنێوان حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان. ئاشکرایە کە "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان" کە ناوچەی دەستڕۆیشتوویی (نفووز)ی بەرفراوانی هەیە، پەیوەندیی باشتری لەگەڵ لایەنە شیعەکانی عێراق و گرووپەکانی سەر بە حەشدی شەعبی، وەک بابلیۆن و ئەسحابی ئەهلی هەقی سەر بە قەیس خەزعەلی و تاران هەیە؛ بۆیە دەکرێت بۆ گوشارخستنە سەر "پارتی دیموکراتی کوردستان"، ئەم لایەنانە و تاران گوشار بخەنە سەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئەوەی کە ناکۆکییەکانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان قووڵتر بکاتەوە، چونکە لە ئێستادا لەنێوان ئەم دوو حزبە سیاسییە، ناکۆکیی قووڵ لەسەر چۆنێتیی بەشداریکردن لە بەغدا و پێکهێنانی کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا لە ئارادایە. بۆیە چاوەڕوان دەکرێت یەکێک لە لێکەوتەکانی جەنگی ئێران و ئەمریکا، لێکترازانی زۆرتری سیاسی بێت لە هەرێمی کوردستان؛ بە واتایەکی تر، ئیدارەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان تووشی قەیران ببێتەوە.

**کۆبەند**

ئەم جەنگە بووە هۆی تەواوەتیی گۆڕانی هاوکێشەی هێز لە ناوچەکە و  بۆ ئەوەی کە هەرێمی کوردستان بە

کەمترین تێچوو لەم دۆخە دەرباز بێت، باشترە پەیوەندییەکانی لەگەڵ پایتەختی وڵاتانی ناوچەکە هاوسەنگ و فرەڕەهەند بکات، چونکە لە ئێستادا پەیوەندییەکانی تاران لەگەڵ زۆربەی وڵاتان، جیا لە بەغدا، تا ڕاددەیەکی زۆر تێک چووە و ئێرانیش دەزانێت کە دۆخی ناوچەکە بەتەواوەتی لە کۆنترۆڵی دەرچووە. بۆیە ئێران زۆرتر کار لەسەر عێراق دەکات وەک باڵانسی هێز لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە. بۆیە بۆ لێکنزیکبوونەوەی شیعە و کورد، ئێرانیش یارمەتیدەر دەبێت؛ چونکە هەرێمی کوردستانی بەهێز و هەماهەنگ لەگەڵ بەغدا، زۆر بەسوودترە بۆ ئێران بە بەراورد لەگەڵ بەغدایەکی لاواز.

زیاد لەمەیش سیاسەتی ئێستای ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ زۆرتر مامەڵەکردنە لەگەڵ دەوڵەت نەک ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان؛ بۆیە گرنگە هەرێمی کوردستان ڕەچاوی ئەم خاڵە بکات. بەڵام ئەمەیش بەو مانایە نایەت کە ئیدارەی ترەمپ ئەولەوییەت بە بەغدایەکی ژێر هەژموونی تاران بدات نەک حکوومەتێکی هەرێمی کوردستانی یەکگرتوو و بەهێز و هاوڕا لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا.


[1] MUFLIH HIDAYAT, **ON APRIL 7, 2026, Iraq's Hormuz Oil Export Crisis: Strategic Vulnerability Analysis,** **https://discoveryalert.com.au/iraq-oil-export-crisis-2026-geopolitical-chokepoints/**

[2] Abdurahmonov, Asilbek, THE ECONOMIC IMPACT OF CONFLICT AGAINST IRAN: Sanctions, Military Escalation, and the Global Economy (March 09, 2026). Available at SSRN: https://ssrn.com/abstract=6377738 or http://dx.doi.org/10.2139/ssrn.6377738

[3] , Reuters S&P places Iraq at risk of downgrade as Hormuz shutdown hurts oil output, March 18, 202612:46 AM GMT+3Updated March 18, 2026. https://www.reuters.com/world/middle-east/sp-places-iraq-risk-downgrade-hormuz-shutdown-hurts-oil-output-2026-03-17/

[4]تعقيدات المشهد العراقي: خنق صادرات النفط وتصاعد الغلاء، **اقتصاد عربي**، https://www.alaraby.co.uk/economy/%D8%AA%D8%B9%D9%82%D9%8A%D8%AF%D8%A7%D8%AA-%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%B4%D9%87%D8%AF-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82%D9%8A-%D8%AE%D9%86%D9%82-%D8%B5%D8%A7%D8%AF%D8%B1%D8%A7%D8%AA-%D8%A7%D9%84%D9%86%D9%81%D8%B7-%D9%88%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D8%B9%D8%AF-%D8%A7%D9%84%D8%BA%D9%84%D8%A7%D8%A1

[5] By Bilgay Duman, April 22, 2026, **Where Is the Israel/US–Iran War**

**Dragging Iraq?**
**https://politicstoday.org/where-is-the-israel-us-iran-war-dragging-iraq/**

[6] K24, Iraq's Coordination Framework Deadlocked as U.S. Sanctions Reshape Political Calculations, 18/4/2026,
https://www.kurdistan24.net/en/story/908856/iraqs-coordination-framework-deadlocked-as-us-sanctions-reshape-political-calculations

[7] بڕوانه الوقايع العراقية، العدد ٤٦٨٠، تجريم التطبيع مع الكيان الصهيوني
https://www.moj.gov.iq/upload/pdf/4680.pdf